# رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 527 پێنجشەممە 6/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.527 Thu 6/ 8/ 2009







# نەتەوەیەکگرتووەکان داوای پێداچوونەوە بە دەستووری هەرێمدا دەکات

شالاو فەتاح

سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بە دەستووری هەرێمدا بچێتەوە، چونکە هەندێک برگەی تێدایە «مەترسی دروستبوونی ململانێی لێدەکرێت».

لە وێبسایتی رەسمیی نەتەوەیەکگرتووەکان و لە دوایەمین راپۆرتیاندا دەربارەی عێراق، بان کی مون، سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ «ئارامکردنەوەی دۆخی عێراق و راگرتنی ئاسایش» داوا لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم دەکات کە پێداچوونەوە بەگشت مادەکانی دەستووری هەرێمدا بکەن، چونکە هەندێک مادەی تێدایە لەسەر دیاریکردنی سنووری هەرێم کە «کاریگەریی دەبێت بۆ سەر دۆخی ئەمنیی عێراق»و هیچ بریارێکی پێشینەش لە بارەی کەرکوکەوە نەدەن و هەنگاوی یەکلایەنە نەنێن.

هەر لە راپۆرتەکەی (UN)دا، نوێنەری نوێی نەتەوەیەکگرتووەکان، عێراقییەکان لە ئەگەری روودانی توندوتیژیی ئاگاداردەکاتەوەو داوا لە هێزەکانی پاراستنی ئاسایشی عێراقیش دەکات کە بەرپرسیارێتییەکان لەدژی هەرەشە دەرەکیی و ناوەکییەکان لە ئەستۆ بگرن، چونکە «مەترسی بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژیی هەیە».

هەروەها لەراپۆرتەکەدا هاتووە: رۆڵی UN لە کێشەی کەرکوکدا «رۆڵێکی بێلایەن»انەیە بۆ یارمەتیدانی نەتەوە جیاوازەکانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو شارە، کە بەهۆی سازشنەکردنی نەتەوە جیاوازەکانی عێراق لەسەری، بە گەورەترین کێشەی ئێستای عێراق دادەنرێت.

دەستووری کوردستان کەرکوکو هەندێک ناوچەی دیکەی جێناکۆکی وەک بەشێک لە هەرێمی کوردستان ناوزەدکردبوو، بە بڕوای بان کی مون ئەمەش نارەزایەتییەکی زۆری دروستکردو لەژێر کاریگەریی فشاری ئەمریکاداو لەگەڵ نارەزایی ناوخۆ بۆ هەندێک برگەی دیکە، وایکرد دەنگدان لەسەر دەستووری هەرێم دوابخرێت بۆ کاتێکی نادیار.



بان کی مون، سکرتێری گشتی UN

## هیچ رێکەوتنێکی نووسراو لەنێوان چوار حیزبەکەدا نییە

رۆژنامە

تائێستا هیچ رێکەوتنێکی نووسراو لەسەر چۆنێتی بەشداریکردن لە حکومەت و بەشکردنی پشکەکانیان لە حکومەتدا لەنێوان چوار حیزبەکەدا نییەو سکرتێری حیزبێکیشیان بۆ «بوونی سیقە» لەنێوانیاندا دەگەڕێنێتەوە.

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند، لە راستیدا پرۆتۆکۆڵ لەنێوان ئەو لایەنانەدایە کە متمانەیان بەیەکتر نییە، رەنگە ئەو چوار حیزبە کۆمەڵێک ئیلتیزامی ئەخلاقیی و هاوپەیمانییان لەنێواندا هەبێت لە پرۆتۆکۆڵ بەهێزتربێت، بەڵام دووریش نییە لە داهاتوودا پرۆتۆکۆڵ بکرێت.

هاوکات هادی عەلی، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: وەک ئەو چوار حیزبە رێکەوتن لەنێوانماندا هەیە بۆ ئەم خولە پەرلەمانییە هاوپەیمانی یەکتر بین و یەک کوتلە بین، بەڵام تائێستا پرۆتۆکۆڵ لەنێوانماندا نییەو قسەمان لەسەر ئەوە نەکردووە، وتیشی: «پرۆتۆکۆڵ لەنێوان ئەو چوار حیزبەدا ئەستەم نییە، بەڵام کارێکی ئاسان نییەو کاتی دەوێت، چونکە هەر حیزبەو تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەگەر هەر شتێکیش رووبدات ئەوە وەکو دەوترێت، (بۆ هەموو رووداوێک وتەیەک)».

سەبارەت بە بەهێزبوونی ئۆپۆزسیۆن و دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا کە دەقەکەی لە لاپەڕە (٤)دایە، محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت: بێگومان ئۆپۆزسیۆن لەم هەڵبژادنەدا پێگەی خۆی سەلماندو پێمانوایە دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ لە پەرلەمان ببینێت، برواشی وایە، ئۆپۆزسیۆن لە سەرەتاوە کۆمەڵێک کاری گرنگی دەکەوێتە ئەستۆ، لەوانەش، وەرگرتنەوەی هێزە ئەمنییەکان لە حیزب و مەسەلەی بودجە، دەستوور، دەبێت ئۆپۆزسیۆن پێی لەسەر ئەم مەسەلانە دابگرێت و پەرلەمانی داهاتوو ببێتە پەرلەمانێکی کاراو ببێتە جێی ئومێدی خەڵکی کوردستان.






## داوای بە رەسمیی ناساندنی زمانی تورکی لە هەرێم دەکرێت

کەرکوک ، ئارام جەمال

لەبەرامبەر بەشداریکردنی هاوڵاتیانی تورکمان لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، پارتێکی تورکمانی داوادەکات زمانی تورکی لەپاڵ زمانی کوردیدا بە رەسمیی بناسرێت و لە نووسراوی رەسمیی و فەرمانگە حکومییەکانی هەرێمدا بەکاربهێنرێت.

جەمال شان، سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک و کفری و چەند ناوچەیەکی دیکەی هەرێمی کوردستانی عێراق، نەتەوەی تورکمان لەگەڵ نەتەوەی کورددا دەژین و لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا بەشداریی کارایان کردو لەبەرامبەر ئەوەدا پێویستە دەسەڵاتدارانی کورد دان بەمافی تورکمانەکاندا بنێن و وەک هەنگاوی یەکەم زمانی تورکی زمانی رەسمیی بێت لەهەرێمی کوردستاندا لەپاڵ زمانی کوردیدا».

لەبارەی ئەوەی ئەوان تورکمانن و تورکمانیش زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆچی داوای زمانی تورکی دەکەن؟ شان وتی: «زمانی تورکمان بەشێکە لە زمانی تورکیی و زمانی تورکی بەوپێیەی زمانی رۆشنبیریی و ستانداردی تورکمان و تورکە، پێویستە ئەو زمانە بەکاربهێنرێت، نەک زمانی تورکمانی».

سەرۆکی پارتی نیشتمانی تورکمان داواشی لە پەرلەمانتارە هەڵبژێردراوەکانی تورکمان کرد کە لەم خولەی داهاتووی پەرلەمانی کوردستاندا داکۆکی تەواو لە مافی تورکمانەکان بکەن.

# ...ەگەر بزانین لەژێر فشارو هەڕەشەی ...دەستهاتوون


فۆتۆ: هیوا جەمال

بەدەستهاتوون».

توێژینەوەکە ئەم سەرکەوتنە بە گۆڕانێکی گەورە لە کۆمەڵگەی کوردیدا وەسفدەکات و پێیوایە، هەڵبژاردنەکان تەنیا گۆڕانی سیاسیی نەهێناوە بۆ کوردستان، بەڵکو گۆڕانێکی گەورەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دروستکردووە، سەبارەت بە هۆکاری سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنیش راپۆرتەکە دەڵێت: «سەرکەوتنی رێژەیی ئۆپۆزسیۆن بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم: بوونی گەندەڵیی و مەحسوبیەت و ناچالاکی حکومەت کە بەدەست دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە (یەکێتی و پارتی)یەوە بووە. دووەم: گۆڕانێکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردی کە لە ساڵی (١٩٩٠)ەوە دروستبووە، گۆڕانەکەش خۆی دەبینێتەوە لە «مەدەنیبوون، گۆڕانێکی ریشەیی ئاستی پەروەردە، فراوانبوونی چینی ناوەندو دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی».

سەبارەت بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان راپۆرتەکە دەڵێت: هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم لەنێوان پێنج کاندیددابوو، مەسعود بارزانی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام سەرکەوتنی کەمال میراودەلی لە «راکێشانی دەنگێکی زۆر» دەربڕی دوو شتە، یەکەم: دەربڕی ئەو گۆڕانەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا روودەدات. دووەم: ناجێگیریی پاوانخوازیی یەکێتی و پارتی.

دواتر راپۆرتەکە باس لە پلاتفۆرمی لیستی گۆڕان دەکات کە پێکهاتووە لە لەناوبردنی گەندەڵیی، جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت، خزمەتگوزاریی گشتیی و وەڵامدانەوەو چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان، بەتایبەت کێشەی بێکاریی گەنجە خوێندەوارەکان و ململانێ لەگەڵ کێشەی ناچالاکی دامودەزگاکانی حکومەت. راپۆرتەکە دەڵێت: «زنجیرە راپۆرتێک ئاماژە بەوە دەدەن کە نەوشیروان مستەفا لە بێئومێدیی، نامۆبوونی چینی لاوان تێگەیشتووە کە بەهۆی گەندەڵیی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا دروستبووە». راپۆرتەکە دەڵێت، نەوشیروان وەک «باوکی دامەزرێنەر»ی یەکێتی، جیا لە سەرکردەکانی دیکەی یەکێتیی هەیمەنەی خۆی لە «گەندەڵنەبوون»ەوە بەدەستهێناوە.

# وەزارەتی مافی مرۆڤ

## داوای دادگاییکردنی

## ئاژاوەچییەکانی هەولێر دەکات

**سامان بەشارەتی**

وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی هەڵکوتانەسەر بارەگاکانی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی و نووسینگەی هەولێری کەناڵی ئاسمانی KNNو رۆژنامەی رۆژنامە دەکات و بە پێشێلکاریی یاساو ئارامیی دادەنرێت و ئەو کارەش بەدوور لە ئەخلاقیاتی شارستانی دەزانن.

شەوی (٧/٢٦) لە شاری هەولێر بە بیانووی بڵاوکردنەوەی ئەنجامێکی نا رەسمیی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم، لەلایەن سەدان کەس لە لایەنگرانی لیستی کوردستانی، بەشێوەیەکی ناشارستانیی و دوور لە بنەماکانی دیموکراسی هەڵیانکوتایە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕان و نووسینگەی رۆژنامەو کەناڵی KNNو دەستیانکرد بە هوتافکێشان و تەقەکردن بەسەر ئەو بارەگایانەدا.

هەر لە بەیاننامەکەی وەزارەتی مافی مرۆڤدا هاتووە، ئەم کردارە کە لەو شەوەدا روویدا، پێشێلکارییەکی زەقی مافی مرۆڤە دەرهەق بە هاوڵاتیان و ئازادیی سیاسی لە کوردستان، بۆیە بەناوی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئیدانەی ئەم کارە دوور لە یاسایە دەکەین و داواش دەکەین کە بەزوویی هەموو رێوشوێنێکی یاسایی دەرهەق بەوانە بگیرێتەبەر کە ئەم بارودۆخەیان خولقاندووەو بەزوویی بدرێنە دادگا، چونکە ئەم رەفتارانە بەشێکی کاریگەرە لەسەر ناشیرینکردنی دیموکراسییەت و هێمنی کوردستان.

لە بەیاننامەکەی وەزارەتی مافی مرۆڤدا دووپاتی دەکەنەوە، ئەم ئیجرائاتە لەسەر ئەم دۆسیەیە تا سنوورێک دەبێتەهۆی دڵنیاکردنەوەی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەموو رێکخراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە کوردستان و دەرەوەداو هەم دەبێتە سنوورێکیش بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەم کارە ناشارستانییە.




## سەردار عەبدولکەریم:

# هەوڵدەدەین رۆژی پێنجشەممە، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان رابگەیەنین

**بەهادین یوسف**

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان چاوەڕێی کۆتاییهاتنی لێکۆڵینەوەیە لەسکاڵاکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم، پێدەچێت ئەمرۆ ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان و رێژەی کورسی لیست و قەوارە بەشدارەکان رابگەیەنرێت.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەگەر لێکۆڵینەوەکان لەسەر سکاڵاکان تەواوبن، ئەمرۆ پێنج شەممە، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنین و نایخەینە رۆژی هەینی، مەسەلەی راگەیاندنەکەش بەندە بەتەواوبوونی لێکۆڵینەوەکان و دەرکردنی بڕیاری کۆتایی لەسەر سکاڵاتۆمارکراوەکان».

دەربارەی جۆری ئەو سکاڵایانەی ئاراستەی کۆمسیۆن کراون، کە ژمارەیان نزیکەی (٧٠٠)سکاڵایە، سەردار عەبدولکەریم وتی: «بەشێکیان پەیوەندییان بەچەند حاڵەتێکەوە هەیە، وەک ئەو کەسانەی ناوی خۆیان نەدۆزیوەتەوە لە بنکەو وێستگەکانی دەنگداندا، یان ناویان هەبووە لە تۆماری گشتیی بنکەکەدا، بەڵام ناویان نەبووە لەوێستگەکاندا، یان لەسەر لانەبردنی ریکلام و بڵاوکراوەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لەنزیک بنکەکانی دەنگدان، ئەوەش پەیوەندی بە بەرپرسی بنکەکانەوە هەبووە، بۆ ئەو حاڵەتانەش ئیجرائات لەگەڵ فەرمانبەرەکانی خۆمان دەکرێت، سکاڵا هەیە لەسەر ئەوە تۆمارکراوە کە لەهەندێک بنکەی دەنگداندا خەڵکێکی زۆر دەنگیداوە، بێئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت، ئەوەش لێکۆڵینەوەی وردی دەوێت و هەندێکیان پێویستی بەکردنەوەی سندوقەکان هەیە، ئەوەش کاتی دەوێت، کارەکەش یەک دوو کەس نایکات، بەشی سکاڵاکانی سەر بە ئەمانەتی گشتیی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە هەولێرن و لە ئۆفیسی هەرێم سەرپەرشتی کارەکان دەکەن، لەگەڵ یەکەی سکاڵای سەر بە ئۆفیسی پارێزگاکان، کە ئەوانیش سەرقاڵی ئەو کارەن و چاوەڕوانی ئەوە دەکەین بەزووترین کات لێکۆڵینەوەکان تەواوببن و راسپاردەی پێویست سەبارەت بەهەر حاڵەتێک بگاتە ئەنجومەنی کۆمسیۆن، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی کۆمسیۆن بتوانێت بۆ هەریەک لەو حاڵەتانە بڕیاری پێویست دەربکات».


سەردار عەبدولکەریم

دەربارەی چۆنێتی لێکۆڵینەوە لەسکاڵاکانیش لەلایەن کۆمسیۆنەوە، ئەندامەکەی ئەنجومەنی کۆمسیۆن وتی: «هەرچی لێکۆڵینەوەکان هەیە لەلایەن بەشی سکاڵاکانەوە دەبێت کە لەبەغداوە چوونەتە هەولێر، ئەوان کار لەسەر سکاڵاکان دەکەن و راسپاردە دەنێرنە ئەنجومەن و ئەنجومەنی کۆمسیۆنیش بۆی هەیە گفتوگۆی وردەکارییەکان بکات و بۆشی هەیە بڕیاری پێویست لەبەر رۆشنایی ئەو راسپاردانەدا بدات»، ئاماژەی بەوەشکرد «هەوڵدەدەن لەگەڵ راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکاندا، زانیاریی وردو تەواو لەسەر سکاڵاکان و جۆرو ژمارەیان، ئامادەبکرێت و هەمان رۆژی راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی بڵاوبکرێتەوە».

سەردار عەبدولکەریم تەئکیدی لەوەشکردەوە، کە نابێت کۆمسیۆن لەوە زیاتر چاوەڕێ بکات، چونکە بەوتەی ئەو: «کاری دیکەمان هەیە، ئەویش نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و ئامادەکارییە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەبەرئەوە دەمانەوێت بەزوویی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکە تەواوبێت و نامانەوێت بەکەموکوڕییەوە تەواوبێت، بەڵکو بەکاملی و بەشێوەیەک بێت کە هیچ نەمێنێتەوەو هەموو کارەکان تەواوبکرێت، بۆیە ئەگەر ئەمرۆ پێنج شەممە نەبێت، رۆژی هەینی ئەنجامی کۆتایی لێکۆڵینەوەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنین».

# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی خروقاتی زیاتری دەسەڵات دەسەلمێنن

ستارە عارف

ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەبارەت بەچۆنێتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا، ئاستی پێشێلکاریی دەسەڵاتو کۆمسیۆنی باڵایان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانیانەوە خستەڕوو.

ڕێکخراوەکان کە بریتین لە ڕێکخراوی بیلو ئەلەندو ستێرو تۆڕی ڕێکخراوی ناحکومیی کۆکن لەسەر نەبوونی ناوی هەندێک دەنگدەر لەسەرجەم وێستگەکان کە بووەتە هۆی بێبەشکردنیان لە دەنگدان، وەک بنکەکانی «ئاشتیو شێلادزێو نەهریو پەرلەمانو (١٤)ی ئادارو گەلێک شوێنی دیکە».

هەروەها ئەو ڕێکخراوانە ئاماژە بە چەندین کەموکوڕیی دەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا، لەوانە: «چەندین کەس لە پسولەی خۆراکدا ناویان تۆمارنەکراوە، بەتایبەتی خێزانە تازەپێکهاتووەکان، ئاماژە نەکردن بە ڕاپۆرتی چاودێرە نێودەوڵەتییەکان کە سەردانی بنکەکانی دەنگدانیان کردبوو، ڕێگەنەدانیان بۆ باش دابەشبوون بەسەر بنکەکاندا بەتایبەتی تۆڕی شەمس، نەبوونی ناوی زۆرێک لەوانەی لە سلکی سەربازیدا بوونو ناویان لە لیستی سوپا لە شوێنەکانی خۆیانداو لە بنکەکانی دەنگدانو لەو شوێنانەش لێی نیشتەجێن، نەبووە».

لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی بیل بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، کە لە پارێزگای دهۆک (١٨٢) چاودێریان لە دهۆکو زاخۆو ئامێدیو شێخانو سیمێل هەبووە، هاتووە: «بوونی ژمارەیەک دەنگدەر لە دوای داخستنی دەرگای پێشنیازەکان کە دەنگیان نەداو ئەمەش بووە هۆی بێبەشکردنیان لە هەڵبژاردنو دەنگدان»، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: یەکێک لە چاودێران لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کردووە، کە بەڕێوەبەری وێستگەکە نەیهێشتووە بچێتە ژوورەوە وەک چاودێرێکی کۆمەڵگەی مەدەنیو زیاتر لە یەک سەعات هێشتوویانەتەوە.

ڕێکخراوی ستێریش بۆ پەرەپێدانی مرۆیی لە پارێزگای دهۆک ڕەخنە لە پرۆسەی دەنگدانی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم دەگرێتو دەڵێت: «تۆماری دەنگدەران لەگەڵ ئەو تۆمارەی لە ڕۆژی دەنگداندا بۆ ناوی دەنگدەرەکان دانرابوو، هاوتا نەبوونو هەندێک حاڵەتی تەزویرکردن ڕوویداوە، کە بە پلەی یەکەم تاکە کەسی بوون، وەک دەنگدانی هەندێک کەس لەبری کەسانی دیکەو بەناوی یارمەتیدانی هەندێک دەنگدەری نەخوێندەوار لەلایەن کارمەندەکانەوە بێئەوەی ئەو لیستەی بۆ دیاری بکەن کە دەنگدەرەکە خۆی ویستوویەتیو «بێدەنگبوونی کارمەندانی کۆمسیۆنیش لەم حاڵەتانەو هەندێکجار بەشداریی کارمەندان خۆشیان لەم حاڵەتانە بەدیکراوەو پێشێلکردنی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنیش بەدیکراوە».

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ئەلەندیش بۆ بە دیموکراسیکردنی گەنج لە پارێزگای دهۆک «ڕێگە نەدراوە بە هەندێک لە هاوڵاتیان پێش دەستپێکردنی دەنگدان بچنە ناو بنکەکانەوە تا لە ناوەکانیان دڵنیا بن، هەندێک لە چاودێرانی قەوارە سیاسییەکانیش ئەو هەلەیان لە دەنگدەرە نەخوێندەوارەکان قۆستەوەو بە دڵی خۆیان لیستەکەیان بۆ پڕکردوونەتەوەو کارمەندانی کۆمسیۆنیش ئەمەیان بە ئاسایی وەرگرتووە، لە دوای ئەوەی لە دوا سەعاتەکانی پرۆسەکەدا داوا لە هاوڵاتیان کرا ڕووبکەنە سندوقەکانی دەنگدان لە هەندێک وێستگە ئاپۆرەیەکی زۆر ڕوویدا، هۆکەشی ئەوە بووە، ئەمە کە لە نێوان کۆمسیۆنو ڕاگەیاندنەکاندا ڕێکنەخرا بوو».

تۆڕی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە پارێزگای دهۆک لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٧/٢٩) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە پێیانوایە، زۆر لە کارمەندانی بنکەی دەنگدانو چاودێری کۆمەڵگەی مەدەنیو چاودێری قەوارە سیاسییەکان، شارەزاییان لە بارەی ئەو کارانەی پێیان سپێردراوە کەم بووە، لە بنکەی ( سێگرکا) ڕێگەیان نەداوە چاودێری تۆڕەکەیان بچنە ناو بنکەکانەوە، هەرچەندە باجی کۆمسیۆنو تۆڕیشیان پێ بووە، هەروەها لە بنکەی پێشرەو ڕێگەیان بە چاودێرەکانیان نەداوە چاودێریی ژماردنی دەنگەکان بکەنو لە دوای هەوڵدانێکی زۆر لەگەڵ بەرپرسی بنکەکان پاشان چوونەتە ژوورەوە، بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکە لە (١٪)ی چاودێران باس لەوە دەکەن کە کەس هەبووە زیاتر لە جارێک دەنگیداوە».

# ڕێکخراوی ئای. ئێن. ئێس. ئێس:

## دەستکەوتەکانی گۆڕان گەورەیە، ئە...

## دەسەڵاتدا بە...



«نەوشیروان مستەفا هەیمەنەی خۆی لە گەندەڵنەبوونەوە بەدەستهێناوە»

شاڵاو فەتاح

پەیمانگەی توێژینەوەی ئاسایشی نیشتمانی ئیسرائیلی (ئای. ئێن. ئێس. ئێس) کە بە یەکێک لە باشترین پێنج دەزگای توێژینەوە، دادەنرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقا، ڕاپۆرتێک دەربارەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بڵاودەکاتەوە لەژێر ناونیشانی «گرنگی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان»و لەم ڕاپۆرتەدا (ئای. ئێن. ئێس. ئێس) بەشێوەیەکی ئیجابی دەڕوانێتە هەڵبژاردنەکانو پێیوایە هەڵبژاردنەکان تەنیا گۆڕانی سیاسی لە هەرێمدا دروستنەکردووە، بەڵکو گۆڕانێکی گەورەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دروستکردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گۆڕانێکە کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ساڵانێکە دەستیپێکردووەو لە ئێستاداو لە ئۆپۆزسیۆندا خۆی بەیان دەکات.

ڕاپۆرتەکە سەرەتا بەگشتیی سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەدوێتو بە مێژوویيو گرنگ بۆ کوردستان وەسفیدەکات، بەهۆی ئەوەی لیستی کوردستانی کە لیستی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانە، ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزبوونەوە، وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، هەرچەندە زۆرینەیان بەدەستهێنا، بەڵام «ڕووبەڕووی لێدانی یەکلاییکەرەوە» بوون، بەهۆی ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشتردا زۆرینەی ڕەهایان هەبوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا کەمتر (٦٠٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا.

دواتر ڕاپۆرتەکە وردەکارییەکانی هەڵبژاردنەکە باسدەکاتو دێتەسەر باسی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان، لەو بارەیەوە ڕاپۆرتەکە دەڵێت: «ئۆپۆزسیۆن بەتایبەت لیستی گۆڕان هەنگاوی گەورەو بەرچاوی ناوە، ئەمەش دوای ئەوەی جگە لە بردنەوەی (٢٥-٢٧) کورسی، توانیویەتی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبێنێت، ڕاپۆرتەکە ئەمەش بە «دەستکەوتێکی گەورە» وەسفدەکات بەتایبەت ئەگەر بزانین دەنگەکان «لەژێر فشار» و «هەندێکات هەڕەشە»ی هێزە ئەمنیو چالاکوانەکانی لیستی کوردستانی

# فریاد ڕەواندزی: سەقفی زەمەنی بۆ کاری لیژنەکانی نێوان هەرێمو بەغدا دانراوە

شارا عەبدولڕەحمان

کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا دووبارە بە لیژنە سپێردرایەوەو لە سەردانی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا بۆ هەرێمی کوردستان، هیچ هەنگاوێکی کردەیی نەنراو هیچ ڕێکەوتنێک سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکان لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی عێراقو هەرێمەوە نەهاتەدی.

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو (٨/٢)، د.نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە سەردانێک گەیشتە شاری سلێمانیو هەر هەمان ڕۆژ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراقو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە.

فریاد ڕەواندزی، وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە لە هاتنی ئەمجارەی مالیکیدا بۆ هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا باس لە ئایندەی پەیوەندییەکانی هەرێمو بەغداو ئەو کێشانە کرا کە تاکو ئێستا لە نێوان هەردوو حکومەتەکەدا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، ئەمە جگەلە باسکردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسییەک کە لە پێش پرۆسەی سیاسی بوەستێتو کۆسپ دروستبکات.



فریاد ڕەواندزی

وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی وتیشی: «مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکانو پێشمەرگەو نەوت، گرنگترین ئەو تەوەرانە بوون کە لە کۆبوونەوەکەدا باسکرانو بە مەبەستی چارەسەرکردنیشیان لیژنەی تایبەتمەندیان بۆ پێکهێنراوە».

مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێمو ناوەند پێنج لیژنەی باڵا لە نێوان هەردوولادا پێکهات، بەتایبەت بۆ چارەسەری کێشەکانی نەوتو ناوچە دابڕاوەکان، پێشمەرگە، سیستمی بەرگری، دەسەڵات، پەیوەندییەکانی دەرەوەو ئابووری، کە دەبوو ئەو لیژنانە لە ماوەی یەک مانگدا ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە سەرکردایەتی سیاسی حکومەتی هەرێمو بەغدا بکەن، بەڵام دوای تێپەڕبوونی هەشت مانگ بەسەریدا، تائێستا هیچ ئەنجامێکیان نەداوە بەدەستەوە.

سەبارەت بە لێکچوونی ئەم لیژنانەش کە ئەمجارە پێکهێنراوە، لەگەڵ لیژنە کۆنەکان، ڕەواندزی وتی: «لیژنەکانی ئەمجارە جیاوازیان هەیە، چونکە کارەکانیان گشتگیرتر دەبێتو ڕێوشوێنی ئیشکردنیان بۆ دانراوەو سەقفی زەمەنی بۆ تەواوکردنی کارەکانیان بۆ دیاریکراوە، لەبەر ئەوە ئومێدەکە ئەمجارە بەهێزترەو پێموایە بتوانرێت سوود لە ئەنجامەکانیان وەربگیرێت».

بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە کە بڕیارە لە (١/١٦)ی ساڵی داهاتوودا ئەنجام بدرێت، هەر لەگەڵ هاتنی مالیکیدا بۆ هەرێمی کوردستان، سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژەیان بەوەدا کە پێدەچێت ئەو سەردانەی بە مەبەستی نزیکبوونەوەی حیزبی دەعوەو یەکێتیو پارتیو پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵام فریاد ڕەواندزی ئەوەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند: «بە هیچ جۆرێک باس لە هاوپەیمانێتیو تەنانەت هەڵبژاردنی داهاتووش نەکراوە».

هاوڕێیانی مالیکی لە سەردانەکەیدا بۆ هەرێمی کوردستان تەنیا پیاوانی حیزبی دەعوەی ئیسلامیی عێراقی بوون کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات لەوانە، عەلی ئەدیبو سادق ڕوکابیو حەیدەر عەبادی، ئەمەش گومانی ئەوەی لای چاودێرانی سیاسیو هاوڵاتیان دروستکرد بەوەی کە کۆبووەنەوەکان تەنیا لەسەر ئاستی باڵای ئەو حیزبەو یەکێتیو پارتیدابێت، نەک حکومەتی هەرێمو بەغدا.

لەوبارەیەوە وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا، کە هاوڕێکانی مالیکی کە هاتبوونە هەرێم سەرجەمیان لەناو حکومەتی عێراقدان، حکومەتی عێراقیش بە زۆری لە ئەندامانی ئەو حیزبە پێکدێن، وتیشی: «ئەو کەسانەی لەگەڵ مالیکی هاتبوون یەکێکیان سادق ڕوکابی کە لە حیزبی دەعوەیەو ڕاوێژکاری مالیکییە بۆ کاروباری سیاسی، یەکێکی دیکەیان کە تاریق نەجم بوو ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی نوێنەران بوو، حەیدەر عەبادیش ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانەو یەکێکە لە سەرکردەکانی لیستی ئیئتیلاف، هەروەها ئەبو هیلالیش جێگری سەرۆکی هەمان لیستە لە ئەنجومەنی نوێنەران، ئەمانە سەرجەمیان لە حکومەتدا بەشدارنو وەک کەسانی ناو حکومەت هاتبوونە هەرێمی کوردستان، نەک حیزبی دەعوە، لەبەر ئەوە کۆبوونەوەکە کۆبوونەوەی حکومەتی عێراقو هەرێم بوو».

لەلایەکی دیکەوە لە ماوەی ڕابردووداو لە میدیا ناوخۆییەکاندا باس لەوە دەکرا، کە کێشەکان زیاتر لە نێوان بارزانیو مالیکیدایە، نەک هەرێمو بەغدا، نەچوونی سەرۆک وەزیرانی عێراقیش بۆ هەولێرو هاتنی بۆ سلێمانی، زیاتر ئەو بۆچوونەی لای میدیاکان چڕکردەوە.

بەڵام فریاد ڕەواندزی ڕاستی ئەو زانیارییانەی نەسەلماندو وتی: «پەیوەندییەکانی بارزانیو مالیکی پەیوەندییەکی لەمێژینەنو ئەگەر کێشە هەبووبێت لە نێوان هەرێمو بەغدادایە، نەک ئەو دوو شەخسە، کێشەکانیش لەسەر مەسەلەکانی نێوان هەرێمو بەغدایە کە تائێستا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوەو لە ئێستادا لە هەوڵی چارەسەرکردنیاندان».



# ـــــەوتن و ساختەکارییدا

# د.فایەق گوڵپی: دەسەڵات دەیزانی میللەتی لەگەڵدا نەماوەو خەڵک دەنگیان پێ نادات، بۆیە پەنایان بردە بەر تەزویرکردن

سازدانی، پشتیوان سەعدوڵڵا

**د.فایەق محەمەد گوڵپی، سیاسەتمەدارو چاودێری سیاسیی پێیوایە، هەڵبژاردنەکەی مانگی تەموز دەبێتە خاڵی وەرچەرخان بەرەو گۆڕینی سیستمی سیاسیی لە هەرێمی کوردستانداو دەبێتە هۆی گەڕانەوەی سەروەریی یاساو ئازادکردنی دامەزراوە حکومییەکان لە کۆتوبەندی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، هاوکات سەبارەت بە ساختەکارییەکانی یەکێتیو پارتی دەڵێت: ئەوان دەیانەوێت بەردەوامبن لەسەر چەواشەکارییەکانیانو لایەنەکانی دیکە تاوانباربکەن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دەسەڵات بۆ مانەوەی خۆی پەنادەباتە بەر ڕێوشوێنی نائەخلاقی.**

**ڕۆژنامە: پێتوایە، ئەم هەڵبژاردنە ببێتە سەرەتای دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی کوردستاندا؟**

- یەکێک لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (١٨) ساڵی ڕابردوودا، ئەوەبووە کە تەنیا دەسەڵات هەبووەو ئۆپۆزسیۆن نەبووە، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا دوو لیستی جیاواز بەتایبەتی لیستی گۆڕان، کە خاوەن بەرنامەیەکی جیاوازە دروستبوونو لێرەشەوە دەتوانین بڵێین ئیتر کورد دەبێتە خاوەن ئۆپۆزسیۆنی خۆیو ئەوەش مانای ئەوەیە کە هەنگاوێک لە دیموکراسییەت چووینەتە پێشەوەو بەوەش سەروەریی یاسا دەگەڕێتەوەو دامودەزگاکانی حکومەتو پەرلەمان سەربەخۆ دەبن، بۆیە بە ڕای من ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە هەنگاوی یەکەمی وەرچەرخان بەرەو گۆڕینی سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

**ڕۆژنامە: پەنابردنە بەر ساختەکاریی لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە چی لێ دەخوێنیتەوە؟**

- بە بڕوای من یەکێتیو پارتی پێش دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن هەندێک هەنگاویان هاویشت کە ڕێخۆشکەرو تەواوکەری ئەو ساختەکارییانە بوون کە لەکاتی پرۆسەکەدا ئەنجامیاندا، یەکێتیو پارتی بۆئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە قازانجی خۆیان بگەڕێتەوە چەند ساڵێک پێش ئێستا هەوڵیاندا کۆمسیۆن بکەنە کۆمسیۆنێکی حیزبی، ئەو کەسانەی کە سەرپەرشتی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژادنەکان دەکەن، کادیری سەرەکی ڕێکخستنی پارتیو یەکێتین، هەروەها لە پێش دەستپێکردنی پرۆسەکەدا هەم تاوانو تۆمەتیان بۆ لیستەکانی دیکە دروستدەکرد، هەم فەرمانبەرانیان لە فەرمانگەکان دەردەکردو لەکاتی بانگەشەشدا دامودەزگاکانی حکومەتو سەروەتو سامانی میللەتیان بۆ خۆیان بەکاردەهێنا، جگە لەوانەش لە سەعاتەکانی کۆتایی ڕۆژی هەڵبژاردنەکەدا دوای ئەوەی کە بینییان دەنگی پێویست ناهێنن، یەکەم هەنگاوی ساختەکاریی لەوەوە دەستپێیکرد کە وەزیری ناوخۆی هەرێم بڕیاریدا هاتوچۆی ئۆتۆمبێل ئاسایی بێت، بێگومان مەبەستیان لەمەدا ئەوەبوو کە بەئۆتۆمبێل بە کۆمەڵ خەڵک ببەن بۆ دەنگدان، خاڵێکی دیکە درێژکردنەوەی کاتەکەی بوو. ئەو دەسەڵاتدارانە ئامادەنین کلتووری دیموکراسی لە کوردستاندا پەیڕەوبکەنو ئامادەنین ئەو دەسەڵاتەی بەدەستیانەوەیە بیدەنە لایەنێکی دیکە، یەکێتیو پارتی دوو حیزبی نادیموکراتنو بڕوایان بەوە نییە کە ئەمڕۆ دەسەڵاتداربنو سبەینێ ببنە ئۆپۆزسیۆن، ڕۆژی (٢٥)ی تەممووزیش سەلماندی کە ئەم دوو حیزبە دژی دیموکراسییەتن.

**ڕۆژنامە: ئەم دوو حیزبە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە چیتر جەماوەری کوردستان لەگەڵیان نەماوەو متمانەی جەماوەریان لەدەستداوە؟**

- خەڵکی کوردستان زۆر لە یەکێتیو پارتی نارازینو ئەو نارەزایەتییەش گەیشتە ڕادەیەک کە جیابوونەوە لە بنەماڵەی دەسەڵاتدارو حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا ڕوویدات، جگەلەوە لیستی جیاواز هاتە پێشەوە، یەکێتیو پارتی دەیانزانی میللەتیان لەگەڵدا نەماوەو خەڵک دەنگیان پێ نادات، بۆیە پەنایان بردە بەر کاری ساختەکاریی.

**ڕۆژنامە: دەسەڵاتداران تۆمەتی ناشرینکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن دەخەنە پاڵ ڕکابەرەکانیان، ئایا ئەو دوو حیزبە پرۆسەکەیان ناشرینکرد، یان ڕکابەرەکانیان؟**

- لە دنیادا بەشێوەیەکی گشتیی لەکاتی هەڵبژاردندا ئەو لایەنەی دەستی هەیە لە لەکەدارکردنی هەڵبژاردندا لایەنی دەسەڵاتدارە، ئەو لایەنەی ساختەکاریی دەکات، لایەنی دەسەڵاتدارە، چونکە هەم دامودەزگاو سامانی حکومەتی بەدەستە، هەم دەیەوێت وەزعەکە بەوشێوەیە بمێنێتەوە، لایەنێکی دیکە لەم هەڵبژاردنەدا بە وردی بینیمان کێ ساختەکاریی کرد، ئەوە یەکێتیو پارتین زەمینەیان خۆشکرد، هەڵبژاردنەکە لەکەداربکەن. لەگەڵ ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بەردەوام بن لەسەر چەواشەکارییەکانیانو خۆیان بە بێتاوان پیشانبدەنو لایەنەکانی دیکە تاوانباربکەن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دەسەڵات بۆ مانەوەی خۆی، تەنانەت پەنادەباتە بەر ڕێوشوێنی نائەخلاقیش.

**ڕۆژنامە: ئەوەی ساختەکاریی کرد، دژی دیموکراسییەتو لەکەدارکردنی ئەزموونی هەرێمە، تاچەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەدایت؟**

- هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی هەرێمی کوردستان چووە لیستی ڕەشەوەو یەکێک لە داواکارییەکانی ڕۆشنبیرانو دڵسۆزانی کورد ئەوەبوو، هەوڵبدرێت ئەمجارەش هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان نەچێتە لیستی ڕەشەوە، ئەوەی تاوانبارەو ئێستاش ساختەکاریی کردووە دەسەڵاتەو دەسەڵاتیش بەلایەوە گرنگ نییە دووئەوەندەی دیکە کورد لەبەرچاوی خەڵک ڕەش بێت، بەپێچەوانەوە بەلایەوە گرنگە کە لەدەسەڵات بمێنێتەوەو سەروەتو سامانی ئەو وڵاتە هەر لە ژێردەسی ئەودا بێت.

**ڕۆژنامە: ڕاستە دەوترێت تەزویرچییەکان واتە یەکێتیو پارتی، لەم هەڵبژاردنەدا ڕێزی ئیرادەی خەڵکی کوردستانیان نەگرتو مافی مرۆڤیان پێشێلکرد؟**

- بێگومان بوونی ئەو ڕێژە زۆرە لە تەزویراتو ساختەکاریی لەلایەن دەسەڵاتەوە بێڕێزکردنی ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، لە هەولێرو دهۆک (٥٠٪)ی خەڵک دەنگیدا، ڕێژەکەی دیکەی تەزویرەو دەبێت دەسەڵات ڕێز لەدەنگ نەدانی خەڵک بگرێت، نەک لەبری خەڵک دەنگ بە خۆی بدات، ئەمە بێڕێزییە بەرامبەر بە میللەت.

**ڕۆژنامە: ئەو ڕەفتارانەی یەکێتیو پارتی دەیکەن، دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بڵێین، ئەو دوو حیزبە هەموو کارێک دەکەن لە پێناو مانەوەیاندا لەدەسەڵات؟**

- ئەگەر مێژووی ئەو دوو حیزبە بخوێنینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو دوو حیزبە شتی زۆر ناشرینتریان لێدەوەشێتەوە، بۆنموونە ئەوان بۆ سەرکوتکردنی یەکتری سوپای داگیرکەریان هێنایە سەر خاکی هەرێمی کوردستان، ئێستا لەبری ئەوە ساختەکاریی دەکەن، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکەدا بیاندۆڕاندایە، پێدەچوو ڕەفتاری خراپتر ئەنجامبدەن.

**ڕۆژنامە: پەلاماردانی بارەگای حیزبیو لیستەکانی دیکە، لە چ دەسەڵاتێک دەوەشێتەوە؟**

- هێرشی چەکداری لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر بارەگاکانی گۆڕانو مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی ئەمە لە حیزبێکی نەزانو نادیموکرات دەوەشێتەوە، بەڵام ئەوە پیشاندەدات کە هەرچەند پارتی چەند ساڵە ناوی دیموکراتە، بەڵام هیچ عەقڵیەتێکی دیموکراتی هەڵنەگرتووەو هیچ هەڵسوکەوتێکی دیموکراسیو شارستانی لەخۆیدا بەرجەستە نەکردووەو جێبەجێی ناکات لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی ڕۆژانەیدا.

**ڕۆژنامە: بڵاوکردنەوەی هێزی چەکدار لە ناوچەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ سەرکوتکردنی هاوڵاتییانە؟**

- بڵاوکردنەوەی ئەو هێزانە بۆ دەمکوتکردنی خەڵکە لە بەرامبەر ئەو ساختەکارییانەی کە کردوویانەو بۆئەوەیە خەڵک نەوێرێت هەڵوێستێکی جدی هەبێت، ئێمە هەڵبژاردنەکانی ئێرانمان بینی، ئەمانیش دەترسن خەڵک خۆپیشاندان بکاتو نارەزایی پیشانبدات، بڵاوکردنەوەی هێز بەو مەبەستەیە کە بە خەڵک بڵێن ئەگەر خۆپیشاندان بکەن، بەم هێزانە لێتاندەدەین.

**ڕۆژنامە: دەسەڵاتێک ئەم هەموو ڕەفتارە نادروستو نادیموکراسییە ئەنجامبدات، پێویستە دادگایی بکرێت؟**

- ئەگەر دادگایەکی سەربەخۆ هەبێت، دەبێت زۆر لایەنی سیاسیو زۆر بەرپرسی ئەو لایەنە سیاسییانە بدرێنە دادگاو دادگایی بکرێن لەسەر زۆر هەڵەی ستراتیژیی، بەڵام دادگاکانی ئێمە تائێستاش سەربەخۆ نینو وەک مەقاشێک بەکاردەهێنرێن بۆ بەرژەوەندیی حیزب، بۆیە پێویستە دادگا ئازادبکەین.



د.فایەق گوڵپی

**هێرشی چەکداری لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەر بارەگاکانی گۆڕانو مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی ئەمە لە حیزبێکی نەزانو نادیموکرات دەوەشێتەوە، بەڵام ئەوە پیشاندەدات کە هەرچەند پارتی چەند ساڵە ناوی دیموکراتە، بەڵام هیچ عەقڵیەتێکی دیموکراتی هەڵنەگرتووە**

# هەڵبژاردنی کوردستان لە نێوان سەرکـــ

## محەمەدی حاجی مەحمود: یەکێتیو پارتی ئەگەر کەسی دیکەیان قبوڵبکردایە، یەکترییان قبوڵدەکرد

سازدانی، پشتیوان سەعدوڵڵا

**محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسالیست دیموکراتی کوردستان، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازی ئاماژە بەوەدەکات، دەسەڵات پەنای بۆ هەندێک کار برد کە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا ناگونجێتو ئەو پەنابردنەش بووە هۆی لەکەدارکردنی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، هاوکات سەرسورمانی خۆی پیشاندەدات لە دەربرینی خۆشیی لەلایەن لیستی کوردستانییەوە، گوایە لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوتوون، دەڵێت: «بە بڕوای ئێمە ئەگەر یەکێتیو پارتی تەزویریان نەکردایە، بە هەقی خۆیان (٤٠٪)ی دەنگەکان زیاتریان نەدەهێنا».**



محەمەدی حاجی مەحمود

**رۆژنامە: سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە چیدا دەبینیتەوە؟**

* سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە لە بوونی سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزدا دەبینمەوە، ئەگەر بەراوردێک لەنێوان هەڵبژاردنەکانی رابردوو و ئێستادا بکەین، هەڵبژاردنی (٢٠٠٩) شێوەیەکی دیکەی بەخۆوەگرتو توانی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە کوردستاندا دروستبکات.

**رۆژنامە: یەکێتیو پارتی بەپێچەوانەوە سەرکەوتنی هەڵبژاردن لە بەڕێوەچوونی پرۆسەکەوە دەبینن، ئەوە راستە؟**

* دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییەی کە لە ناوچەکەو عێراقو کوردستاندا روویانداوە، ئێمە ئومێدمان دەخواست پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان وەکو پێشوو لەکەدارنەکرێتو نەخرێتە لیستی رەشـــەوە، راستە لە سلێمانی پرۆسەکە باش بەڕێوەچوو، ئەوەی زیاتر خەڵکی کوردستانو ئێمەی نیگەرانکرد، لە سەعات (٣:٣٠)ی دوا نیوەڕۆ ئەو بەرنامەیەی دانرابوو دەسەڵات سەبری نەماو نەیتوانی قبوڵیبکاتو پەنای بۆ هەندێک کار برد کە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا ناگونجێت، ئەو پەنابردنەش بووە هۆی لەکەدارکردنی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

**رۆژنامە: رێژەی کورسییەکانی یەکێتیو پارتی بە رادەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، ئیتر سەرکەوتنی لیستەکەیان لە چیدایە؟**

* من پێم سەیرە لیستی کوردستانی شایی دەکـــاتو باسی سەرکەوتنی لیستەکەیان دەکەن، چونکە ئەو لیستە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٩٢) سەد لە سەد کورسییەکانی پەرلەمان بۆ خۆیانبوو، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥) لە (١١١) کورسی نزیکەی (٨٥) کورسییان بۆ خۆیان برد، بەڵام لە هەڵبژاردنەکەی ئەمساڵدا نزیکەی (٦٠) کورسییە، باشە لە دوو قۆناغی هەڵبژاردندا زیاتر لە پەنجا کورسی لەدەستبدەیت دەبێت سەرکەوتنی ئەو لیستە چی بێت، راستە ئێستاش لیستی یەکەمە، بەڵام بە بڕوای من ئەو دیوارە نەما، بوترێت حیزبە گەورەکان، چونکە ئەگەر وردتری بکەینەوە، پارتیو یەکێتی هەریەکەو (٢٩) کورسییان هێناوەو لیستە موعارەزەکانیش (٢٥) کورسیو (١٣) کورسییان هێناوە، واتا هەمووی وەکویەکی لێهاتووە.

**رۆژنامە: یەکێتیو پارتی شایستەی رێژەی (٦٠٪)ی دەنگەکانی ئەم هەڵبژاردنە بوون؟**

* ئێمە بەڵگەمان لایە کە لەماوەی یەک سەعاتدا رێژەی دەنگدان (٤٨٪)ەوە بەرزبووەوە بۆ (٧٠٪)، کە لەلایەن ئەو دوو حیزبەوە کراوە، بە بڕوای ئێمە ئەگەر تەزویریان نەکردایە، بە هەقی خۆیان (٤٠٪)ی دەنگەکان زیاتریان نەدەهێنا، ئێمەش بە نیازی زیاتر (٢٠٪) بووین، بەڵام ئەو دوو حیزبە دوو شتیان لەگەڵ لیستە رکابەرەکان کرد، یەکەم (١١) کورسییان بە کۆتا لە پەرلەمان دانا، ئەوەشیان بۆ ئەوە دانا کە بۆ خۆیان بێتو لیستەکانی دیکە کورسی کەمتر بهێنن، بەوەش رێژەی کورسییەکان کەمکرایەوەو رێژەی دەنگ بەرزکرایەوە، خاڵی دووەم ئەو رێژە زۆرە لە تەزویر کە نزیکەی (٢٠٪)ی دەنگی بۆ یەکێتیو پارتی زیادکرد، ئەمانە تێکڕا بوونە گۆڕانی هاوسەنگی دەنگەکان.

**رۆژنامە: بە رای تۆ لەم هەڵبژاردنەدا یەکێتیو پارتی بۆ پەنایانبردە بەر تەزویراتو ساختەکاریی؟**

* ئێمە ساڵێک پێش ئێستا پرۆژەیەکمان بە یەکێتیو پارتی داو پێمانوتن خەڵک نارازییەو ئەوان لایان سەیربوو، دەیانوت چۆن خەڵک لە ئێمە نارازییە، ئەوەی ئەوان تەوەقوعیان نەدەکرد روویداو دەنگەکان لە بەرژوەندییان نییە، بۆیە پەنایانبردە بەر تەزویرکردنو کاری نامەشروع.

**رۆژنامە: ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانی ناشرینکرد، یەکێتیو پارتییە، یان خەڵکی دیکە؟**

* ئەوان دەسەڵاتن، ئەوان لە کۆمسیۆنی باڵادا ئەندامی خۆیان هەبووە، تا ئاخیر، ئەوان دەیان ئەفسەری ئاسایشیان بەناوی پارێزەرەوە لەسەر سندوقەکان داناوەو ئێمە بۆ هەموو ئەوانە بەڵگەمان لایە، بێگومان نەتەوەیەکگرتووەکانو یەکێتی ئەورووپاو تەنانەت خۆشیان ناتوانن بێدەنگ بن لەو هەموو خروقاتەی کە کراوە، جگە لەوە کارێکی دیکەی ناشارستانی پەلاماردانی بارەگاو بنەکانی لیستە رکابەرەکانیان بوو، ئەو کارانە دەبنە هۆی ناشرینکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

**رۆژنامە: ئەو رەفتارە نادیموکراسییانەی کردیان، بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەو دوو حیزبە شکست قبوڵناکەنو دەیانەوێت لە دەسەڵاتدا بمێننەوە؟**

* ئەوان ئەگەر کەسی دیکەیان قبوڵبکردایە، یەکترییان قبوڵدەکردو رەنگە لەناو خۆشیاندا یەکترییان قبوڵ نەبێت، بۆیە ئەو دوو حیزبە لایەنی دیکەیان قبوڵ نییە.

**رۆژنامە: پەنابردنە بەر هێز، زیان بە کێ دەگەیەنێت؟**

* هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە خۆیان زەرەری لێدەکەن، چونکە ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان هۆشیارەو هەموو دنیا ئاگای لە رووداوەکان هەیەو هیچ شتێکی دژە دیموکراسی قبوڵناکرێت، تەنانەت دیکتاتۆرەکانی دنیا بە ناچاریی پەنا بۆ هەڵبژاردن دەبەن، لەبەرئەوە لە کوردستانیشدا دەبێت بەوشێوەیە بێتو یەکێتیو پارتی بتوانن لە خەڵکی کوردستان بەجێنەمێنن، چونکە ئەوەی لە رابردوودا ئەو دوو حیزبە کردوویانە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەجێبمێنن.

**رۆژنامە: ئێوە دەڵێن کۆمسیۆن بێلایەن نەبووە، لەم هەڵبژاردنەدا، هیچ بەڵگەیەکتان بۆ ئەو قسەیەتان هەیە؟**

* هەر لەسەرەتاوە کۆمسیۆن رێکەوتنی لەگەڵ یەکێتیو پارتی کردبوو هەموو کارەکانیان بە ویستی ئەوان بوو، بۆ نموونە پێش ئەوەی کاتی هەڵبژاردن دیارییبکرێت، دەستیانکرد بە تۆماری قەوارە سیاسییەکان، کە لە دنیادا شتی وانییە، لە عێراقدا هێشتا پێنج مانگی ماوەو کاتی هەڵبژاردن دیاریکراوەو لە ئێستاوە تۆماری قەوارەی سیاسی دەستپێدەکات، واتا هیچ بوارێکیان بە قەوارە سیاسییەکان نەدا، جگە لەوە کۆمسیۆن بە خاو و خێزانەوە هاتبوونە هەولێر، خۆ ئیشی کۆمسیۆن لە بەغدایەو بۆچی هاتبوونە هەولێر، کۆمسیۆن بۆ بەبێ پرسی قەوارە سیاسییەکان کاتی هەڵبژاردنی درێژکردەوە؟ لە بەرامبەر ئەو ژمارە زۆرە لە سکاڵا، کە تۆمارکراوە، سەرۆکی کۆمسیۆن دەڵێت: «سکاڵاکان کاریگەری بۆ سەر ئەنجامەکان نابێت»، ئەمانە هەموو بەڵگەن بۆ بێلایەن نەبوونی کۆمسیۆن.

**رۆژنامە: ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسیی کوردستانو دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ؟**

* بێگومان ئۆپۆزسیۆن لەم هەڵبژاردنەدا پێگەی خۆی سەلماندو پێمانوایە دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ لە پەرلەمان ببینێت، ئۆپۆزسیۆن لەسەرەتاوە کۆمەڵێک کاری گرنگی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ نموونە وەرگرتنەوەی هێزە ئەمنییەکان لە حیزبو مەسەلەی بودجە، دەستوور، دەبێت ئۆپۆزسیۆن پێ لەسەر ئەم مەسەلانە دابگرێتو پەرلەمانی داهاتوو ببێتە پەرلەمانێکی کاراو ببێتە جێی ئومێدی خەڵکی کوردستان.

**رۆژنامە: ئێوە وەکو چوار حیزبەکەی نێو لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازی، تائێستا پرۆتۆکۆڵێک لەنێوانتاندا هەیە؟**

* خۆی لە راستیدا پرۆتۆکۆڵ لەنێوان ئەو لایەنانەدایە کە سیقەیان بەیەکتر نییە، رەنگە ئەو چوار حیزبە کۆمەڵێک ئیلتیزامی ئەخلاقیو هاوپەیمانییان لەنێواندا هەبێت لە پرۆتۆکۆڵ بەهێزتربێت، بەڵام دووریش نییە لە داهاتوودا پرۆتۆکۆڵ بکرێت.

**رۆژنامە: بەپێی هاوپەمانێتییەکەتان، (٢) کورسی بەر سۆسیالیست دەکەوێت، ئەگەر بە تەنیا بەشداری هەڵبژاردنتان بکردایە، کورسی زیاترتان دەهێنا؟**

* ئێمە ئێستا وەکو ئەو چوار حیزبە هاوپەیمانێتیمان کردووەو ئەوە دەهێڵینەوە، رەنگە ئەوە جوان نەبێت بۆ ئێمە کە باسی ئەوە بکەین، بەڵام بە تەئکید هەریەک لەو حیزبانە گەشەی کردووەو پێشکەوتووە.

**رۆژنامە: پێتوایە کورد لە بەرامبەر بەغدا شکستی هێنابێت؟**

* بێگومان لە بەرامبەر بەغدا شکستمان هێناوە، ئێمە لە موسڵ خاوەنی دەسەڵات بووین، ئێستا ئۆپۆزسیۆنین، ئێستا کەرکوکو مەندەلیو حەمرینو خانەقین بەدەست کوردەوە نین، ئەمانە هەموویان شکستی کورد دەردەخەن، کورد ئەوەندە داوای پلەوپایەو سامانی کردووە، ئەوەندە داوای مەسەلە ستراتیژییە گرنگەکانی وەکو (دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان، پێشمەرگە، چارەسەرە ژیانی خەڵک، قەرەبووی ئەنفالو کیمیاباران، چەسپاندنی فیدراڵی) نەکردووە.

> **ئێمە ساڵێک پێش ئێستا پرۆژەیەکمان بە یەکێتیو پارتی داو پێمانوتن خەڵک نارازییەو ئەوان لایان سەیربوو، دەیانوت چۆن خەڵک لە ئێمە نارازییە، ئەوەی ئەوان تەوەقوعیان نەدەکرد روویداو دەنگەکان لە بەرژوەندییان نییە، بۆیە پەنایانبردە بەر تەزویرکردنو کاری نامەشروع**

# موجاهیدینی خەلق دەگاتەوە تاران یان خۆری سیاسیی لە ئەشرەفدا ئاوادەبێت؟

سۆران پالانی

دوای کۆنترۆڵکردنی کەمپی ئەشرەف لەلایەن سوپای عێراقەوە کە بارەگای سەرەکیی هێزەکانی گروپی موجاهیدینی خەلقی ئێرانە لە نزیک پارێزگای دیالە، بووە هۆی کوشتنی نزیکەی (١٣)کەسو برینداربوونی (٥٦٠)کەسی دیکەو تائێستاش (٣٨)کەس لەدەستگیرکراوەکان لەلایەن سوپای عێراقەوە ئازاد نەکراونو (٦)کەس لەوانەش بێسەرو شوێنن، هێزەکانی موجاهیدین کە وەکو پەنابەر لە ئەشرەفدا دەژین، وەک نارەزایی بەرامبەر ئەو هێرشە مانگرتنیان راگەیاندووە.

## ئێران دەستخۆشی لە عێراق کرد

عەلی لاریجانی، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران لە بەرامبەر ئەم کارەی سوپای عێراقدا دەستخۆشی لێکردنو وتی: ئەم کارەی سوپای عێراق جێگای ستایشە، ئەوان دەبوایە زۆر زووتر ئەو کارەیان بکردایە، لەلایەکی دیکەشەوە عەبدولرەحمان مهابادی بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی موجاهیدینی خەلق لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری رەوانیوز وتی: «پێدەچێت لەناو هێرشبەراندا کەسانی سەر بە کۆماری ئیسلامیو سوپای قودسیش هەبووبێت».

## موجاهیدین ئامادەیە بگەرێتەوە بۆ ئێران

رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران لە بەیاننامەیەکدا کە بۆ رای گشتیی بڵاویانکردووەتەوە، ئامادەن بە چەند مەرجێک بگەرێنەوە ئێرانو لەبەیاننامەکەدا هاتووە: «ئەگەر کاربەدەستانی ئەمریکاو عێراق، گەرەنتی ئەوە لە ئێران وەرگرن کە لەکاتی گەرانەوەیاندا بۆ ئێران بەپێی ئەو لیستەی کە لە بەردەستیاندایە لە دانیشتووانی کەمپی ئەشرەف نەگیرێنو ئەشکەنجە نەدرێنو ئازادیی رادەربرینیان مسۆگەر بێت، ئەوا ئەوان ئامادەن بگەرێنەوە بۆ ئێران».

هەروەها لە بەیاننامەکەدا ئاماژەیان بەوەکردووە، پێویستە لە کاتی گەرانەوەشیاندا چاودێرانی نێودەوڵەتیو رێکخراوی مانگی سووری نێودەوڵەتی گەرەنتی جێبەجێکردنی داواکانیان بکەن.

پێش ئەو هێرشەی سوپای عێراق بۆ سەر کەمپی ئەشرەف، مریەم رەجەوی، کەسی یەکەمی رێکخراوەکە ئامادەیی گەرانەوەی ئەندامانی رێکخراوەکەی بۆ ئێران دەربڕی بەچەند مەرجێک، یەکێک لەو مەرجە سەرەکییانە ئازادیی رادەربڕینە، لەبەرامبەردا عەبدولرەحمان مهابادی ئەوەی راگەیاند: «کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادەنییە مەرجەکانی رێکخراوەکەی قبوڵ بکات».

## حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئیدانەی ئەو هێرشە دەکەن

دوای ئەو هێرشانەی سوپای عێراق، هەریەک لە رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئەو هێرشەیان مەحکومکردو داوایان لە حکومەتی عێراق کرد ئەو کردەوانەی دژ بە دانیشتوانی کەمپی ئەشرەف کە وەک پەنابەر لە عێراق دەژین، رابگرن.

لەلایەکی دیکەوە هەر یەک لە پارتەکانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی دیموکراتی کوردستانو پارتی ئازادیی کوردستانو سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەی رەسمیی خۆیاندا ئەو هێرشەیان ئیدانەکردو داوایان لە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤو پەنابەران کرد، فشار بۆ حکومەتی عێراق بهێنن بۆ ئەوەی ئەو کردەوانەی رابگرێتو «هەڵسوکەوتی مرۆڤانە» لەگەڵ دانیشتووانی ئەو کەمپەدا بکات، چونکە ئەوانە بە شێوەی پەنابەر لە عێراقدا وەرگیراونو دەکەونە چوارچێوەی پەیماننامە نێودەوڵەتیو یاساییەکانی پەنابەرانەوە.

لەلایەکی دیکەوە عەلی دەباغ، وتەبێژی رەسمی حکومەتی عێراق لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند، حکومەتی عێراق هەموو مافێکی یاساییو دەستووریی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بە سەر کەمپی ئەشرەفدا بەکاردەهێنێت.

هەروەها دەباغ داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کرد، هاوکاری حکومەتی عێراق بکات لە چارەسەرکردنی دۆسیەی موجاهیدیندا، ئەویش بە دۆزینەوەی وڵاتی سێیەم کە ئەندامانی ئەو رێکخراوە لە خۆ بگرێت.

وتەبێژی رەسمی حکومەتی عێراق وتیشی: لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق بنەما مرۆییو یاساییەکان لەبەرچاودەگرین.

## ئەوانەی هاتوونەتە سەر موجاهیدین کێ بوون؟

عەبدولرەحمان مهابادی لە کەمپی ئەشرەفەوە بە راگەیاندنەکانی وتووە، ئەو کەسانەی کە هاتوونەتە سەر کەمپەکەیان هێزێکی تەواو بوون لە (١٢٠٠)پۆلیسو (٧٠٠)سەربازو (٣٠٠)کەسی تایبەت لە هێزەکانی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق.

لەلایەکی دیکەوە زیاد ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجومەنی پارێزگای دیالە کە هێزەکانی موجاهیدین لەژێر دەسەڵاتی ئەو پارێزگایەدان بە بەشی فارسی ئاژانسی هەواڵی ئیتاڵیای راگەیاندووە: بوونی ئەو هێزانەی موجاهیدین کێشەیەکی وای لە سنوورەکەدا دروست نەکردووە، چونکە ئەوان لە ئۆردوگایەکدانو ناتوانن ئازادانە لە ئۆردوگاکەیان بێنەدەرەوەو هاتوچۆ بکەن.

## موجاهیدین پەنابەرن، یان رێکخراوی سیاسیی؟

دوای رووخانی رژێمی بەعس، هێزەکانی سوپای ئەمریکا گەمارۆی کەمپی ئەشرەفیان داو بە رێکەوتنێک لەگەڵ بەرپرسانی ئەو رێکخراوەدا، موجاهیدینی خەلق چەکەکانیان تەسلیم بە سوپای ئەمریکا کرد، بەمەرجی ئەوەی سوپای ئەمریکا ئەوان لەهەر دەستدرێژییەک بپارێزێتو وەکو پەنابەر کەوتنە ژێر بڕیارو یاساکانی کۆمسیاری باڵای پەنابەرانی سەر بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNHCR)و چوونە چوارچێوەی ئەو یاساو رێکەوتنە نێودەوڵەتییانەی کە سەبارەت بە پەنابەران ئیمزا کراون، بۆیە وەک چاودێران ئاماژەی پێدەکەن ئەم کارەی دەوڵەتی عێراق پێچەوانەی یاسای پەنابەرییە، چونکە ئەوان ئێستا پەنابەرن نەک رێکخراوی سیاسیی.

## چارەنووسی موجاهیدین بەرەو کوێ؟

ئێستا دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا کە پاراستنی دانیشتووانی کەمپی ئەشرەفیان لە ئەستۆبوو، خاکی عێراقیان جێهێشتووەو پاراستنیان لە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقە، بەڵام دوای ئەو هێرشەی کە کرایە سەر ئەو رێکخراوە سیاسییەی کە رێبەرەکانی لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە دیار نین، ئایا ئەو رێکخراوە دەتوانێت بگاتەوە تاران یان خۆری سیاسیی لە ئەشرەفدا ئاوا دەبێت.



وەرگیراوە بە دەستکارییەوە

# دەستبەکاربوونی سەرۆک کۆماری نوێی ئێرانو نادیاربوونی ئاینده

هیوا عەلی

رێورەسمی سوێندخواردنی مەحمود ئەحمەدی نەژاد، کۆتاییپێهاتو وەک سەرۆکی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری ئێران بەرپرسیارێتی دەوڵەتی پێبەخشرا. رەفسەنجانی وەک کارەکتەرێکی بەهێز لە سیستمی سیاسیی ئێران بەشداریی لەم رێورەسمەدا نەکردو کەسانی سەرەکی باڵی ریفۆرمخوازی حکومەتیش، رێورەسمەکەیان بایکۆتکرد، نارەزایەتی بەرفراوان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنو ئامادەبوونی مشتومڕو ململانێی جیدی لە پانتایی سیاسی ئێران، هەواڵی دەستبەکاربوونی ئەحمەدی نەژادی خستە پەراوێزەوەو ئەم رێورەسمە کەمترین دەنگدانەوەی لە ئاستی جیهاندا هەبوو، پێدەچێت یەکلاییبوونەوەی رێبەری کۆماری ئیسلامیی لە پشتیوانیکردنی ئەحمەدی نەژاد لە یەکەمین نوێژی هەینیی دوای هەڵبژاردنو بە سەرۆک کۆمار ناودێرکردنی ناوبراو سەرەرای هەموو خۆپیشاندانو نارەزایەتییەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، لە پەراوێزکەوتنی ئەم هەواڵەدا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووبێتو هەر ئەمەش وایکردبێت کە زۆرتری رووبەری هەواڵو راپۆرتەکانی پەیوەندیدار بە ئێران بۆ خۆپیشاندانو نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بگەرێتەوە، دیارە ئاستی نارەزایەتییەکانو بەردەوامبوونی ئەم بزووتنەوەیەش خۆی لە خۆیدا هەڵگری وەها گرنگیپێدانێکە دەتوانێت وەک مەزنترین رووداوی مێژوویی، ئەم سەردەمە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بهەژێنێت.

بەڵام چۆنێتی بەرێوەچوونی رێورەسمی سوێندخواردنی سەرۆک کۆماری ئێرانو ئامادەکارییەکانی ئەم رێورەسمە، جێگەی سەرنجەو دەکرێت لە چۆنایەتی ئەم کەرنەڤاڵە، خوێندنەوە بۆ بەشێک لە قەیرانە هەنووکەییەکانی سیستمی سیاسی ئێران بکرێت، سەرنجراکێشترینو لەهەمانکاتدا گرنگترین خاڵی ئەم رێورەسمە، بەشدارینەکردنی بەرچاوترین کۆڵەکە مرۆییەکانی سترکتۆری سیاسی ئێران، واتە رەفسەنجانیو ناتق نوریو ....هتد بوون، لێرەدا رکابەربوونو بردنەوەو دۆراندن دەورێکی ئەوتۆی نییەو گرنگی پرسەکە بەلاوەنانی بەهاو پیرۆزییەتێک بە پێناسەی ویلایەتی فەقیهە، ئەم بابەتە خاڵی وەرچەرخانی هاوکێشە سیاسییەکانی ناو کۆماری ئیسلامیو ئاشکرابوونی رەهاو یەکلاییبوونەوەی جەمسەرە ناکۆکو نەیارەکانی سیستمی سیاسی ئێرانە. ئەگەر جاران ویلایەتی فەقییە قسەی کۆتایی دەکردو وەک زەرفێک هەموو ناکۆکییەکانی لە خۆیدا دەتواندەوە، ئەوا ئەمجارە سەرکەوتنی بەدەستنەهێناو ئەم خاڵەش لە بەستنی دەسەڵاتی داخراوو تاک رەهەندا هەڵگری چەندین بروسکەی بەهێز بۆ قەیرانەکانی داهاتووە.

خاڵێکی دیکەی ئەم رێورەسمە، رەنگدانەوەی باری سایکۆلۆژی بەشداربووانی رێورەسمەکەو دیاربوونی نیگەرانییەکان لە ئەنجامو رۆژەکانی داهاتووی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژادە، دڵەراوکێو نیگەرانی بە دەموچاوی هەموویانەوە دیارەو وردبوونەوە لە وێنەکانی ئەم رێورەسمە دەتوانێت راستبوونی ئەم تێروانینە پشتراستبکاتەوە، جیا لە هەموو ناکۆکییەکانی ناو سیستم، لەئارادابوونی خۆپیشاندانو پێکدادانی قورس لەنێوان خەڵکو هێزە ئەمنییەکان لە دەرەوەی رێورەسمەکە، سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ ئەم نیگەرانییەبووەو ترس لە بەردەوامبوونی ئەم بزووتنەوەو ئەگەرەکانی ئامادەکردنی بەستێنێکی رادیکاڵتر بۆ گۆرانی بنچینەیی لە کۆمەڵگەی ئێران، دەورێکی کاریگەری لەوەها حاڵەتێکدا گێراوە.

مەیدانی کارکردنی دەوڵەتی نوێی ئێران، گۆرەپانی پێکدادانی ناکۆکیو پارادۆکسەکانەو ئایا ئەم دەوڵەتە دەتوانێت لەم زۆرانبازییەدا سەرکەوتن بەدەستبێنێت؟

## شۆڕش حاجی:

# لەدوای ٢٥ی تەممووزەوە نەخشەی سیاسی هەرێم گۆڕاوەو ناچێتەوە قاڵبی پێشوو

سازدانی: دلێر عەبدولخالق

**شۆڕش حاجی، چاودێریی سیاسیی‌و خوێندکاری دکتۆرا لەزانکۆی ئێگزیتەری بەریتانی، لە دیدارێکی رۆژنامەدا، تیشکدەخاتە سەر پرۆسەی سیاسیی‌و گۆڕان لەنەخشەی سیاسیی هەرێمداو دەڵێت: «نەخشەی سیاسیی هەرێم گۆڕاو جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە دواوە، خەڵکیش چاوەڕوانییەکی زۆر گەورەی لەم هەڵبژاردنە دەکرد، بەو ئاقارەی گۆڕان لەنەخشەی سیاسیدا رووبدات، ژیان‌و گوزەرانی خەڵک بەرەو باشتر بچێت، ئەو گەندەڵی‌و پاشاگەردانییەی هەبووە نەهێڵرێت».**

**لەبارەی ئەدای پەرلەمانی داهاتووی هەرێم، حاجی پێیوایە ئەو گروپە ئۆپۆزسیۆنانەی دەنگی جەماوەریان بەدەستهێناوە پەرلەمانێکی ئەکتیڤ‌و جولاو بەرهەمدەهێنن‌و وا لەپەرلەمان دەکەن چیتر بڵندگۆی دەنگدانەوەی ویست‌و خواست‌و بڕیارەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نەبێت، سەرکەوتنی گۆڕانیش زۆر گەورەیەو سەرەتای گۆڕانێکی بنەڕەتی دەبێت لەنەخشەی سیاسیی‌و سیستمی حوکم لەکوردستانی عێراقدا.**

**رۆژنامە: لە تشرینی یەکەمی (٢٠٠٨)دا، لەگەڵ سێ کەسی دیکەدا کە کادیرو پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی بوون، رەوتی گۆڕینی دیموکراسی (رەگ)تان دامەزراند، لەگەڵ ئەوەی داواکارییەکانتان پشتگوێخراو مافی ئەندامێتیشتان لە یەکێتیدا لێسەندرایەوە، ئایا تا ئەوکاتە پێتانوابوو گۆڕان لەناوخۆی حیزبەوە دەکرێت؟**

– هەرچەندە نامەوێت بگەڕێمەوە مێژووی دامەزراندنی (رەگ)، بەڵام ئەوکات پێمانوابوو گۆڕانکاریی لەناو یەکێتی نیشمانیدا دەکرێت‌و بەوهۆشیەوە دەتوانین گۆڕان لەسیستمی حوکمیشدا بکەین، دوای ئێمە زۆر گروپی دیکەو خەڵکانی دیکەی دڵسۆز پڕۆژەی بەرنامەی گۆڕانیان هەبوو لە چوارچێوەی یەکێتیدا، بەڵام ئەنجامی کۆتایی کۆی هەوڵەکان گەیشتنە بنبەست‌و هەموو ئەو گروپانەو ئێمەش نائومێدبووین لەوەی گۆڕان لەچوارچێوەی یەکێتیدا بکرێت، بۆیە بەناچاری لەدەرەوەی یەکێتیدا بەرنامەی گۆڕان هاتەکایەوەو سەرکەوتنی گەورەشی بەدەستهێنا، بەو پێیەی بزووتنەوەی گۆڕان تەمسیلی خواست‌و ویستی خەڵکی دەکردو داخوازییەکانی خەڵکی لەبۆتەی بەرنامەیەکی سیاسیدا بەرجەستەکرد.

**رۆژنامە: بەو حوکمەی لەدەرەوە گەڕایتەوەو بەشداریی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتیی هەرێمت کرد، بە بڕوای تۆ گرنگی‌و جیاوازیی ئەم هەڵبژاردنە لەچیدا خۆی دەبینێتەوە؟**

– گرنگی‌و جیاوازی ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو، ئەوەبوو رکابەرییەکی راستەقینە لەنێوان سێ لیستی هەڵبژاردنەکەدا لیستی کوردستانی‌و گۆڕان‌و خزمەتگوزاری‌وچاکسازیدا هەبوو، بەو هۆیەشەوە خەڵک بەپەرۆشەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەڕۆیشتن‌و لەهەوڵی سەرخستنی ئەو لیستەدا بوون کە جێی باوەڕیان بوو، لێرەوە راشکاوانە بەرگرییان لەخۆیانکردو بەشێوەیەکی گشتیش خەڵک چاوەڕوانییەکی زۆر گەورەی لەم هەڵبژاردنە دەکرد، بەو ئاقارەی گۆڕان لەنەخشەی سیاسیدا رووبدات، ژیان‌و گوزەرانی خەڵک بەرەو باشتر بچێت، ئەو گەندەڵی‌و پاشاگەردانییەی هەبووە نەهێڵرێت.

**رۆژنامە: ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوەمان پێدەڵێت کە خەڵک ویستی گۆڕانی هەیە؟**

– خەڵک چاوەڕێی دەنگی زیاتری بۆ گۆڕان دەکرد لەئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام وێڕای ئەو هەموو ساختەکاریی‌و هەڕەشەو گوڕەشانەی دەسەڵات، نانبڕینی خەڵک‌و هەموو ئەو هەوڵانەی دران، لیستی گۆڕان بێئەوەی سەرچاوەی مادیی گەورەو راگەیاندنی گەورەی لەبەردەست بێت، کە لەبەرامبەردا لیستی دەسەڵاتدار خاوەنی سەرچاوەیەکی دارایی‌و ماکینەی ئیعلامی یەکجار گەورەبوون، گۆڕان توانیویەتی (٢٥) کورسیی پەرلەمان مسۆگەر بکات، پێموایە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیەو سەرەتای گۆڕانێکی بنەڕەتی دەبێت لەنەخشەی سیاسیی‌و سیستمی حوکم لەکوردستانی عێراقدا.


شۆڕش حاجی

**رۆژنامە: ئەوەی دەوترێت کە بزووتنەوەی گۆڕان تەنیا گەیشتە پارێزگای سلێمانی‌و بەشێک لە هەولێر تاچەند راستە، بە دیوێکی تردا ئایا لەو شوێنانەی گۆڕان دەنگی زۆری بەدەست نەهێناوە، واقیعەکە ئەوە دەسەلمێنێت، یان هەلومەرجەکە ئەوە فەرز دەکات؟**

– لە زاخۆ تا گەرمیان، گۆڕان ویستی خەڵکی کوردستان بووە، واتە لەپارێزگای دهۆک‌و هەولێرو سلێمانی هەمووی، بەڵام ئەگەر بڵێین ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تەواو رەنگدانەوەی رێژەی خواستی خەڵک بێت بۆ گۆڕان راست نییە، واتە مەرج نییە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان رەنگدانەوەی واقیعی دانیشتووانی ئەو پارێزگایانە بێت.

**رۆژنامە: وەک چاودێرێکی هەڵبژاردنەکان، پێتوایە لەم هەڵبژاردنەشدا دەسەڵات یاریی بە دەنگ‌و ئیرادەی خەڵک کردووە؟**

– بەڵێ، دەسەڵات یاریی بەدەنگ‌و ئیرادەی خەڵک کرد، لە رۆژی هەڵبژاردندا لەهەولێر بووم، بە بەرچاوی ئێمەوە دەیان پێشێلکاریی کراوە کە لەهیچ سیستمێکی دیموکراسیدا ئەم جۆرە پێشێلکارییە ناکرێت، چونکە نە خەڵک قبووڵی دەکات‌و نە دەزگای هەڵبژاردنەکانیش ملکەچی دەکات، لەبارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش پێموایە، سەرکەوتن ئەوەیە چەند دەتوانی بڕوای خەڵکی کوردستان بۆ خۆت رابکێشیت، کە بێگومان دەسەڵات ئەو متمانەیەی خەڵکی لەدەستداوە.

**رۆژنامە: لەم هەڵبژاردنەدا دۆخێک هەیە، دۆڕاو و براوە بە روونی دیارنییە، دۆڕاوەکان واخۆیان نیشاندەدەن کە براوەن، براوەکانیش بەهێمنیی تەمسیلی خۆشیی بردنەوەیان دەکەن؟**

– رەنگدانەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەلایەن ئەو هێزانەی بەشدارییان لەپرۆسەکەدا کرد، بەشێکی بۆ چەواشەکردنی خەڵکە، وەک ئەوەی لایەن هەیە خۆی بە براوە دەزانێت، بەڵام لەدەروونەوە دەزانێت کە دۆڕاوەو دەنگەکانی لەئەنجامی هەڕەشەو گوڕەشەو پێشێلکارییەکانەوە بەدەستهێناوە، ئەگینا لەبنەڕەتدا ئیرادەی خەڵکی دۆڕاندووەو خەڵک پشتیوانییان لێ ناکات، لەبەرامبەریشدا لیستی گۆڕان وەک کیانێکی جەماوەریی‌و بنکەفراوان کە تەنیا بەپشتیوانی خەڵک ئەو سەرکەوتنەی بەدەستهێناوە، لەگەڵ ئەوەی بە ژمارە نەیبردووەتەوە، بەڵام خۆیان بەسەرکەوتوو دەزانن، چونکە لە کۆتاییدا جەماوەریان لەپشتە.

**رۆژنامە: لەدوای هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان، هێزێکی کارای ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانەدا دروستدەبێت کە چاودێریی دەسەڵاتەکان دەکات، پێتوایە ئەو هێزە چ گوروتینێک بە دیموکراسییەتی هەرێم دەبەخشێت؟**

– ئەو گروپە ئۆپۆزسیۆنانە پەرلەمانێکی ئەکتیڤ‌و جولاو بەرهەمدەهێنن، وا لەپەرلەمان دەکەن چیتر بڵندگۆی دەنگدانەوەو ویست‌و خواست‌و بڕیارەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نەبن، لیستی گۆڕان بەو هیوایە دەڕواتە پەرلەمان کە داوای شەفافیەت بکات لەکۆی بڕیارە سیاسیی‌و ئابووری‌و دیبلۆماسی‌و تەواوی کایەکانی دیکەی هەرێم، هەروەک وا لەخەڵکی کوردستان دەکەن بەئاگابن لەکۆی بڕیارەکان‌و پەرلەمانیش ببێتە چاودێری حکومەت، ئەمەش سەرەتایەکی زۆر باش دەبێت بۆ دیموکراسییەتی هەرێم‌و لە ئایندەشدا گۆڕان دەبێتە هێزی سەرەکی لەکوردستان. هاوکات، ئەگەر ئەو دوو حیزبەش لەترسی هەڵمەتی بانگەشەی لیستی گۆڕان بەخۆیاندا بچنەوەو بتوانن هەندێک گۆڕان بکەن تا خەڵک لێیان رازیبێت، دیسان سەرکەوتنێکی دیکەیە بۆ خەڵکی کوردستان‌و تەکانێکی دیکە دەدات بەدیموکراسییەت.

**رۆژنامە: پێشتر باست لە گۆڕانی نەخشەی سیاسیی هەرێم کرد، پێتوایە ئەو دەنگانەی لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان بەدەستیانهێناوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی دەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسیی‌و بڕیارە سیاسییەکان؟**

– لەدوای (٢٥)ی تەممووزەوە نەخشەی سیاسیی هەرێم گۆڕاو جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە دواوە، هەرچەندە خەڵک چاوەڕێی ئەنجامی باشتری بۆ گۆڕان دەکرد، بەڵام لەراستیشدا ئەگەر لیستی گۆڕان دەنگی تەواویشی بهێنایەو لەتوانایدا هەبوایە حکومەتیش پێکبهێنێت، پێموانییە لەماوەیەکی کورتدا بیتوانیایە ئەو هەموو گەندەڵی‌و پاشاگەردانی‌و تێکەڵکردنی دەسەڵاتەکان بسڕێتەوەو بگۆڕێت، بۆیە ئێستا ئەو هێزانەی وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە کاریگەریی تەواویان دەبێت لەنەخشەی سیاسیی ئایندەی هەرێمدا، ئەم سەرەتایەش گۆڕانێکی گەورەیەو پێویستی بە کات‌و دیراسەکردنی رابردوو و هەلومەرجی ئێستا هەیە، بۆ دانانی نەخشەیەکی گونجاوتر بۆ داهاتوو.

**رۆژنامە: لەئێستاوە لەناو خەڵک‌و ناوەندە جیاجیاکاندا، مقۆمقۆی ئەوە هەیە کە ئەو هێزانەی دەرەوەی یەکێتی‌و پارتی بەشداری لە حکومەتدا دەکەن یان نا، تۆ پێت باشە ئۆپۆزسیۆن بەشداربێت لەحکومەت یان لەدەرەوەی دەسەڵات، سەرگەرمی مومارەسەی کاری سیاسیی خۆی بێت؟**

– دیموکراسییەت بەبێ بوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن هیچ مانایەکی نییە، ئەو دۆخە بەرنامەی جیاواز، رکابەری جیاواز، بۆچوونی جیاوازو ئەنجامی دۆڕان‌و بردنەوەی تێدا قبوڵدەکرێت، ئۆپۆزسیۆن بەوە دەبێتە هێزی بەرهەڵستکار کە بەشداریی لەحکومەتدا نەکات، واتە ئەگەر بەشداریکرد مانای وایە ئۆپۆزسیۆن نییەو شتێکی دیکەیە، لێرەوە دەبێت ئەو هێزانە رەخنە لەئەدای حکومەت بگرن، چاودێریی ئەدای حکومەت بکەن‌و ئەلتەرناتیڤیان هەبێت بۆ هەموو کارو کردەوەکانی حکومەت، بۆ نموونە ئەگەر لیستی گۆڕان بچێتە ناو حکومەتەوە، پێموایە متمانەی خەڵک لەدەستدەدات‌و خەڵک نائومێد دەکات‌و هیچیشیان پێ ناگۆڕێت، چونکە ئەو هێزە ئەو کارانەی لەناو پەرلەمان پێیدەکرێت زۆر لەوە گەورەترە بچێت لەناو حکومەتدا بیکات.

**رۆژنامە: گۆڕینی باڵانسی هێز لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا، چارەنووسی رێکەوتننامە ستراتیژییەکە بە چ ئاقارێکدا دەبات؟**

– رێکەوتننامەی ستراتیژیی بە ماناو پێناسەکەی زۆر زۆر گەورەترە لەو رێکەوتننامەیەی یەکێتی‌و پارتی، ئەوەشی هەیە لەنێوان ئەو دوو حیزبەدا رێکەوتننامەی ستراتیژیی نییە، بەڵکو رێکەوتننامەیەکە لەسەر بەرژەوەندی‌و داهات‌و دەستکەوتەکانی هەرێم رێکەوتوون، رەنگە باشترین خاڵی ئەو رێکەوتننامەیە ئاشتی‌و تەبایی نێوان ئەو دوو حیزبە بێت، بەڵام واقیعیش ئەوەمان پێدەڵێت ستراتیژیی بێت، یان ناستراتیژیی ئەو رێکەوتننامەیە وەک خۆی نامێنێتەوە، چونکە بەم نەخشە نوێیە، بەندەکانی رێکەوتننامەکە تێکدەچێت‌و واقیع ئەوە فەرزدەکات شکڵ‌و شێوەیەکی دیکە وەربگرێت.

> **رێکەوتننامەی ستراتیژیی بە ماناو پێناسەکەی زۆر زۆر گەورەترە لەو رێکەوتننامەیەی یەکێتی‌و پارتی، ئەوەشی هەیە لەنێوان ئەو دوو حیزبەدا رێکەوتننامەی ستراتیژیی نییە، بەڵکو رێکەوتننامەیەکە لەسەر بەرژەوەندی‌و داهات‌و دەستکەوتەکانی هەرێم رێکەوتوون**

**پرۆفایل**

- ساڵی (١٩٥٨) لەدایکبووەو خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی‌و ئامادەیی لە کۆیە تەواوکردووە.
- ساڵی (١٩٧٩) کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی موسڵی تەواوکردووە.
- لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی رەنجدەران‌و دوای تەواوکردنی خوێندن بووەتە پێشمەرگە.
- لەکۆتایی ساڵی (١٩٩٠)ەوە دەچێتە دەرەوەو تا ئەوکاتە ئەندامی دەزگای رێکخستنی کۆمەڵە بووە.
- ماجستێری لە (سەرچاوەکانی ئاو)دا لە زانکۆی ستی‌و ماجستێری لەسەر (سیستمی خوێندنی باڵا) لەزانکۆی گرینج هەیە.
- خوێندکاری دکتۆرایە لە زانکۆی ئێگزیتەر.
- سەرۆکی بەشی تەکنەلۆژییە لە کۆلێژی ئەندازیاریی لە لەندەن.
- چەند کتێبێکی بەزمانی ئینگلیزی‌و کوردی لەسەر جینۆسایدی کوردو تەعریبی کورد نووسیوە.
- بەشداریکردووە لەنووسینی کتێبی جینۆسایدی کورد کە رێکخراوی هیومان رایتس ووچ ئامادەیکردووە.
- بەشدارێکی کارا بووە بۆ کەمپەینی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان.

### بەڕێوەبەری دەستەی پێوانەسازیی و کۆنترۆڵی جۆریی:

# ئەو خۆراکانەی لە ساڵانی ڕابردوودا هاتوونەتە ناوەوە، کاریگەرییان هەبووە لەسەر زۆربوونی نەخۆشی لە کوردستاندا





سەنگەر جەمال

هاتنەناوەوەو بوونی خۆراکی خراپ لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان‌و زۆربوونی ژمارەی ئەو نەخۆشییانەی خواردنی خراپ هۆکاریانن، حکومەت ناچار دەکات جگە لە کوالێتی کۆنترۆڵ تاقیگەیەکی دیکە بۆ پشکنین بکاتەوە، بەشێوەیەک کە جگە لەو خۆراکانەی ساڵانە لە بازاڕو گەنجینەکاندا کۆدەکرێنەوەو دەسوتێنرێن، لەماوەی ساڵێکدا زیاتر لە هەزارتەن بەرهەمی خۆراکی خراپ لە سنوورەکاندا گەڕێنراونەتەوە.

## خراپیی خۆراکەکان حکومەت ناچاردەکات ڕێگریی بکات

بەشی چاودێریی خۆراک لە تاقیگەی تەندروستیی هەولێر لەسەر بودجەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (who)و بە بڕی ملیۆنێک‌و (٤٠٠)هەزار دۆلار کرایەوە بۆ چاودێری‌و پشکنینی خۆراکەکانی ناوبازاڕ لە ڕووی کیمیایی‌و بایلۆجی‌و مەوادی حافیزەوە، ئەوە لەکاتێکدایە لە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆنترۆڵی جۆریی لە سنوورەکاندا دانرا.

د.زریان عوسمان وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم، پێیوایە بەشی چاودێریی خۆراک گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆپشکنینی هەموو جۆرە خۆراکێکی ناو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان‌و ئەو خۆراکانەی کە لەسنوورەکانیشەوە دێنە ناو هەرێمی کوردستان، وتیشی: «کارەکانی ئێمە بەهەماهەنگییە لەگەڵ کوالیتی کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان‌و بەهەردوولا هەوڵدەدەین خۆراکی نەشیاو نەیەتە ناوسنووری هەرێمی کوردستانەوە».

کردنەوەی ئەو بەشە لەکاتێکدایە کە کۆنترۆڵی جۆریی هەیەو پشکنین دەکات، بەڵام د.زریان عوسمان، ئاماژەی بەوەکرد کارەکانیان بۆ پشکنینی خۆراک لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی کۆنترۆڵی جۆریی دابەشکردووە: «ئەوان بەرپرسن لە خاڵە سنوورییەکان‌و ڕێگرتن لە هاتنەناوەوەی خۆراکی خراپ بۆناو شارەکان، بەڵام ئێمە بەرپرسین لەناو بازاڕو لەوەی بەردەوام پشکنین بکەین‌و نموونەی خواردن وەرگرین‌و بیبەینە تاقیگە»، باسی لەوەشکرد کە هەندێکجار لە سنوورەکانەوە خواردنێک دێتە ناوەوە کە ئاساییە، بەڵام لە بازاڕو گەنجینەکاندا دەمێنێتەوە یا لەبەر گەرماو سەرماو خۆڵ دادەنرێت‌و تێکدەچێت «ئێمە بەردەوام پشکنین بۆ ئەو شتانە دەکەین».

پێشیوایە تا خاڵە سنوورییەکان توند نەکرێن کۆنترۆڵکردنی خۆراکی ناوبازاڕ زەحمەتە، بەوپێیەی فرۆشیارو دوکاندارەکان زۆرن‌و ناتوانرێت چاودێریی هەموویان بکرێت وتیشی: «بۆ ڕێگرتن لەو دیاردانەو پاککردنەوەی بازاڕ لە خواردەمەنی خراپ پێویستمان بە بازاڕی مەرکەزی بە ستانداردی جیهانی هەیە، ئەگینا زۆر زەحمەتە چاودێر لەسەر دوکانەکان دابنێین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت فرۆشیارەکان هەست بە لێپرسراوی بکەن‌و شتی خراپ نەفرۆشن، هاوڵاتیانیش خواردنی بەر هەتاوو خۆڵ نەکڕن‌و سەیری وادەی بەسەرچوونی بکەن».

د.موئەیەد عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری دەستەی گشتیی پێوانەسازی‌و کۆنترۆڵی جۆریی هەرێم، ئاماژە بە گرنگی دەزگای کۆنترۆڵی جۆریی دەکات‌و پێیوایە کاریگەریی هەیە لە ڕێگرتن لە هاتنەناوەوەی خۆراکی زیانمەندو وتی: «ئەو خۆراکانەی ڕەتمانکردونەتەوە زیانیان هەیە بۆ تەندروستیی هاوڵاتیان». لەبارەی ئەو خۆراکانەی ساڵانی ڕابردوو بەبێ کۆنترۆڵ هێنراونەتە شارەکان‌و ئەگەری کاریگەریی خراپیان وتی: «ئەو خۆراکانە لەساڵانی ڕابردوودا هاتونەتەناوەوە کاریگەرییان هەبووە لەسەر زۆری نەخۆشی لە کوردستاندا، پێشتریش کە دەستمان بە کارکردنکردووەو ئەو نموونانەی وەرمانگرتووە زۆر مەوادو خۆراکی خراپی تێدا بووە کە زیانی بە هاوڵاتیان گەیاندووەو زیانی بۆ تەندروستییان هەیە».

## «بەشەخۆراکی مانگانە»

## بە شێک لە خۆراکە خراپەکان

بەشە خۆراکی مانگانەی هاوڵاتیان بەشێوەیەکە کە جگە لەوەی بەهۆی خراپی جۆرەکەیەوە زۆرێک لە هاوڵاتیان ئامادەنین بەکاریبهێنن، بەشێکیان خراپبوون‌و لە تاقیگەکاندا دەردەکەون کە بەکەڵکی خواردن نایەن‌و بەرپرسێکی تەندروستیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە وەزارەتی بازرگانی بەغداو هەرێم زیاتر بەشدارن لەوەدا.

وەزیری تەندروستی نکوڵی لە خراپی بەشێک لەو خۆراکانە ناکات‌و دەڵێت: «نابێت وەزارەتی بازرگانی خۆمان شتێک وەربگرێت ئەگەر بەپێی ستاندەری جیهانی نەبێت، نموونەی ئەو خواردنانە دەنێردرێت بۆ تاقیگەی کۆنترۆڵی جۆریی‌و ئەوانیش دوای پشکنین دەڵێن گونجاوە بۆ خواردن کە دەشچێتە شارەکان ئێمەش وەک فلتەری سێیەم بەردەوام نموونەی لێوەردەگرین‌و پشکنینی بۆ دەکەین»، هەروەک نموونەی ئەوەی هێنایەوە کە لەماوەی ڕابردوودا هاوڵاتییان‌و وەزارەتی بازرگانییان ئاگادارکردەوە کە بەشێک لەو شیرە یا ئەو ڕۆنەی لە بایەعی دەدرێت گونجاو نییە بۆ خواردن.

د.زریان باس لەوەشدەکات، ڕەنگە هەندێکجار ڕانەگەیەنرێت کە لەلایەن تاقیگەکانی ئێمەوە لە هەرێم هەندێک خواردن ڕەتدەکرێتەوەو ناهێڵین بێتەناوەوە، بەڵام «هەندێکجار لە پشکنینەکانی سەرەتاییدا دێتە ناوەوە، بەڵام دواتر وەک پێویست هەڵناگیرێت‌و ڕەنگە لە دوکانەکاندا خراپ بێت».

## خۆراکی گەڕاوەو بەسەرچوو

دوابەدوای توندبوونی لێپێچینەوەکانی تەندروستی‌و کۆنترۆڵی جۆریی، ڕێژەیەکی زۆری خۆراک لە بازاڕەکاندا کۆدەکرێتەوەو دەسوتێنرێت یان لە سنوورەکانەوە دەگەڕێنرێتەوە، بەڵام ئەوەی هاوڵاتیانی نیگەرانکردووەو پێیانوایە سەرچاوەی بەشێک لە نەخۆشییەکانە، بەکارهێنانی بەشێک لەو خۆراکانەیەو بەشێکی دیکەیان دزە دەکەنە بازاڕەکانەوەو هاوڵاتیان بەبێ ئاگاداربوونی لە خراپی جۆرەکەیان دەیکڕن.

لەماوەی ساڵێکداو لە مانگی ئازاری (٢٠٠٨) تا مانگی ئازاری (٢٠٠٩)نزیکەی (١٠٨٢) تەن بەرهەمی خۆراکی خراپ‌و ماوەبەسەرچوو، (١٦)هەزارو (٩٢٧)کارتۆن خواردنەوەی گازی‌و وزەبەخش‌و جۆرەکانی بسکویت‌و جوکلێت‌و چەرەزات لەڕێگەی هەریەک لەمەرزەکانی ئیبراهیم خەلیل‌و باشماخ‌و حاجی ئۆمەران‌و پەروێزخانەوە ڕەوانەی هەردوو وڵاتی ئێران‌و تورکیا کراونەتەوە.

د.زریان عوسمان، ڕونیدەکاتەوە کە پێشتر لە شارەکاندا تاقیگەیەکی ئەوتۆ نەبووە بۆ پشکنینی خۆراک‌و دەڵێت: «ئەو تاقیگانەی هەبوون لاوازبوون‌و وەک پێویست نەبوون». هەروەک ئاماژە بە هاتنەناوەوەو بوونی ڕێژەیەکی زۆری خۆراکی خراپ دەکات‌و کۆکردنەوەو سوتاندنی ئەو ڕێژە خۆراکەی لەلایەن تیمەکانی تەندروستییەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت بە نموونەی قسەکانی دەهێنێتەوە.

ئەوەشی خستەڕوو، بەردەوام تیمەکانیان لێپێچینەوە دەکەن‌و وتی: «سەدان کەسمان سزاداوەو ساڵی ڕابردوو لە شارەکاندا بە ملیۆنان دینار غەرامەمانکردووە».

هەروەها بەڕێوەبەری دەستەی گشتیی پێوانەسازیی‌و کۆنترۆڵی جۆریی هەرێم ئاماژەی بەوەکرد، ئەوان بەپێی ئەو پێوەرو مواسەفاتانەی حکومەتی عێراق کاری لەسەر دەکات لەماوەی ڕابردوودا ئەو ڕێژەیەو زیاتریش خۆراکیان گەڕاندووەتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی خۆراکیان لێدێت بۆ کوردستان کە «هەندێکیان بەسەرچوون یان هێندەیان نەماوە، یان مێژووەکەیان دەستکاریکراوە». ئاماژەی بەوەشکرد، لە سنووری وڵاتاندا بنکەیان هەیەو وتیشی: «ئەگەر خۆراکی بەسەرچوو هەبێت یا کۆنەو ماوەتەوە یا بەقاچاخ‌و لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە هاتووە».

## خۆراکە قاچاخەکان

ئەوەی مەترسیی لەسەر ژیان‌و تەندروستیی هاوڵاتیان دروستکردووە ئەو خۆراکانەیە کە دوور لە پشکنینەکانی کوالێتی کۆنترۆڵ‌و بەڕێگەی قاچاخ دەهێنرێنە ناو هەرێمەوە.

د.زریان بەکاری وەزارەتی ناوخۆو دەزگای ئاسایشی دەزانێت کە ڕێگری لێبکەن‌و سنوورەکان توند بکەن، وتیشی: «هەرچەندە نازانین چی بەقاچاخ یا بە یاسایی هاتووە، بەڵام هەرشتێک گومانی لێبکەین کە بەقاچاخ هاتبێت ڕەفزی دەکەین‌و ناهێڵین لە بازاڕەکاندا بفرۆشرێت».

بەڵام وەزیری تەندروستی ئاماژە بە خراپی‌و مەترسیی ئەو خۆراکانە دەکات‌و دەڵێت: «ئەو خۆراکانەی بەقاچاخ دەهێنرێنە ناوەوە مەترسییەکی زۆر دەخەنە سەر ژیانی هاوڵاتیان، لەکاتێکدا من بیستومە نەک تەنیا پشتی وڵاخ، بەڵکو بە لۆرییش هەندێکجار لەهەندێک خاڵی سنوورییەوە خۆراک بە قاچاخ دەهێنرێت».

---

# باج لەسەر پەتاتە هەڵدەگیرێت

محەمەد ساڵح حەمەلاو

حکومەتی هەرێم باج لەسەر بەروبوومە خۆراکییەکان هەڵدەگرێت‌و سەرچاوەیەکیش لە بەڕێوەبەرێتی گومرکی سلێمانی هەواڵەکە پشتڕاست دەکاتەوە.

سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتی گومرکی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ئێستادا باج لەسەر هێنانی پەتاتە بۆ ناو هەرێم هەڵگیراوە، بەڵام ئەوەی ڕەتکردەوە کە باج لەسەر هێنانی میوەو مادە خۆراکییەکانی وەک ساردی‌و شیرەمەنی لابرابێت»

سەرچاوەکەی گومرکی سلێمانی ئاماژەی بەوەشکرد ساڵانە بەپێی وەرزەکان‌و لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی جوتیارانی کوردستان لەلایەن بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵەوە نووسراومان ئاراستە دەکرێت بۆ ئەوەی باج لەسەر هەندێک خۆراک‌و میوە دابنێین کە لە دەرەوە هاوردەی هەرێم دەکرێن، وتیشی: «ئامانج لەو کارەش پاراستنی ڕەنج‌و ماندووبوونی جوتیارانی هەرێمە تا ئەو کاتەی بەرهەمەکانیان ساغدەکەنەوە»

ئەوسەرچاوەیە جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە کە لە ئێستادا تەنیا باج لەسەر پەتاتە هەڵگیراوە، بەڵام هەموو بەرهەمەکانی دیکە باج‌و گومرگیان لەسەر ماوەو بەرهەمێکی وەک تەماتە لە ڕۆژی (٦/١٥)ەوە تا (١٠/٣١) باجی لەسەر دانراوە.

---

# بۆ/ زۆر بەڕێز کاک عیماد ئەحمەد (جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم)

**بابەت : داواکاری**

**ئەم کاتەتان باش...**

بەڕێزان ئێمە وەکو خاوەنی پێنج غەسالەی چەوو لەو دوو مەعمەلی بلۆکی چەمی قەڵاچوالان.

پێتان ڕادەگەیەنین کە چوار ساڵە ڕێگای قەڵاچوالان- ئەزمەڕ لەئێمە قەدەغەیە، واتە ناهێڵن گەڵابە مەوادی ئێمە ببات بۆ سلێمانی، هەروەها شۆفڵ‌و مەکائین‌و تەنانەت تەنکەرە گازیش لەسلێمانییەوە بێت، لەکاتێکدا کە هەموو کارگەکان مۆڵەتی یاساییان هەیە.

لەهەمانکاتدا بۆ ئیدارەی گشتی‌و کۆمپانیای نۆکان ڕێگە ئازادە، بەبەرچاوی ئێمەوە مەواد بە فولی باردەکەن ئەو گەڵابانەی کە وەرەقەی ئەو دوو شوێنەیان پێبێ.

ئێمەش هەر بێدەنگبووین لەدەرگای هیچ شوێنێکمان نەداوەو هەر بەنیازی کردنەوەی تونێلەکە بووین ئێستاش کاتی کردنەوەیە.

جا داوا لە بەڕێزتان دەکەین چیتر مەحروم نەبین لە ڕێگای تونێلەکە یان ئەزمەڕ، چونکە هیچ بەدیلێکی ڕێگای ترمان نییە بەس قەیوان نەبێت ئەویش زۆر دوورە نەگونجاوە بۆ ئێمە.

چاوەڕێی هەڵوێستی جەنابتانین.

لەگەل ڕێزماندا...

**لەجیاتی سەرجەم خاوەن غەسالەکان**

**هێمن ساڵح عبدالرحمن**


بۆری GRP

# بۆری GRPو پرۆژەی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان - سلێمانی

**فرمان عەبدولڕەحمان**

دوای ئەوەی لە ڕێگەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەوە ریپۆرتاژێک بڵاوکرایەوە لەسەر بەکارهێنانی بۆریی GRP لە پرۆژەی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان- سلێمانیدا، دواتر بۆردی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە چەند وەڵامێکیان لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکردەوە، کە کورد وتەنی «عوزر لە قەباحەت خراپتر».

پێش هەمووشتێک بۆریی GRP کە ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی‌و لە مادەیەکی کیمیایی پێکهاتووە بەناوی فایبەر گڵاس، کە هەموو سەرچاوە زانستییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو مادەیەی لە پێکهاتەی فایبەر گڵاسدا هەیە سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە، چونکە پێکهاتەی سەرەکی فایبەر گڵاس بریتییە لە مادەی سیلیکا sio2.

بۆریی GRP لەزۆربەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ بەکارهێنانی ئاوی ناخواردنەوە بەکاردێت، بەتایبەتی لە پرۆژەی ئاودێری‌و پرۆژەی ئاوەڕۆو پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاوی دەریا بەمەبەستی دلۆپاندن‌و دواتر بەکارهێنانەوەی بۆ پێداویستی دیکەی جگە لە خواردنەوە، ئەوەی ئەندامانی بۆردی سەرپەرشتیاری پرۆژەی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان – سلێمانی لە ڕوونکردنەوەکەیاندا ئاماژەیان بۆ کردووە کە بۆریی GRP لە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی چەند وڵاتێکدا بەکارهاتووە ئەوە تا ئەو شوێنە بۆریی GRP بەکارهاتووە کە ئاوە خامەکە دەگوازێتەوە بۆ کلاریفایەرەکان نەوەک وەکو پرۆژەکەی هێڵی دووەمی دوکان- سلێمانی کەدوای پاڵفتەکردنی ئاوەکە لە پیرقوربان‌و شێرکوژەوە بگوازرێتەوە بۆ ناو شار.

لێرەدا نموونەی گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی بۆریی GRP لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وەردەگرین کە کۆمپانیایەکی سعودیە بەناوی کۆمپانیای (ئەمیانتیت)، کە ساڵی (٢٠٠٤) توانی بۆریی GRP بە تیرەی (٤٠٠٠) ملم بەرهەمبهێنێت، لە گرێبەستێکی ئەو کۆمپانیایەدا کە بە بڕی (٢٧) ملیۆن‌و (٧٧٠) هەزارو (٤٨) ریاڵی سعودی ئیمزای کردووە بۆ ڕاکێشانی (٦٢٢٨)مەتر لە بۆریی GRP بۆ گواستنەوەی ئاوی دەریا بەمەبەستی دلۆپاندن بۆ ساردکردنەوەی پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا لە شاری جەبیلی سعودیە، لەسایتی کۆمپانیای ئەمیانتیت: www.ameinfo.com/ar-26118.html نووسراوە کە بۆریی GRP بەکاردێت بۆ گواستنەوەی ئاوی خواردنەوەی ناپاڵفتەکراوە بۆ وێستگەی پاڵاوتن‌و پرۆژەکانی ئاوەڕۆو زێراب‌و گواستنەوەی ئاوی قورس‌و گواستنەوەی ئاوی دەریا بۆ وێستگەی دلۆپاندن.

شایەنی باسکردنە کۆمپانیای ئەمیانتیت لە ساڵی (١٩٨٢) هەمان پرۆژەی بە درێژایی (١١) هەزار مەتر ئەنجامداوە بۆ پرۆژە پیشەسازییەکانی شاری یەنبوعی سعودی.

بۆریی GRPلەهەمووعێراقدالەپرۆژەی ئاوی خواردنەوەدا بەکارناهێنرێت، لێرەدا نموونەی پرۆژەیەکی ئاوەڕۆ دەهێنینەوە کە لە شاری ناسریەی باشووری عێراق ئەنجامدراوە لە (٢٠٠٧/٨/١٢) تیایدا بۆریی GRPی تێدا بەکارهێنراوەو هەموو کەسێک ئەو زانیارییە دەتوانێت لە ئەرشیفی سایتە هەواڵییەکانی عێراق ببینێت بەتایبەتی تۆڕی هەواڵی ناسریە (شبکە اخبار الناصریە) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لینکی: www.nasiriyah.org/ar/modules.php?name=News&file=article&sid=2578

لە شاری دەیرزوری سوریاش بۆریی GRP بەکارهێنراوە بۆ پرۆژەیەکی ئاودێریی گەورە کە تیایدا (١٢) هەزار هێکتار زەوی کشتوکاڵی ئاودێریی دەکات.

لە شاری غەڕافەی قەتەریش پرۆژەی ئاوەڕۆی شارەکە بە بۆریی GRP ئەنجامدراوە،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لینکی: www.ashghal.gov.qa/Arabic/Ashghal/News/Pages/A9.aspx

هەروەها لە شاری یەزدی ئێرانیش بۆریی GRP بۆ پرۆژەی ئاودێریی بەکارهاتووە، بۆ زانیاری هەموو لایەکیش گەورەترین پرۆژەی ئاوەڕۆ لە شاری مۆمبای هیندستان لە بۆریی GRP دروستکراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لینکی: www.graphiteindia.com


پرۆژەی ئاوەڕۆی ناسریە بە بۆری GRP

کەواتە بۆریی GRP لە هیچ وڵاتێکدا بۆ ئاوی خواردنەوە بەکارنەهێنراوە، بەڵام با مەسەلەی بۆریی GRP لەم مەسەلەیەدا واز لێبێنین، بێینە سەر کەموکوڕییەکانی دیکەی پرۆژەکە کە دەستکاری کوالیتی دیزاینی کۆمپانیای ئێرزتێکی ئەمریکی کراوە، چونکە لە نەخشەی بنەڕەتی پرۆژەکەدا دەبوایە تایپی بۆرییە بەکارهاتووەکان سەرجەمیان دیکتایەڵ بوونایە، بەڵام پرۆپۆزەڵی تەندەرەکە دەستکاری کراوەو لە بەشی تایپی بۆرییەکاندا نووسراوە دیکتایەڵ یان ستیل، کە دەرئەنجامی ئەو دەستکاریکردنەش بەکارهێنانی بۆریی GRP لێکەوتەوە.

برادەرانی بۆردی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بۆ باسی ئەوە ناکەن کە پرۆژەکە بۆچی نەهێڵرا ئەمریکییەکان ئەنجامی بدەن، ئایا بەو کوالیتییەی کە ئێستا ئەنجامدراوە چەندی تێچووەو خودی پرۆژەکەش چەندی بۆ دیاریکراوە؟ لە چ وڵاتێکدا لە چوار ئەندامی بۆردی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە سیانیان لە هەمان کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە بوون؟!

با لیژنەیەکی بێلایەن لە حکومەتی ناوەندی عێراق لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو پرۆژەیە بکات بزانین تا چ ئاستێک پرۆژەکە ستراتیژییەو بەرمەبنای نەک ستانداردە جیهانییەکان، بەڵکو تا چ ئاستێک بەرمەبنای ستانداردە عێراقییەکانیش کاری لەسەر کراوە.

# کێڵگەی نەوتی تاوک (٣٢) هەزار بەرمیل نەوتی ڕەوانەی دەرەوە کردووە

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

تائێستا نزیکەی (٤٠) هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگەی تاوک لە ناوچەی زاخۆ بەرهەمهێنراوەو لەو ڕێژەیەش (٣٢) هەزار بەرمیلی ڕەوانەی دەرەوە کراوە.

ڕۆژنامەی سەباحی چاپی بەغدا لە زاری بەرپرسانی کۆمپانیای DNOی نەرویجییەوە ئاماژە بەوە دەکات بەرهەمی کێڵگەی نەوتی تاوک کە دەکەوێتە نزیک زاخۆ ڕۆژانە لە بەرزبوونەوەدایە، ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات بەرهەمی کێڵگەکە لە مانگی حوزەیراندا ڕۆژانە گەیشتووەتە (١٣) هەزارو (٧٢٣) بەرمیل‌و ئەو ڕێژەیەش ڕۆژانە لە بەرز بوونەوەدا بووە.

بەرهەمی کێڵگەی نەوتی تاوک کە لەلایەن کۆمپانیای DNOوە لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵەوە پەرە بە پێشکەوتن‌و بەرهەمهێنانی درا بە تایبەت دوای ئەوەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە گڵۆپی سەوز بۆ ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆرییە نەوتییەکانی حکومەتی ناوەندییەوە هەڵکرا.

بەپێی هەواڵەکە، ڕێژەی بەرهەمی نەوتی کێڵگەی تاوک لە چارەکی یەکەمی ئەو مانگەدا ڕۆژانە (١٩٠٨) بەرمیل بووەو لە چارەکی دووەمیدا ڕێژەکە گەیشتووەتە (٥) هەزارو (٩٥٩) بەرمیل، لە بەیاننامەکەیشیدا کە کۆمپانیای DNO ئاماژەی پێکردووە بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ حکومەتی هەرێم‌و کۆمپانیای نەوتی باکوور لە سەری ڕێککەوتوون بەردەوام دەبن لە سەر بەرزکردنەوەو بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەجۆرێک بەپێی ئەو پلانەی بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەکە دارێژراوە لە چەند هەفتەی داهاتوودا بەرهەمهێنان دەگاتە ئاستی تێکڕای ئەو ڕێژەیەی کە پێشتر پلانی بۆ دارێژراوە، لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە لەم مانگەدا بەشێوەیەکی گشتیی نزیکەی (٤٠) هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمهێنراوەو لەو ڕێژەیەش نزیکەی (٣٢) هەزار بەرمیل نەوت نێردراوەتە دەرەوە، DNO ئاماژەی بەوەشکردووە، کە لە ماوەیەکی نزیکدا نەوتی خاوەناردەی دەرەوە دەکرێت.





# مەهزەلەی دیموکراسی لە کوردستان

## خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥

ڕێبوار عەلی

**١ – دەستپێک :**

بە وردبوونەوە لەو هەڵبژاردنانەی لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراون هەر لە هەڵبژاردنی (مامۆستایان، خوێندکاران، شارەوانییەکان، پەرلەمانی کوردستان‌و عێراق).

دەردەکەوێت ئەم دوو زلحیزبەی کوردستان (*) بەهۆی ئەوەی خۆیان بەخاوەنی شۆڕشی کوردستان دەزانن‌و سەرەتای ساڵی (١٩٩١) شەرعییەتی شۆڕشگێڕانەیان هەبوو، خۆیان بە خاوەنی شەرعیی کوردستان دەزانن‌و هەرگیز ئامادەنین بەشێوازی دیموکراسی ئاشتیخوازانە، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەن. ئەگەرچی لە رووکاردا بەشداریی پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەکەن‌و خۆیان بە لیبراڵ‌و سەنتەری دیموکراسی لە ناوچەکەدا دەبینن، بەڵام لە راستیدا وانین‌و هەرچی رێگەیەک هەبێت دەیگرنەبەر تاوەکو هەمیشە وەک سەرکەوتوو دەربکەون‌و ئامادەنین رووبەرووی رەخنەو بیستنی هەڵەکانیان ببنەوەو کلتوورێکیان لە حیزبایەتی دروستکردووە، کە زۆر نادیموکراسییەو زۆرجار حیزبەکانی دیکەیش چاو لەوان دەکەن‌و دووبارەی دەکەنەوە.

بەڵگەی ئەم راستیانەش هەڵبژاردنەکانی (٢٥ / ٧ / ٢٠٠٩) بوو کە لە چەند ئاراستەیەکی جیاوە بۆی دەڕوانین، تاوەکو بە ئاسانی بەسەرماندا نەڕوات‌و ئەو ئەزموونە ببێتە کلتوور لەلامان.

**٢ – ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن:**

ئەفسووس کلتووری دیموکراسی لەلای دوو زلحیزبەکەی کوردستان زۆر لاوازەو کاتێکیش ئەمە ئاشکرابوو، کە دوو لیستی رکابەر لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدارییان کرد، ئەمان هەر کەزانیان گومان دەکرێت خەڵکی کوردستان متمانەی خۆیان بدەن بەو لیستانەیترو ببنە زۆرینەو تەنانەت کاندیدی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (د.کەمال میراودەلی) کە وەک رکابەرێکی کاندیدە (موخەزرەمەکەی) ئەوان دەرکەوت‌و کەوتنە دژایەتیکردنی.

ئەوان دەیانزانی تەنیا هەڵمەتی هەڵبژاردن بەس نییە، کە بە هەموو توانای مادیی‌و مەعنەویی خۆیانەوە بەرپایان کرد.

بەڵکو دوو دەزگای نهێنیان کە جاران دەستیان هەبوو لە سەرکوتکردنی نەیارەکانیان، ئەمجارە بەشێوەیەکی رێکوپێک‌و نەخشە بۆکێشراو کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ ساختەکاریی‌و کۆمەڵێک رێوشوێنیان گرتەبەر کە زۆرینەیان لە هەڵبژاردنەکان بۆ مسۆگەر بکات.

ئەوەشی کارئاسانی کرد بۆیان کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بوو، کە خەڵک هیوای پێیان بوو لە کۆمسیۆنە کارتۆنییەکەی کوردستان باشتر بن، بەڵام وا دەرنەچوون‌و هەرزوو هەڵوێستی خۆیان فرۆشت‌و بوون بە بەشێک لە فەسادو گەندەڵکارییەکان.

هەر لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو هەڵوێستەی کە لەسەر رەتکردنەوەی دەستوور نواندیان، هەڵوێستی ئەوان نەبوو، بەڵکو ئەمریکا بوو نەیهێشت ئەوکارە ئەنجام بدەن‌و فشارەکانی (جۆزیف بایدن) جێگری سەرۆکی ئەمریکا بوو ئەو کارەی راگرت نەوەک کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق. لە دوای ئەوەی رێکخراوە نێودوڵەتی‌و ناوخۆیی‌و پارتەکانی دەرەوەی دەسەڵات، بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کرد ئەم خاڵانەیان وەکو ساختەکاریی لەسەر دوو زلحیزبەکەی دەسەڵات تۆمار کرد!

١- دەسەڵاتی سەرەکی لە هەڵبژاردنەکەدا، درابووە دەست کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، کە دوو زلحیزبەکە لەرێگەی نوێنەرەکانی خۆیانەوە، هەرچی کارێکیان بویستایە بۆیان ئەنجام دەدرا، بەتایبەت کە بەرپرسی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان (فەرەج حەیدەری) پێشتر بەرپرس لقی بەغدای پارتی بووەو بەرپرسی لقی هەولێری کۆنە پارتی‌و بەرپرسی لقی سلێمانی کۆنە یەکێتی بووە.

٢- نوێنەری قەوارە سیاسییەکان بوو کە وەک لە قەفەسی تاوانباریدابن، بۆیان نەبوو لە جێگەی خۆیان بجوڵێن‌و پرسیار لەشتێک بکەن‌و ئەرکی چاودێر بەسەر پرۆسەکەوە ببینن، کاتێکیش داوای فۆرمی سکاڵایان دەکرد، پێیان نەدەدراو لە هەندێک شوێنیش کرابوونە دەرەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ناوی دەنگدەران لە هەموو وێستگەکان بە دووبارەکراوی هەبوون، سەرباری ئەوانە بەناوی (متفرقە)وە ساختەکاریی گەورە ئەنجامدرا، لەم هەڵبژاردنەدا یەک لیستی ناوی دەنگدەران هەبوو، بەڵام ئەمجارە بەناوی فۆرمی ژمارە (١١١) کە بە فۆرمە زەردەکە ناسرابوو، بە ناوی کۆمسیۆنەوە دانی پێدا نرابوو کە (٦٩٣) هەزار لەو فۆرمانە پەخش‌و بڵاوکراونەتەوە، سەرباری ئەوەی لە هەندێک شوێن لە بەردەمی بنکەکاندا بۆ خەڵک دروستکراوەو پڕکراوەتەوە.

لەرێگەی ئەم فۆرمە زەردە شوومەوە توانرا گەورەترین کاری ساختە ئەنجام بدرێت، کە زۆرکەس هەر ناویشی لە لیستەکاندا نەبوو دەهاتن لەرێگەی ئەم فۆرمانەوە دەنگیان دەداو لە هەندێک شوێن پێیان دەدرایەوە بۆ ساختەکاریی دیکە.

٣- بەرپرسی وێستگەکان بۆیان هەبوو دوور لە چاوی هەر چاودێرێک دەنگ بۆ نەخوێندەوارو بەساڵاچووان بدەن، کە زۆربەیان بۆ لایەنی دەسەڵات کاریان کردووەو بە ویستی ئەوان دانرابوون.

هەروەک لە هەندێک لە شارەکان سەرجەم فەرمانبەران سەربە حیزبی دەسەڵات بوون‌و بە ئارەزووی خۆیان ناویان دیاریکردووەو فۆرمیان بە ژمارەی زیادەوە داوە بە ساختەکارانی حیزبەکەیان کە بە وشەی نهێنییەوە چوونەتە بەردەمیان‌و کارئاسانیان بۆ کراوە

٤- هەرچی مەرەکەبی پەنجەمۆری هەڵبژاردنەکە بوو، بە فاس‌و بە پەنجە چەورکردنی پێش وەخت بە ئاسانی لابراوەو ئەمەش وای کردووە زۆر لەوانەی کە سەر بە حیزبی دەسەڵاتداربوون‌و لە هەڵبژاردنی تایبەتدا بەشداریان کردبوو، پەنجەیان بسڕنەوەو لەرێگەی فۆرمی (١١١)و بەناوی کەسی مردوو ئەوانەی لە هەندەران بوون دووبارەو سێبارە دەنگیان داوەتەوەو کاری ساختەیان ئەنجامداوە.

٥- پرۆسەکە لە زۆر شوێن هەتاکو کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ بە ئاسایی گوزەراوەو ترسی چاودێران وایانکردووە کە ساختەکاریی پلان بۆ دانراوو سیستماتیکراو دوابکەوێت کە تاوەکو ئەو کاتە بەرێژەی (٥٥٪)ی دەنگدەران لە زۆربەی بنکەکانی دەنگدان دەنگیداوەو، بەڵام لە دوای ئەو کاتژمێرەوەو دوای ئەوەی بۆ دوو زلحیزبەکە دەرکەوتووە بەشداریی خەڵک کەمەو بەشێکی خەڵکی دەنگ نادەن،و دەنگی لیستە رکەبەرەکان لە پێشەوەن بەتایبەتی لە شارێکی وەک سلێمانی کە زۆربەی ژمارەی دەنگدەران لەو شارەدان‌و لە هەریەک لە دوو شارەکەی دیکە زیاترە. ساختەکاریی دەستیپێکردووەو دواتر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەبری ئەوەی رێگریی بکات لەو ساختەکارییە هات بەبێ پاساو کاتژمێرێکی کاتی هەڵبژاردنەکانی درێژکردەوە کە بەوەش لە شارەکانی هەولێرو دهۆکدا لە ماوەی ئەو کاتژمێرەدا رێژەی دەنگدەران بۆ (٧٠٪) زیاتر بەرزبووەتەوەو کە ئەوەش هەم گومان لە ناسەربەخۆیی کۆمسیۆن دروست دەکات‌و هەم ئاماژەیەکی بەهێزی پلانی ساختەکارییەکەی دوو زلحیزبەکە ئەنجامیاندا.

**٣ – هەڵوێستی دوای هەڵبژاردنی دوو زلحیزبەکە:**

رۆژی دوای هەڵبژاردن هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندن‌و رۆژنامە ئازادەکان ئەنجامە سەرەتاییەکانیان نیشاندا، بەڵام شەوی (٢٦-٢٠٠٩/٧/٢٧) لە کەناڵە ئاسمانییەکانی (پارتی‌و یەکێتی)یەوە لێدوانی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بڵاوکرایەوە کە لیستی کوردستانی زیاتر (٦٠٪)و سەرۆکی هەرێم (٧٠٪) ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

ئەوەش ئاماژەی هەڵمەتی پەلاماردان بوو، کە لق‌و ناوچەو رێکخراوەکانی پارتی پلانی پێشوەختیان بۆ دانابوو. کە چۆن دەبێت کەس‌و لایەن هەبن رکابەریی ئەوان بکەن، بۆیە بەبیانووی دەربڕینی خۆشییەوە کلتوورەکەی سەردەمی بەعسیان زیندووکردەوەو بەناوی (تەقەی خۆشی)یەوە هەڵیان کوتایە سەر بارەگاکانی (گۆڕان‌و یەکگرتوو کۆمەڵ)، هەروەک تەقەکردنەکە بووە هۆی کوشتنی دوو هاوڵاتی‌و برینداربوونی زیاتر لە (١٥) کەس.

(د.کەمال میراودەلی) کە رکابەری سەرەکی بوو بۆ سەرۆکەکەیان‌و لە شاری سلێمانی (٦٠٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، دوور دەستیان بوو، لەرێگەی کەناڵەکانی پارتییەوە (سەرۆ قادرو، ئازا حەسیب قەرەداغی) کەوتنە تانەو تەشەرلێدان‌و تیرۆرکردنی کەسایەتی ئەو، بەوەی کە شێتەو نەخۆشەو پێویستە لە شەماعییە چارەسەر بکرێت، نەوەک خۆی کاندید بکات بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

دواتر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەبێ گوێدانە سکاڵاو لێپێچینەوەی ساختەکارییەکان، لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەیاندا رایانگەیاند، کە پرۆسەکە زۆر دیموکراسی بووەو هیچ جۆرە خروقاتێک رووی نەداوەو پرۆسەکە پاک‌و بێگەردبووەو دواتر رێژەکانی راگەیاند، کە بە ئارەزووی دوو زلحیزبەکە بوو.

**٤ – ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە:**

لە دوای ئەوەی کە روویدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- دەرکەوت ئەم دوو زلحیزبە لە پرۆسە جۆراو جۆرەکانی هەڵبژاردندا، هەرگیز ئامادەی دۆڕاندن نین، ئەگەرچی لە ماوەی (١٨) ساڵی ئەزموونی دەسەڵاتیاندا گەیشتبنە ئەوپەڕی گەندەڵی ئیداریی‌و سیاسی.

٢- بۆ مانەوەی خۆیان پەنا بۆ هەموو کارێکی ناشەرعیی دەبەن‌و بە ناوی پاراستنی ئەمنی نەتەوەییەوە، هەموو سنوورو هێڵە سوورە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکان بۆ خۆیان دەبڕن، هەر بۆیە کاری ساختەکاریی‌و تەزویر لە هەڵبژاردنەکاندا لەلایان زۆر سانایەو بە ئاسانی بۆیان دەچێتە سەر.

٣- ئامادەن بەهێز رووبەڕووی رکابەرەکانیان ببنەوەو پرەنسیپە دیموکراتییەکانیش لایان دیکۆرەو خۆیان لە سەروو یاساو دیموکراتییەتیش دەبیننەوە.

٤- باوەڕیان بە جیاوازی‌و فرەیی نییە، تەنیا لەو بارەدا نەبێت کە بەرامبەرەکانیان بۆ دیکۆرو هێمای رەمزی لە بەردەمیاندا بە کزۆڵەیی هەبن‌و خۆیان وەک ئۆپۆزسیۆن دەرنەخەن.

٥- ئەم دوو زلحیزبە باوەڕیان بە دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات نییەو خۆیان وادەبیننەوە، کە دەبێت هەر لە دەسەڵاتدا بن‌و سیستمی ولایەتیش بکەنە پاشایەتی‌و نەوە دوای نەوە ئەو دەسەڵاتە بگوازنەوە.

٦- هەروەک کۆی پرۆسەکە دەریخست پرۆسەی هەڵبژاردن لەم وڵاتەی ئێمەدا هێشتا لە سەرەتادایەو جۆرێکە لە مەهزەلەی دیموکراسی، هەرگیز ئەو پرۆسانە گوزارشت نین لە راو داخوازی خەڵکی ناڕازی کوردستان.

٧- دەرکەوت کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بێلایەن‌و سەربەخۆ نەبوون‌و لە ئەتەکێتی پیشەیی لایانداو بە ئاسانی چوونە ژێر فشاری دەسەڵاتەوە.

Rebwar968@yahoo.com

**( * ) دەستەواژەی ( دوو زلحیزبەکە ) بەرامبەر بە هەردوو حیزبە گەورەکە ( پارتی و یەکێتی ) بەکار هاتووە ، چونکە ئەوان خۆیان بە حیزبی گەورەو مەزنی کوردستان دەزانن و دەستەواژەکەش لە (د.جەمال نەبەز)ەوە وەرگیراوە کە لە نووسینەکانیدا بەکاری دەهێنێت.**

# ئەوانەی کورسیی دەسەڵات بە پارە دەکڕن، ئامادەن....

مەلا فەرمان



لەزۆربەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتدا فێڵکردن‌و تەزویر لە کۆنەوە بۆ چەندەمینجار دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش بووەتە ئەو دیاردەیەی بە رادەیەکی زۆر متمانەی خەڵک بە پرۆسەی هەڵبژاردن کەم بکاتەوە. ئەم دیاردەیە هێند زەق‌و دیارە سنووری وڵاتی بەزاندووە، سەرنجی وڵاتانی دونیای دیموکراتی بۆ لای خۆی پەلکێشکردووە، بۆیە دەبینین بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم دیاردەیە دامودەزگا حکومییەکان‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەم وڵاتانە هەوڵی جدییانداوە، لە زۆر کۆڕو سمیناردا دەستیان خستووەتە سەر هۆکانی سەرهەڵدان‌و دووبارەبوونەوەی، جگە لەوەی هەوڵیانداوە لە نزیکەوە ئەوەندەی بکرێت چاودێریی پرۆسەکە بکەن. لە (١٩٩٨)گروپێک پەرلەمانتاری ئەوروپی‌و کەنەدی لە ئەفریقا سمینارێکی گەورەیان بۆ پەرلەمانی زۆربەی وڵاتانی ئاسیا رێکخست. دەرئەنجامی ئەم سمینارە لەلایەن پەرلەمانی کەنەدییەوە لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (بەگژداچوونەوەی گەندەڵی) بڵاوکرایەوە، لەم سمینارەدا ئاماژە بە کاریگەریی سێ فاکتەری خەتەرناک کراوە لە پیسبوونی کەش‌و هەوای پرۆسەی هەڵبژاردن. یەکەم فاکتەر بریتییە لە تەخشان‌وپەخشانکردنی پارە بۆ کڕینی ویژدانی دەنگدەر، بەتایبەتی بەخشینی پارە بە کەسانی خاوەن عەشیرەت‌و هەندێک خاوەن قەڵەم‌و هونەرمەندی بازرگان. فاکتەری دووەم هەڕەشەکردن لە دەنگدەر بە بەخشینەوەی دەمانچە بەسەر کەسانێک کە توشی لادان هاتوون لە رێڕەوو عادەتی کۆمەڵایەتی، لە رووی رەفتارو دەرونیشەوە نەخۆشن. بە کرێگرتنی بەشێک لەمانە لە لایەن دەزگا جاسوسییەکانەوە بۆ جاسوسیکردن بە سەر دەنگدەرانەوەو نیشاندانی کوتەکی ژێر عەبا، بە فاکتەری سێهەم‌و خەتەرناکی ئەو پرۆسەیە دادەنرێت.

گەر یەکێک سەیری پرۆسەی هەڵبژارن بکات لە کوردستانی عێراقدا لە (١٩٩٢) تا هەڵبژاردنی (٢٥-٧-٢٠٠٩) بە ئاشکرا کاریگەریی ئەو سێ فاکتەرەی پێوە دیارەو دەشبینێت دەسەڵات رۆڵی گەورەی بینیوە لە بەکارهێنانی ئەو فاکتەرانەدا، هەر دەسەڵاتیش بەرپرسیاری یەکەمە لە پیسکردنی ژینگەی پرۆسەی هەڵبژاردن. ئەم رابردووەی ئێمەی کورد وایکردووە هەندێک لە رۆژنامەنووسانی ئەوروپی پێشوەخت باس لە ناپاکی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن، وەک نمونە، رۆژنامەی تراوی هۆڵەندی لە ژمارەیەکیدا پێشبینی دەکات کە هەڵبژاردنی (٢٥-٧)هەڵبژاردنێکی بێگەرد نابێت‌و هەر لەو ژمارەیەشدا باس لەوە دەکات کە د.بەرهەم ساڵح پێشبینی (٤٪)دەنگەکان دەکات بۆ لستی گۆڕان.

لەم هەڵبژاردنەدا نەک هەموو شێوەکانی تەزویرو فڕوفێڵ بەدیکرا، بەڵکو داهێنانی تازەی مووچەو نانبڕینیش هاتە ئاراوەو لەدوای هەڵبژاردنیش توندوتیژی‌و چاوسوورکردنەوە لە لایەنگرانی لستەکانی دیکە کراو پەلاماری بنکەکانیان درا.

بۆیە ئەوانەی بەم شێوەیە دەسەڵات دەگرنەدەست، بەدوور نازانرێت لە ماوەی حوکمڕانیدا، ئەگەر هێزی ئۆپۆزسیۆن‌و هۆشیاریی خەڵک نەبێت، کڕین‌و فرۆشتن بە دەستوورو یاساشەوە بکەن.

## (٢٠٠) داوایان داوەتە نوری مالیکی

# هەڵەبجەییەکان بڕوایان بە بەرپرسەکانی هەرێم نەماوە

فەلاح نەجم

لە مەزاری شەهیدانو گۆڕستانی شەهیدانی هەڵەبجەدا کە دوو رەمزی کیمیابارانی هەڵەبجەن، ژمارەیەک کەسوکاری قوربانییەکانو خەڵکی شارەکە بە نووسراو زیاتر لە (٢٠٠)داواکارییان دایە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە دەمێک بوو بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنیان دەکرد بۆ شارەکەیان، کاتێک لە یەکێک لە وێستگەکانی سەردانەکەیدا بۆ کوردستان سەردانی هەڵەبجەی شەهیدی کرد.

رۆژی یەکشەممە نوری مالیکی بە سەردانێکی دوو رۆژە گەیشتە هەرێمی کوردستانو لە سلێمانی لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم زنجیرەیەک کۆبوونەوەی ئەنجامدا، رۆژی دووشەممە گەیشتە شاری هەڵەبجە کە پێشتر بەڵێنی بە خەڵکی هەڵەبجە دابوو سەردانی شارەکەیان بکاتو لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو کەموکوڕییانە بێت کە لەشارەکەدا هەنو گوێ لە خەڵکی هەڵەبجە بگرێت.

مامۆستا کامیل عەبدولقادر، یەکێک لە بریندارەکانی کیمیابارانی ساڵی (١٩٨٨)ی هەڵەبجەی شەهید، دەڵێت: «حکومەتی هەرێم داواکارییەکانمان جێبەجێ ناکات، بۆیە هەمیشە دووبارەدەکرێنەوە». هەرچەندە (٢١)ساڵ بە سەر کیمیابارانی هەڵەبجەدا تێپەڕیوەو (١٨)ساڵە شارەکە کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام ئەم شارە ئەوەندە دەستی ئاوەدانی پێ نەگەیشتووە کە ئەو کاولکارییانەی دوای کیمیابارانی شارەکە پڕبکاتەوە، بە جۆرێک ئەو شارە لە ساڵی (١٨٩٧)وە قەزایەو پێش بۆردومانەکە گەورەترین قەزای عێراق بووە، بەپێی وتەی خەڵکەکەی «ئێستا خراپترینو کەمخزمەتترین ناوچەیە کە پەراوێزخرابێت».

کامیل عەبدولقادر، وتیشی: «تائێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە نەبڕیوەتەوە کە برینداربوون، هەندێک خەڵک ئەوەندە هەژارە ناتوانێت ئەو دەرمانانە بکڕێت کە بۆ چارەسەرکردنی برینەکانی پێویستن، چونکە ئەو دەرمانانە لە وڵاتانی دەرەوە دەکڕدرێنو لە کوردستاندا دەستناکەون».

حکومەتی هەرێم پلانی دێژخایەنی نەبووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە روویانکردووەتە شارەکەو تایبەتمەندێتی شارەکە لەبەرچاو نەگیراوە، تەنیا بودجەی ساڵانەی بۆ سەرفدەکرێت لەگەڵ بڕێک بودجەی رەمزیی دیکە، ئەمەش وایکردووە بەردەوام خەڵکەکەی سکاڵا بکەن.

هەروەها ئەو هاوڵاتییەی هەڵەبجە وتیشی «بەمەبەستی چارەسەرکردنی بەرکەوتوانی چەکی کیمیاویی، وەک کۆمەڵەی قوربانییانی هەڵەبجە لەیاداشتێکماندا کە نووسیمان بۆ پەرلەمانی کوردستان دوامانکرد، حکومەت ناچاربکات بودجەیەکی تایبەت بە چارەسەرکردنی بریندارانی چەکی کیمیاویی دابینبکات، بەڵام پەرلەمانی کوردستان هەرزوو لەبەردەم داواکەماندا وەستایەوەو قبوڵی نەکرد، چووین بۆ بەغداو داوامان لە مالیکی کرد».

رۆژنامەنووس، ناسیح عەبدولرەحیم وتی «حکومەت لە ماوەی (١٨)ساڵدا نەیتوانیوە شارەکە وەک پێش کیمیابارانی هەڵەبجە لێبکات کە چەندین خزمەتگوزاریی لەوکاتەدا هەبوونو ئێستا نین».

لە کۆبوونەوەکەی مالیکدا لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرسی حکومیو حیزبیو خەڵکی هەڵەبجە، فوئاد کەریم، قایمقامی هەڵەبجەی شەهید، چەند داوایەکی ئاڕاستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد، وتی: «داواکارین کار بۆ بەپارێزگاکردنی هەڵەبجە بکرێتو هەڵەبجە قەرەبووبکرێتەوە، بودجەی تایبەت بەئاوەدانکردنەوەی شارەکەمان دابینبکرێت».

سەرەڕای خراپیی بارودۆخی قوربانییانی کیمیاویی لە هەڵەبجە، بەشێکی دیکەی خەڵک لە گوندنشینەکانو ئەوانەشی نەبوونەتە قوربانی دەستی چەکی کیمیاویی، لە بارودۆخێکی خراپدا دەژین، ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەکرێت بۆ ناوچەکە کەسانی حیزبی سودمەنددەبن لێی.

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەبەردەم ژمارەیەک خەڵکی شارەکەدا وتی: «بەداخەوە لە وڵاتێکدا دەژین کە ژێر خاکەکەی هەمووی نەوتە، کەچی شارێکی وەک هەڵەبجە لەماوەی رابردوودا خزمەتگوزاریی کەمی بۆ کراوە».

هەروەها سەرۆک وەزیرانی عێراق وتیشی «ئێستا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرقاڵی تاوتوێکردنی پرۆژە یاسایەکە بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی دەستی رژێم، بەتایبەت قوربانیانی چەکی کیمیاویی لە هەڵەبجە».

بەرپرسانی شارەکە جەخت لەوەدەکەنەوە کە حکومەت هەڵەبجەی پشتگوێ نەخستووە، خدرکەریم، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ رۆژنامە، وتی: «ناڵێین پرۆژەکانی حکومەت لە هەڵەبجە بێکەموکوڕیین، ئەوەی حکومەت لە توانایدا بێت درێغی نەکردووەو تەنیا ئەرکی حکومەتی هەرێمیش نییە کە هەڵەبجە ئاوەدابکاتەوە، بەڵکو ئەرکی حکومەتی عێراقیشە رۆڵی خۆی ببینێت لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکەدا».

**یەکێک لە بریندارانی کیمیابارانی هەڵەبجە:**
**«تائێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە نەبڕیوەتەوە کە برینداربوون، هەندێک خەڵک ئەوەندە هەژارە ناتوانێت ئەو دەرمانانە بکڕێت کە بۆ چارەسەرکردنی برینەکانی پێویستن»**


مالیکی لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە

## زیاتر لە (٣) هەزار بڕوانامەی ساختە لە عێراقدا ئاشکرابووە

# ئایا لە هەرێمی کوردستان هیچ بڕوانامەیەکی ساختە بەدینەکراوە؟

بەرهەم عومەر

حکومەتی عێراقی دەستیگرتووە بەسەر زیاتر لە (٣) هەزار بڕوانامەی ساختە لەنێو کارمەندانو زانکۆ جیاجیاکانداو دۆسیەکەیانی ناردووە بۆ دادگا بە مەبەستی سزادانیان، وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ وردبینی کۆمەڵێکی زۆر بڕوانامەیان ناردووە بۆ وەزارەتی پەروەردەو ئەگەر بڕوانامەی ساختەی تێدا دەرکەوت بەپێی یاسا کەسەکە سزا دەدرێت.

د.هیمداد عەبدولقەهار، بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەنێو ئەو ئامارەی لە عێراقدا راگەیانراوە حکومەتی هەرێمی تێدا نییە، بەڵام ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کە بەرپرسن لە پێدانی بڕوانامەی دروست لە قۆناغی ئامادەییو ئێمەش وەکو خوێندنی باڵا بە تەنسیق لەگەڵ ئەواندا هەر بڕوانامەیەک بە ساختەی بزانین دەینێرین بۆ وەزارەتی پەروەدە».

د.هیمداد ئاماژەی بەوەشکرد کە تائێستا وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق هیچ نووسراوێکی رەسمیی نەناردووە کە تێیدا ئاماژەی کردبێت بە ناوی ئەو پەیمانگاو زانکۆو خوێندنگەیانەی کە بڕوانامەکانیان ساختەیە بۆ ئەوەی لە کوردستانیش بەدواداچوون بکەینو کار بەو جۆرە بڕوانامانە نەکەین، هەر کاتێکیش بە دەستمان بگات، کاری لەسەر دەکەین.

لە چەند رۆژی رابردوودا عەبد زیاب ئەلعوجەیلی، وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی عێراق، رایگەیاند: «کە (٣١١٨) دۆسییەی بڕوانامەی ساختەی پێشکەشی دەستەی نەزاهەو داواکاری گشتیی کردووە، بۆ ئەوەی رێوشوێنی یاسایی لە بەرامبەریاندا بەکاربهێنرێت».






لە ماوەی رابردوودا داواکرابوو لە خوێندکارانی زانکۆ ئەهلییەکان کە دووبارە بڕوانامەی نوێی وەزارەتی پەروەدە نوێ بکەنەوە، ئەوەش بەپێی رێوشوێنە یاساییەکانی خوێندنی باڵایە کە رێگەبگیرێت لە بەکارهێنانی بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی ساختە لەو زانکۆیانەدا.

بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی، ئەوەشی خستەڕوو کە ئێستا کۆمەڵێک بڕوانامەیان ناردووەتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی پەروەردە هاوپەیوەندەکان، بەڵام تائێستا وەڵامیان بەدەستنەگەیشتووەتەوەو هیچ حاڵەتێکی بڕوانامەی ساختە بەدینەکراوە.

# هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان



چیمەن محەمەد رەشید

ئەگەر سادەترین پێناسەی دیموکراتی بریتیبێت لە حوکمی گـەل، بێگومان گەلیش ئەو حوکمە بە رێگای هەلبژادن دەدات. هەلبژاردنیش مافی شارستانیو سیاسیو یاسایی هەموو هاوڵاتییەکە بەبێ جیاوازی رەگەزو دینو ... تاد.

بـەڵام لەبەر بەرجەستە نەبوونی چەمکی دیـموکـراتـی لـە زۆربـەی وڵاتانی خۆرهەڵاتدا لەگەڵ ئـەوەی هەلبژاردنیشیان تیا ئەنجام دەدرێت، بەهۆی بڕوا نەبوونو پراکتیک نەبوونی دیموکراتیو دەستگرتن بە کورسیی دەسەڵاتەوە، ئەنجامەکان پێشوەخت دیاریکراونو رێگە بە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن نادرێتو لەزۆر وڵاتی لەو جۆرە سیستمە باوەدا رێژەی دەنگدان (٩٩٪) یان نزیکی ئەم رێژەیە بووە کە ئەمە گاڵتەکردنە بە عەقڵو پێشێلکارییە بۆ یاساوسروشتی مرۆڤـو نەبوونی فرەیی لە بیروڕا.

ئەم (دەسەڵاتە دیکتاتۆرانە) لەگەڵ ئەوەی هەلبژاردن ئەنجامدەدەن، بەڵام بە مەبەستی دووبارە هەلبژاردنەوەی خۆیانە، هەر لەبەرئەمەشە دەسەڵاتداران چەندین کۆسپ دەخەنە بەردەم پرۆسەی هەلبژاردنو بەربەستی کۆمەڵایەتیو ئابووری و...دروستدەکەنو تەنانەت پەنادەبەنە بەر توندوتیژییش.

بەڵام ئەنجامدانی هەلبژاردن باشترە لەئەنجام نەدانی، لەبەرئەوەی لەوانەیە لەگەڵ تێپەربوونی کاتدا دیموکراتی گەشە بکات یان پێشکەوتنی دوورمەوداو کەڵەکەبوونی ئەزموون لەخزمەتی پرۆسەی هەلبژاردندا بێت.

### ئەرکەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتی چین؟

دوای ئـــەوەی بـنـەمـاکـانـی دیموکراتیی هـاوچـەرخ لەشێوەی دەستووری دیموکراتیدا دەچەسپن، هەلبژاردن بۆهێنانەدی چەند ئەرکێک ئەنجامدەدرێت.

١- هەلبژاردن ئەرکی هێنانەدی دەربڕینی بنەمای (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە) لە رێگەی فەراهەمبوونی هەل بۆ دەنگدەر (هاوڵاتی) بۆ بەشداری سیاسی لە رێگەی دەنگدانی گشتییەوە. واتە دەسەڵات پشت بە رای گەل دەبەستێ لەبەر ئـەوەی دەســەڵات نە مافێکی خوداییە وەک سیستمە تیۆکراتییەکان نە بۆماوەییشەوەک سیستمەبۆماوەییەکان، نە بە رێگەی زاڵبوونیش دەبێت وەک سیستمە دیکتاتۆریو سەربازییەکان، بـەڵام کاتێک تاکەکان ناچار بکرێن دەنگ بە بەرژەوەندیی دەسەڵات بدەن بە هەرشێوەیەک بێت، چ لە رێگەی دەستکەوتی مادی یان مەعنەوییەوە بێت ئەوا ئەو هەلبژاردنە نادیموکرات دەبێت. واتە(گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە) دەبێت بەتەواوی بەرجەستە بکرێتو گـەل لەمافی چـارەی خۆنووسیندا لەسەرسندوقەکانی دەنگدان بڕیاری ئازادانەی خۆی بدات بەبێ کاریگەریی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، دەرەکی یان ناوخۆ.

٢- پێویستە لـە هـەڵـبـژاردنـی دیموکراتیدا ئەو رێگایانە دەستەبەر بکرێن کە دەسەڵاتی تیاهەڵدەبژێردرێتو مەسەلەی گواستنەوەی دەســەڵات بۆ سەرکەوتوەکان لە هەڵبژاردندا لەبەرچاوبگیرێت، بەڵام لەهەڵبژاردنی نادیموکراتیدا زۆرتر پەرلەمانێک بەرهەم هاتووە کە حیزب زاڵە بەسەریدا (حیزبە دەسەڵاتدارەکان)، واتە لە هەلبژاردنی دیموکراتیدا پێویستە میکانیزمی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتو گۆڕینی نـاوەنـدی هێز دەستەبەر بکرێتو توانستی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ دەسەڵات لەجیاتی حکومەتی لەسەر کار برەو پێبدرێت. لە سیستمی دیموکراتیدا تەنیا بە هەڵبژاردن دەسەڵات ئاڵوگۆڕ دەکات، بەڵام لەهەڵبژاردنی نادیموکراتیدا ئەنجامەکان پێش هەڵبژاردن زانراونو توانستی گۆڕینی ناوەندی هێزی سیاسی نییە، هۆکارەکەشی ئەوە نییە کە دەنگدەر رای جێگیرو نەگۆڕە یان نەزانینو ناهۆشیاری دەنگدەر نییە بۆ ئەلتەرناتیڤی مەیدانەکە، بەڵکو بە هۆی ئەنجامی ئەو میکانیزمانەیە کە دەســەڵات گەشەی پێدەدات بۆ کارکردنە سەر دەنگدەر بە تۆقاندنو توندوتیژییو دەنگکڕینو یاریکردن بەئەنجامەکان.

٣- هەڵبژاردن دەستەبەری حکومەتی هـەڵـبـژێـردراو یـان تـازەکـردنـەوەی شەرعیەتدانە بە حکومەتی لەسەر کار، بۆ ئەو مەبەستەش لەهەر سیستمێکدا پێویست بە رێژەیەک دەنگ دەکات، لەبەرئەوە لە هەڵبژاردنی نادیموکراتیدا پەنا بۆمیکانیزمێکی هەڵبژاردن دەبرێت کە ئەو رێژەیەی تیا مسۆگەر بێت، وەک کڕینی دەنگو ترسو تۆقاندنو ساختەکارییو نەبوونی ئازادی.

٤- هەڵبژاردن ئەرکێکی دیکەش دەپێکێت، ئەویش لێپرسینەوەیە لە دەســەڵات، بەخستنەرووی بەرنامەی لایەنە بەشداربووەکان دەنگدەر دەتوانێت بەرنامەی کارکردنی دەسەڵات بزانێت، لەکاتی گرتنە دەســەڵاتو شێوازی کارکردندا دەنگدەر لەرێگەی دەنگدانەوە سزا یان پاداشتی سیاسییەکان دەدات.

٥- هـــەڵـــبـــژاردن ئـــەرکـــی هـۆشـیـارکـردنـەوەو ئـامـادەکـردنو راهێنانی سیاسیو سەرکردە دەبینێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ پۆستی سیاسی. دەنگدان بەشداربوونە لە زیندوێتی کۆمەڵگەو زەمانەتی بەشداربوونی خەڵکی نـوێ لەسیاسەتدا، جگە لە رۆشنبیریی هاوڵاتیان لەسەر مەسەلە تایبەتو گشتییەکان.

### ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن لەلایەن دەسەڵاتەوە

١- دەبێت حوکمی یاسا بچەسپێت، واتــە بـەسـتـنـەوەی حـکـومـەت بە دەسـتـوورەوە، هەموان دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات بەرامبەری یەکسان بن، بۆیە پێویستە حکومەت رەچاوی ئەمانەتو بەرژەوەندیی گشتی بکات، نەک رەچاوی بەرژەوەندیی دەستە یان حیزبێک.

٢- دەبێت پەیوەندیی نێوان جەماوەرو دەسەڵات بە شێوازێک بێت کە تیایدا رەچـاو (پەیوەندی هاوڵاتیبوون)و (یەکسانی هـەل) بکرێت. پێویستە هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای بیروبۆچوونو بنچەو دینو پێگەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو ..تاد یەکسان بن وبەشدار بن لەدروستکردنی بڕیاری سیاسیدا.

### ئەو کاتە بنەما سەرەکییەکانی رێوشوێنی هەڵبژاردن لە چوار چێوەی حوکمی یاسادا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- ئیدارەی هەڵبژاردن:

أ. هەیکەلی ئیداری دەبێت بابەتی بێتو بەبێ لایەنگیری بۆهیچ لایەک کاری خۆی بکات.

ب. لیژنەی هەڵبژاردن نوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدا بێت.

ج. دەبـێـت چـالاکـی تایبەت بە هەڵبژاردن لە هەموو قۆناغەکاندا شەفاف بێت.

٢- دیـاریـکـردنـی بـازنـەکـانـی هەڵبژاردن:

أ. بازنەکانی هـەڵـبـژاردن بەپێی دەنگدانی یەکسان

ب. داتـاوزانـیـاریو ئامار لەسەر دانیشتوان هەبێت.

ت. بنکەی دەنگدانی گونجاو هەبێت.

٣- تۆماری دەنگدەران:

أ. بێگەردی بنەمای سەرەکییەتی.

ب. لیست بدرێت بە هەر لایەنێک کە مەبەستێتی.

ج. رێگە لە دەنگدان لە جارێک زیاتر بگیرێت.

٤- پاڵاوتنو پاڵێوراوەکانو حیزبو لایەنو قەوارە بەشداربووەکان

پێویستە بەهیچ شێوەیەک ئەم جیاوازییانەی خـوارەوە لەنێوانیاندا نەکرێت.

أ. جیاوازی لەنێوان ئەو پاڵێوراوانەی لە لایەن حکومەتەوە پاڵێوراون، واتە پاڵێوراوی لیستی حکومەتی کە لەسەر حوکمنو نابێت جیاوازی لە ئیمتیازاتو دەستەبەرکردنی هەلدا لەگەڵ پاڵێوراوانی دیکەدا بکرێت.

ب. نابێت جیاوازی لەسەر بنەمای رەگەز، کەمینە، دین، زمان ...تاد بکرێت.

ت. نابێت کۆسپو تەگەرە بۆ لایەنە بەشداربووەکان دروستبکرێت.

٥- دەنگدانو خشتەو راپۆرتدان:

أ. پێویستە رێگری تەواو لە تەزویرو ساختەکاریی بکرێت.

ب. نهێنی هەڵبژاردن بپارێزرێت، لە ژووری دەنگدان، سندوق...تاد.

ج. ئامادەبوونی چـاودێـران کە بێلایەن بن: چاودێری لۆکاڵی، چاودێر لەرێکخراوە ناحکومییەکان، چاودێری نێو دەوڵەتی.

د. بـەئـاشـکـرا فـــەرزی دەنـگـو ئیعلانکردنی ئەنجامەکان بە ئەمانەتو بێگەردی بکرێت.

٦- سکاڵاو عەریزەو تانەلێدان:

أ. پێویستە مافی تانەلێدان دەستەبەر بکرێتو لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە بکرێت.

ب. یاسا کایگەریی سەرپێچییەکان لەسەر پرۆسەی دەنگدان دیاری بکات.

٧- رێزگرتن لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ:

أ. زەمانەتی ئـازادیـی دەربڕینو راگـەیـانـدنو حـیـزبو رێـکـخـراو دروستکردنو گواستنەوەو کۆبوونەوە بکرێت.

ب. لەبارکردنی کەشێکی گونجاو، رێز لە ئازادییە بنچینەییەکانو مافی مرۆڤ بگیرێت.

ج. بەهیچ شێوەیەک ئامادەکاری بەدەر لەئامادەکارییە گشتییەکان نەکرێت، واتە بەتایبەت(ئیستسنا)نەکرێت.

٨- رێگری لە سەرپێچیو پارێزگاری لە سیستم:

دەبێت یاسا کـرداری هەڵبژاردن بـپـارێـزرێـت لـە گـەنـدەڵـیو کۆسپ دروستکردنو بەرتیلو تەسککردنەوەی ئازادیو ترساندنو رۆڵ بینینی کەسانی دیکە (الانتحال الشخصیە)، نابێت لێپرسراوان سنووری دەسەڵاتیان تێپەڕێنن.

٩- گەیشتن بـە ئـامـرازەکـانـی راگەیاندنو رێکخستنی:

أ. دابینکردنی هـەلـی یەکسان لە راگەیاندن بۆ هەمووپاڵێوراوان (مەبەست زیاتر لە رگەیاندنی حکومیە).

ب. بوونی دەستەیەکی بێلایەن لەو راگەیاندنەدا.

١٠- راگەیاندنی گشتیو هۆشیاری هەڵبژاردن بۆ هەموان

١١- هەڵبژاردنی ئازاد:

أ. ئیرادەی گەلو رای گەل بنەمای هەڵبژاردن بێت، ئەو ئیرادەیە ئازاد بێتو کار بۆکڕینو زەوتکردنی نەکرێت.

ب. دەستەبەرکردنی مافی سیاسی

ت. ئازادیی راو بیرو بۆچوون

پ. سـەربـەخـۆیـی دەسـەڵاتـی دادوەری

١٢- هەڵبژاردنی بێگەرد:

أ. دەبێت گشتیو نهێنی بێت.

ب. دەبـێـت یەکسان بـێـت، واتـا هەرکەسێک یەک دەنگی هەبێت لە یەک بازنەی هەڵبژاردن.

ت. دەبـێـت جـیـاوازی نەکرێتو ئامادەکاری ئیجابی بکرێت.

پ. زەمانەتی یاساییو تەکنیکی بکرێت.

١٣- خولیی(دەوری) هەڵبژاردنو چوارچێوەکانی:

أ. خولی، واتا لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت.

ب. دواخستنی هەڵبژاردن بەبڕیاری پەرلەمانو لەبەر هۆی شیاوو ئاشکرا بێت.

ت. خشتەی ئامادەکراو بەکاتی هەڵبژاردنەکان هەبێت.

١٤- رۆڵی پۆلیسو ئاسایش:

أ. ئاسایشی هەڵبژاردنو پاراستنی هەموان بە یەکسانی.

ب. دەســتــوەرنــەدان (تــداخــل)و نەترساندن.

بەپێی ئـەو پێوەرانە لەهەرێمی کــوردســـتـــان، جـگـە لــە هــەمــوو پیشیلکارییەکو زەوتکردنی ئازادیو بەکارهێنانی دەسـەڵاتو رەوانەبینو بـوار نـەدان بەدەستاو دەستکردنی دەســەڵاتو تەزویر ....تـاد زۆرترین رێوشوێنو هەوڵ بۆمانەوەی دەسەڵات بەکارهاتووە لە ساختەکارییو ترسو توندوتیژییو کڕینی دەنگ کە دەکرێت بـەبـەراورد لەگەڵ ئـەو بنەمایانەدا قەبارەی خروقاتو پێشێلکارییەکان بزانین، هەموشێوازەکان ئەنجامدراون بۆ کارکردنەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن، لەگەڵ ئەوانەشدا لەهەرێمی کوردستاندا چەندین رێوشوێن گیراوەتەبەر کە تائێستا بـەرچـاومـان نـەکـەوتـووەو نەمانبیستووەو لە خروقاتی نێودەوڵەتیدا ئـامـاژەی پـێـنـەدراوە کـە دەکـرێـت دەسەڵاتدارانی هەرێم لەناو وڵاتانی دیکتاتۆردا وەک داهێنان باسی بکەن، بۆنمونە:

١- بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسیی، وەک وێنەی ئافرەتە رۆژنامەنوسەکان کە وێنەی ئاسایی ژیانی رۆژانەیە، تەنیا لەبەر ئـەوەی لە راگەیاندنی لیستی رکـابـەر بـوون، سەیرەکە لەوەدایە لەلایەن حکومەتەوە بکرێت کە بەحساب دەبێت حکومەت پارێزەری هەموان بێت، بەڵام دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆیی ئیتیکی رۆژنامەوانیو پاراستنی ژیانی تاکەکانو بەشێوازێکی درندانە پەلاماری کەسایەتیو بواری پیشەیی ئافرەتانی رۆژنامەوانیاندا. لێرەدا ئەو نهێنییەش ئاشکرا دەبێت کە هۆکاری چییە ژنکوشتنو خۆکوشتنی ژنان لەژێرسایەی ئەم دەسەڵاتەدا لە زیادبوندایە!

٢- نانبڕین لـەرێـگـەی بڕینی مـووچـەوە پێش دەنـگـدانو دوای دەنگدان، لە کاتێکدا ئەم دەسەڵاتە داوای (١٧٪)ی بودجە دەکات لەسەر بنەمای ژمـارەی دانیشتوان، کەچی دەنگدەری لیستەکانی رکەبەر(منافس) بێبەش دەکات لەبژێوی ژیان، ئەمە جگە لە لایەنی مرۆیی.

٣- سـوێـنـدانـی فەرمانبەرو کاربەدەستان بەپیرۆزییەکان بۆ زانینی دەنگو فشارخستنەسەریان کە ئەمە نە نهێنی هەڵبژاردنو نە مافی مرۆڤـو نە ئازادیی دەنگدان بۆ هاوڵاتیان دەهێڵێتەوە، هەر تەنیا ئەمە بەسە بۆئەوەی تـەواوی پرۆسەکە بخاتە ژێرپرسیارەوە!

**سەرچاوە:**

**د.نـظـام عسـاف: المعایر الدولیة للانتخابات النزیهة**

**عبدالفتاح مـاضـی: متی تکون الانتخابات الدیمقراطیة؟**

# سەرکەوتنی خەڵک، یان فڕو فێڵ

گۆران عوسمان

سروشتی مرۆڤەکان وا خولقاوە، کە حەز بە دەستبردن بۆ شتێک دەکەن کە خۆیان پێیان خۆشە هەر لە پێغەمبەر ئادەمەوە وابووە، چۆن حەزی بەو سێوە کردوو خواردی! ئەمە لە دینی ئیسلامیدا واریدەو لە خولقاندنی مرۆڤەکانەوە ئەم سروشتە لە ناخی مرۆڤەکاندا پێناسە دەکات.

ئایدۆلۆژیا یەکێکە لەو هۆکارانەی کە زاڵ دەبێت بەسەر خولقاندنەکەدا، هەموو مرۆڤێک وایە، عەقیدەی هانی دەدات بۆ شتێک، ئەویش بەپێی کاتو شوێنو زەمەنو بارودۆخەکەی کاریگەریی خۆی بە سلبی یان بە ئیجابی دەبێت، لیستی «گۆڕان» ئەو لیستە رکابەرەی سەرساحەی سیاسی کوردستان هـەر لە سەرەتای هاتنە ناوەوەی پرۆسەکانی بانگەشەو هەڵبژاردنەکانەوە بە جۆشو خرۆشێکی زۆرەوە خۆی نواندو توانی کاریگەریی پۆزەتیڤانە بەسەر خەڵکی کوردستانو لەناو ئەو خەڵکانەشدا بە تایبەت گەنجان بەجێبهێڵێت تا ئەو رۆژەی کە دەنگی تیادا درا، ئەوەشمان بیر نەچێت هەموو سەرکەوتنێک لە ئەنجامی ئایدیایەکی جیاواز یاخود ئیرادەی کەسەکانەوە دروست بووە، دیارە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەرەو ئەوە چووە کە بتوانێ خۆی خاوەنی دەنگو رەنگی خۆی بێت، ئەگەریش لەو روانگەیەوە سەیر بکەین کە خەڵکی هۆشیار بووەتەوە، بە دڵنیاییەوە ئەو بۆ چوونە لە سەدا سەد زۆر راستە.

هەرچەندە ئەوەی لیستی «گۆڕان» پێشبینییان دەکردو بەتامایبوون بەوشێوەیە دەرنەچوو، بەڵام ئەوان پەرلەمانیان لامەبەستەو دڵیان بەوە خۆشە کە توانیویانە شتێک بکەن کە رای گشتی بخەنە کایە سیاسییەکانەوەو بەدەر لە پەرلەمان خەڵکیش بتوانێ دەست لە کارەکانی پەرلەمان وەر بدات. هەمووشمان ئەوە دەزانین کە میللەتی کوردو ئەم هەرێمە بە تایبەتی دوای رووخانی رژێمی بەعس زیاتر رووی بە دنیای جیهانی ئۆپۆزسیۆنو دنیای دیموکراسیدا کرایەوە، لەلایەکی دیکەوە حیزبە ناوخۆییەکان ئەزموونی تاڵی ئەو ساڵانەیان بەرێکرد کە لەناو دڵی خەڵکیدا پەنگی خـورادبـووەوە، هەر لە ناوخۆی حیزبەکان خۆشیاندا ئەو پەنگخواردنەوەیە بە زەقی دەبینراو دواتر بینیمان چۆن سەرکردەکانیان بێزار بوون لەو بارودۆخە پڕ ناعەداڵەتو نادادگەرییەی کە بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکیدا هاتووە، رێزنەگرتنی مرۆڤـو چەوسانەوە خەڵکی بە جۆرێک بوو چیتر میللەت تەحەمولی ئەو بارەیان پێ نەدەکرا لە بەرامبەریشدا دروست بوونی لیستێک بەناوی «گۆڕان»ەوە هاتە ئاراوەو بووە فریادڕەسێک بۆ ئەو خەڵکەو تۆڵەکردنەوەیان بەرامبەر ئەو نادادگەرییو ناعەدالەتییەی لە دژیان ئەنجامدراوە، لە هەمووشی گرنگتر هاتنە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ئەو سەرکردانە بوو کە لە خودی دەسەڵاتەوە هاتبوونە دەرەوەو خۆیان بوونە ئۆپۆزسیۆن ئەو بەرەیەیان لەگەڵ خەڵکیدا پێکهێنا بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەســەڵات. چەندین ساڵ خەڵکی لەژێر ئەو چەوسانەوەیەدا دەژیان، هۆکارەکەی نەبوونی رەوتێک بوو کە بتوانێ یەکڕیزییان بپارێزێو بەرگرییان لێ بکات، لەبەر ئەوە خەڵکی چاوەڕوانی هەلێکی زێڕینیان دەکـرد تابتوانن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، خوا کردیو هەلبژادن رێگەیەک بوو بۆ ئەو تۆڵە کردنەوەیە، دواجار هەلبژاردنیش بوو ئەوەی سەلماند، کە خەلکی بەدوای بەدیلی باشتردا دەگەڕێن بۆ ڕزگاربوونی ژیانی تالی چەند سالەیان بەرەو ژیانێکی دیموکراسی راستەقینەو خۆشگوزەرانی دوارۆژیـــان. کەچی وەک دەبینین کەسانێک کە خۆیان بە رۆشنبیر دەزانن باس لە عەتف دەکەن لە پاڵ سەرکەوتنەکانی لیستی گۆڕاندا، من هەر ئەوەندە دەلێم خەلکی ئێستا هۆشیارە لەبەرئەوە هیچ پێویست بە عەتف ناکات، خەلکی عەتفیان بـەوە جـولاوە، کـە تۆ نانبڕاوت کـردوون، خۆ ئەگەر عەتفیان جولابێ شتێکی خراپیان نەکردووە، پاشان عەتف باشترە زالبێت بۆ سەرکەوتن یاخود فێڵو گزیو پارەی خەلک بەخشینەوە بەسەر کەسانی دیکەدا؟!

Goran_Penws@yahoo.com

# چرکەساتەکانی ساختەکاریی

ئیسماعیل عوسمان



چەند چرکە ساتێک هەن لە ژیانی هەر تاکێکدا جیاوازن لە چرکە ساتەکانی دیکەی ژیانی، بە خۆشی بێت یان بە ناخۆشی، هەموو ئەو چرکە ساتانەش کاتژمێرەکانی ژیانی تاکێک پێکدەهێنن.

لە مێژووی ژیانی سیاسیشدا هەموو هێزێکی سیاسی چەند چرکە ساتێکی پرشنگداری هەیەو چەند چرکە ساتێکی پڕ لە شەرمەزاریشی هەیە، دەسەڵاتیش بە هەمانشێوە.

ئەوەی لە چەند کاتژمێری کۆتایی پرۆسەی هەڵبژاردن بەدیکرا، درێژکردنەوەی یەک کاتژمێر بوو بۆ پرۆسەی دەنگدان لە کوردستاندا بەبێ پاساوێکی یاسایی، چەند چرکە ساتێک بوون مێژووی ئەزموونی دیموکراسی کوردیان خستە بەردەم پرسێکی ئەخلاقیو ویژدانییەوە، پێویستە هێزە سیاسییەکانی کورد ئیستێکی لەسەر بکەن!

لە پێشو لەدوای ئەوەی دەرئەنجامە بەراییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان ئاشکرا کران، لیستەکانی دەرەوەی دەسەڵات ئاماژەیان بەوەدا، کە چەندین پێشێلکاریی لەلایەن دوو هێزە سیاسییەکەی کوردستان ئەنجامدراوە، بەڵام ئەم دوو حیزبە پاساو بۆ کارەکانی خۆیان دێننەوە. یەکێک لە ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەدات: کە لە یەکەم ڕۆژی دەنگدان (٣٠٠) سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو پێشلکارییانە تۆمار کراوە، هەولێر (١٣٠)، سلێمانی (٨٠)، دهۆک (٩٠) سکاڵای تۆمار کردووە، ئەمە لە کاتێکدا فۆرمی سکاڵا تۆمارکردن لە ماوەیەکی زۆر درەنگدا گەیشتووەتە دەست لیستو قەوارە سیاسییە جیاوازەکان.

هەموو ئەو ئاماژانە پرۆسەی دیموکراسی کوردستان دەخەنە بەردەم چارەنووسێکی نادیارەوە، لەلایەک ئەوەمان پێدەڵێت: کە هێزەکانو جەماوەرەکەیان تائێستا فێری هۆشیاریی هەڵبژادرن نەبوون، بۆ ئەوەی وەک دەسەڵاتێکی مەدەنی نەک میلیتاری مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژادندا بکەن، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی کە ئەم هێزانە باوەڕیان بەو پێگە جەماوەرییەی خۆیان نییە، بەردەوام لە دڵەڕاوکێیەکی سیاسیدا دەژین هەمیشە لە ترسی لە دەستدانی کورسییەکانی دەسەڵاتی خۆیاندان، ئەوەش وادەکات کە هەمیشە لە دەرئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن بترسنو تووشی فۆبیای هەڵبژاردن بوون.

هۆشیاریی هەڵبژاردن تائێستا لەناو دەروونی تاکی ئێمەدا نەگەیشتووەتە ئاستێک هەست بەوە بکات کە هەر مرۆڤێک لە کوردستاندا وەک چۆن لە ناسنامەو ڕەگەزنامەی شارستانیو کۆبوونی خۆراکەکەدا تاکە کەسێکەو هەمیشەش ئەو مافە تاکە کەسییە وەردەگرێت، لە پرۆسەی سیاسیشدا پێویستە ئەو درککردنەی لەلا دروست بێت، کە ئەو ئەگەر دوو دەنگ بدات، ئەوا مرۆڤێکی زهنی دیکە لە ناو ناخی خۆیدا هەیە دەتوانێت عەقلییەتی ئەو ئاراستە بکات، بەوەش ئەو کەسە هەست بەخۆی ناکات تووشی شیزۆفرینیایەکی دەروونیو سیاسی بووە.

بەوەش هێزە سیاسییە باڵا دەستەکان تووشی فۆبیای سیاسی بوون، بەردەوام ترسی لە پێگە جەماوەرییەکەی خۆی هەیە، چونکە ئەم جەماوەرە بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت تووشی نەخۆشییەک بووە، کە زۆرجار ناتوانێت ئەو کارەکتەرەی دووەم لە ناخیدایە کۆنترۆڵی بکات، بەرەو ئاقارێکی دیکەی دەبات کە لەگەڵ ویستی ئەودا نییە، بەردەوام جیاوازیش لە دەربڕینی کارەکتەرەکانی ناخی خۆیدا هەیە.

ئەوەی کە حیزبە باڵا دەستەکان دەیکەن، ئەخلاقی سیاسیو پرۆسەی دیموکراسییەتی کوردیان خستووەتە بەردەم مەترسییەوە، چونکە سیستمی سیاسی کوردستان تەنیا ئێستا بەشێک نییە لە کوردستان، بەڵکو بەشێکن لە عێراقو جیهان، بە هەر جوڵانەوەیەکی نابەرپرسیارانە پرۆسەی سیاسیو ئەزموونی دەسەڵاتی ناشیرین دەکرێتو شێواندنی هەستی سیاسی بەرامبەر بە تاکی کورد لە زهنییەتی خەڵکی عێراقیو جیهانی دروست دەکات! هەموو ئەو خروقاتانەش لە ڕێگەی پرۆسەی مەڵتی میدیاو چاودێرانی نێودەوڵەتی دەگوێزێتەوە لەسەر ئاستی سیاسی جیهانیش دەبێتە جێگەی قسەو باسو هەڵوێست لەسەر وەرگرتن.

ئەوەی لە پرۆسەی سیاسی کوردیدا بینرا شێوازێک بوو بۆ لەباربردنی دیموکراسیو موتروبەکردنی جارێکی دیکەی سیستمی سیاسی بە پرۆسیسێکی نائەخلاقی، بەوەش لە نەخشەی سیاسی جیهاندا ئەمەی کوردستان خاڵێکی ڕەشمان لەسەر دادەنرێت، کە ئەویش تەنیا دەسەڵاتی کودری لێی بەرپرسە.

سەرەڕای لایەنە نێگەتیڤەکانی پرۆسەکەو دوو هێزی هاوپەیمانییەکان بەو دەرئەنجامە براوەیان بەدەستیهێنا، بەڵام بەوەش قبوولی دەرئەنجامەکانی پرۆسەکە ناکەن، بەتایبەت لە کانتۆنە سیاسییەکەی هەولێری پایتەخت، هەنگاو بۆ چرکەساتێکی خراپتر نرا، کە ئەویش (یەکدی نەخوێندنەوەو قبوڵنەکردنی جیاوازییە) زیندووکردنەوەی کلتووری شەڕی ناوخۆ کە ڕووبارێک خوێنمان لە پێناویدا داو هێرشکردن بۆ سەر بنکەکانی هێزە جیاوازەکانی دیکە، شێواندنی زیاتری پرۆسەی هەڵبژاردنەکانە.

هەموو ئەمانە پێماندەڵێن: کە حکومەتو بکەرە سیاسییەکانی دەسەڵاتەکەی لای ئێمە پاش چەندین ساڵ لە سیاسەتی (حیزبۆ حوکمۆکراسی) پێویستە ببنە خوێندکار لە قوتابخانەی دیموکراسی جیهاندا، ئەلفو بێی دیموکراسی بخوێنن!

esmailhuramani@yahoo.com

# ڕۆشنبیری کوشندە کێیە..؟



غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

**پێموانیە کە چیتر ڕۆشنبیری کورد بێدەنگی دەکات، لەم پاوانخوازیو گەندەڵی ئیدارییە لە وڵاتەکەیدا کە خەریکە دەیکەنە کلتوورێکی سیاسی. دەبێت بنووسێو ئەو کلتوورە پاوانخوازیو گەندەڵییە بێ ئامانەی لە کوردستاندا هەیە، پرۆتستۆ بکاتو بۆ جەماوەر ئاشکرایان بکات**

ئەم نووسینە لە ڕاستیدا بەدواداچوونێکە بۆ ئەو نووسینەی کاک پۆڵا سەعید کە لە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا لە (٢٨)و (٢٠٠٩/٧/٢٩)دا بڵاوبووەتەوە بە ناونیشانی : «ڕۆشنبیری کوشندە». پێمخۆشبوو ئەم بابەتەی وروژاند کە دەبوو لە مێژبوو بوروژایە، دەربارەی هەندێک ڕۆشنبیری کوشندە کە هەمانە لە کوردستانی باشووردا. بەلای منەوە ڕۆشنبیری کوشندە ئەو قسەکەرەیە یان ئەو نووسەرەیە کە لەنێو واقیعبینییەکی بیانییەوە دێت باسی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکات کە من پێموایە غەدرێکی گەورەیە ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانە ئەنجامی دەدەن، یان ئەو ڕۆشنبیرەشە کە خوێنەری کوردی خاوەن کەم دەرامەتی ڕۆشنبیری بە هەڵەدا ببات، بیرکردنەوەی سڕدەکات بۆ ئەوەی بیر لە مەینەتیەکانی دەوروبەری خۆی نەکاتەوە. بەڕاستی ئەم ڕۆشنبیری کوشندەیە واتەشەنەی کردووە بە جۆرێک کە بووەتە دیاردەو تەنانەت خوێنەری کوشندەشی هێناوەتەئاراوە!. بەشبەحاڵی خۆم هەر دوای ئەو زنجیرە وتارەی بەڕێز تاهیر سالح شەریف لە سایتی کوردستان پۆست بڵاویکردەوە، دەربارەی ئەوەی کە «ڕۆشنبیر» ڕاستە یان «ڕووناکبیر»و شتی دیکەش کە مەبەستی من نییە لێرەدا باسیبکەم، خوێندنەوەیەکی دوورو درێژمکرد بۆ کتێبەکەی «ئیدوارد سەعید» بە ناونیشانی «ئەو خوداوەندەی کە هەمیشە شکستدێنێت»، لە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤاری «ئایندە»دا بڕیارە بڵاوبێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد بزانێت ڕۆشنبیر یان ڕووناکبیر کێیە، ڕۆڵی چییەو چی دەبێت لە کۆمەڵگەدا، یان کێ پێشتر ئەم بابەتەی وروژاندووە..بۆ ئەمەش «سەعید» پەنای بردووەتە بەر زۆر لە بیریارەکانی ئەوروپا وەکو، گرامشیو فۆکۆو سارتەرو ژۆلیان بیندا.. ئێمە وەکو دەزانین لەدوای ڕاپەڕینەوە گروپە کەسێک پەیابوون بەناو ڕۆشنبیر کە کەسانێکن لە مندالدانی بۆشاییەکی ڕۆشنبیریی هاوچەرخانەی کوردەوە هاتنەدەرێ، لەنێو چەند وەرچەرخانێکی سیاسی خراپدا کە لە بۆشاییەکی ڕۆشنبیری دوای ڕاپەڕین هاتەکایەوە، ئەو پچڕانە قۆناغییەی نێوان هەشتاکانو دوای ڕاپەڕینیان بە هەلزانی، بۆ ئەوەی بە چەند کایەیەکی تێهەڵکیشو سەرلێشێوێنەر بێنە مەیدانەوە، کۆمەڵێک خوێنەری نیمچە بۆهیمیو سەرلێتێکچووش دوای نووسینەکانیان بکەون.. بەڕای من دەتوانین ناویان بنێین ڕۆشنبیری کوشندە کە بە داخەوە هەندێک لە میدیاکان بەبێ ئاگایی، وەکو هەنگیان لە کلۆنی داردا دۆزیبێتەوە ئاوها بە هەڵپەوە قسەکانیان بڵاودەکەنەوە، بێ ئەوەی بزانن ئەو بۆچوونانە چەند لەگەڵ واقیعی ئێمەدا یەکدەگرنەوە یان یەکناگرنەوە کە زۆریان بۆنی سەرلێشواندنیان لێدێت نەک وتنی ڕاستییەکان! لەڕێگەی پەنابردنە بەر هەندێک بابەت کە بەخوێنەری کورد تازەیە، بە زمانێک دەیلێن کە لێگەیشتن یان حاڵیبوون لێی زەحمەت بێت، چونکە لە سۆنگەی تێکەڵکردنی گەلێک بابەت دێنە نووسین، بۆیە خوێنەر بەتەئکید تەقەی سەری دێت لێیان، بڕواشناکەم ئەو جۆرە نووسینانە خوێنەر بەرەو ئاسۆیەکی کراوە ئاراستە بکات، شێوەیەکن لە ئیدیعاگەرایی، یان کەسی پسپۆڕنین لەو ڕۆژنامەو میدیا کوردییانە بۆ ساخکردنەوەی سەلامەتی فیکریی، بە واتا فیکریو ڕۆشنبیرییەکەی، نەک بە چەمکە ئایدیۆلۆژیو سیاسییەکەی؟..

بۆ نموونە لەم ماوەیەی پێشوودا کە بزووتنەوەی گۆڕان یان لیستی گۆڕان ڕاگەیەنرا، دەبینین بیرۆکەی گۆڕانو دووانـدن لەسەری بووە هەڵێکی باش، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو جیابوونەوەیەی پێ بکەنەوە کە لەگەڵ دەسەڵات لەبەر هەندێک هۆی هونەری کردبوویان لەمەوبەر، یان پاساوی ئەوەی پێ بدەنەوە کە ئەوان چەندین ساڵ لەگەڵ خودی دەسەڵات تەبابوون، لەملاو لەولاوە کەوتنە باسکردنی پرۆسێسی گۆڕانو قالبی فەلسەفییان بۆی دەدۆزییەوە.. ئێمە نموونەی ئەو ڕۆشنبیرە کوشندانەمان لەبەردەستدایە، لە جۆری ئەوەی کە دوژمنی سەرسەختی دەسەڵاتو تاکەکانییەتی، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی لەلای دەسەڵات نەماوە، پۆستی نەماوە، ئیدی پەنادەباتەبەر مانۆڕکردن تا دەسەڵات ئاشتبکاتەوە دێتە بەرەی گەل، خەڵکی هاندەدا بۆ یاخیبوون، کەچی لەڕاستیدا ئەو بۆ بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆی خەڵکی وروژاندووەو فریوداوە، لەپێناوی پۆستو بەرژەوەندییەکانی خۆی بانگەشەی هەڵگەڕانەوە دەکات لە دەسەڵات، ئیدی هەر کە دەسەڵات کەوتە سەرەتاتکێ لەگەڵیدا، بە سەدو هەشتا پلە بادەداتەوەو پشت لەو بەهایانەش دەکات کە خەڵکی پێ هانداوە، ئەمانە ڕۆشنبیری کوشندەن کە دەبێت خوێنەری کورد دوای ئەمجۆرە ڕۆشنبیرانە نەکەوێت، نەیانکەنە ئەو خودایەی کە ئادەمو حەوایان بۆ دەسنیشانبکەن، بگرە زۆریش لە سیاسییە کۆنەویستە دۆگماکان خەتەرناکترن..

ڕۆشنبیر، یان ڕووناکبیر لەلای (ژۆلیان بیندا)، کەسێکی شاهانەی دانەرو خاوەن بەهرەی لە ڕادەبەدەرو هەستێکی بەرزی ڕەوشتەو خۆی تەرخانکردوە بۆ دروستکردنی ویژدانی مرۆڤایەتی. ئەوەی خۆی بۆ بابەتی ئاڵۆزو دەشێ ئەفسوناویش تەرخانکردبێت، ڕووناکبیری ڕاستەقینە هەرگیز لە باشترین حاڵەتدا، جگە لە خاوەن سۆزێکی میتافیزیکی کە بیجوڵێنێت، یان بیرو باوەڕێکی پاکیزە بۆ دادپەروەرییو ڕاستیو ڕسواکردنی گەندەڵی، بەرگریکردنی لە چەوساوەکان، تەحەدای دەسەڵاتی ناشەرعی یان ستەمکار بەولاوە هیچی دیکە نییە. نەک وەکو ڕۆشنبیرە کوشندەکانی لای خۆمان کە ڕێک پێچەوانەن! ئەو ڕۆشنبیرە کوشندانەی خۆمان کە دەیانەوێت بە زمانی «عێساو «سوکراتو سپینۆزاو ڤۆلتێرو ئارنست ڕێنان» قسەبکەن، بە ئیدیعا وەکو ناوهێنانیان، گەرچی هەموو قسەکانیان شێواندنو سەر لێشێواندنە، بۆیە جیاکردنەوەی ئەو ڕۆشنبیرە کوشندانە، ئەرکی سەرەکی خوێنەری زیرەکەو خوێنەری بە ئاگایە لە فیکرو فەلسەفەو ئەدەبیاتی مرۆڤایەتیدا، نەک ئەو خوێنەرەی کە دەیەوێت ڕۆشنبیری کوشندە بەپێی حەزەکانی ئەو قسەبکات، بەپێی داخوازییە هەنووکەییەکانی ئەو (فەلسەفەکانی) بوەشێنێت، ئەگەرچی زۆرن ئەوانەی کە بۆ حەزەکانی خوێنەر قسەدەکەن، بۆیە دەبینین ئەو ڕۆشنبیرە کوشندانە خوێنەرو دەروێشیکی زۆریان هەیە، قسەکانی ئەوانیان بەپێی قسەی خوداوەندەکانو پێغەمبەرەکانە، بۆیە دەبێت میدیاکانمانو ڕۆژنامە ئازادەکانمان ئاگایان لەمجۆرە ڕۆشنبیرانە بێت، هەر شتێک لەوانەوە هات نابێت بەبێ لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە بڵاویانکەنەوە کە بڵاوکردنەوەیان دەبنەهۆی دروستبوونی نەوەیەکی ئیفلیجو نارۆشنبیر لە کوردستاندا کە وەختێک دەزانین خاوەن کلتوورێکی سەقەتینو لە کلتووری میللەتەکانی دیکە ناچێت..

ئێمە دەبێت ئەوە بزانین وەکو (پوشکین) دەڵێت: «سەدان شیعرو ڕۆمان ناتوانن شۆڕشێک دروستبکەن، بۆ نموونە شۆڕشی گەلانی ڕوسیا لە ساڵی (١٩١٧) ئەنجامی شیعرەکانی پوشکینو ڕۆمانەکانی تۆلستۆیو دۆیستۆیفسکیو نووسینەکانی باختینو بلیخانۆفو بیلینسکیو ڕۆمانی «دایکی» گۆرکی نەبوو، بگرە ئەنجامی زۆربوونی زوڵمو زۆرداریو هەژاریدابوو، هەروەها بوونی ئایدیۆلۆژیای هاندەرو پێشڕەوکردنی جەماوەری ستەمدیدەو ئامادەباش بۆ ڕاپەڕین لەلایەن کەسانی کاریزمییەوە». سەبارەت بە شۆڕشی فەرەنساش وابوو.

بەپێی قسەی «ژۆلیان بیندا» ئیشی ڕۆشنبیر پرۆتستۆکردنو ڕیسواکردنی جەنگەکانو کاولکارییەکانو توندوتیژییو دەمارگیرییو کردەوە دڕندەییەکانە، وەکو چۆن فنلیونو ماسیلۆن جەنگە دیاریکراوەکانی لویسی چواردەهەمیان ڕیسواکرد؟ «ڤۆلتێر»یش کاولکاریی بەڵاتییەکانیو «ڕێنان»یش کردەوە توندوتیژییەکانی ناپلیۆنو «بکلی»یش دەمارگیریی ئینگلتەرای ڕیسواکرد بەرامبەر بە شۆڕشی فەرەنسا. (نیچە)یش کردەوە دڕندەییەکانی ئەڵمانیای ڕیسواکرد دژ بە فەرەنسا.. پێموایە ڕۆشنبیری کوردیش نابێت لە بورجی عاجی بمێنێتەوەو بێدەنگ بێت لە ئاستی پاوانخوازییەکانی دەسەڵات لە کوردستاندا، ئەو پاوانخوازییەی هەژدە ساڵە درێژەی هەیە، چونکە خەریکە پاوانخوازی دەبێتە کلتوور لە چەمکی سیاسی کوردیدا. دەبێت ڕۆشنبیر بێتە مەیدانەکەوەو نەڵێت ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە، ئیشی من سیاسەت نییە، چونکە ڕۆشنبیریی بەشێکە لە ئایدیاو هزری مرۆڤ کە فیکری سیاسیش بەشێکە لەو هزرە، لێرەدا قسەیەکی بیریاری میسری «لوتفی خولی»م بیردەکەوێتەوە کە دەڵێت زۆرمان لە سیاسەتەوە هاتووین بۆ ئەدەب، پێموایە جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، لەوانەیە هەر نەشبێت، چونکە مومارەسەکردنی ڕۆشنبیریی خۆی لە خۆیدا مومارەسەی ئەدەبە، وەکو دەبینین گەورە ڕۆشنبیرانی جیهان چوونەتە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە، چ ڕێکخراوی چەپ بووبێت یان ڕێکخراوی ڕاستبوو بێت، کاریانکردوە، وەکو کامۆو سارتەرو شاعێریکی وەکو لیۆبۆلد سیدار سەنگور سەرۆک کۆماری سەنگال بوو، یان شاعیرێکی گەورەی فەرەنسی سان جۆن بێرس باڵیۆزی فەرەنسابوو لە وڵاتی چین. ئیدوارد سەعیدیش یەکێک بووە لە داکۆکیکەران لە کێشەی فەلەستین، بەبێ ئەوەی کەسێکی ڕەگەزپەرست بێت گەلی جولەکە ڕەتبکاتەوە. هەندێک پێیانوایە کە ڕۆشنبیر دەبێت لە ئاستی زیندەوەرێکی خورافی بێت کە ئەسلبوونی نییە، یان ئەو کەسە بێت کە دەڵێت مەملەکەتی من لەم جیهانەدا نییە. یان ئەگەر ڕۆشنبیر لە دەزگایەکی دەوڵەتی بووە فەرمانبەر، دەزگایەکی ڕۆشنبیری بێت یان زانکۆ بێت، هیچ لە نرخی کەمناکاتەوەو نازناوی ڕۆشنبیری لێ وەناگیرێتەوە، بە مەرجێک نەچێتەژێر باری دەسەڵاتەوەو ببێتە بووقی. ئەمڕۆ دەبێت ڕۆشنبیری ڕاستەقینە خۆی یەکلابکاتەوە، یان لە بەرەی گەلە یان لە بەرەی دەسەڵاتە، بێگومان ڕۆشنبیری دەسەڵاتیش لەلای جەماوەر ڕاستگۆیی خۆی لە دەستدەدات. ئەگەرچی لەڕاستیدا ڕۆشنبیری ڕاستەقینە تاسەر لەگەڵ دەسەڵات هەڵناکات، لە دوا قەناعەتەکانی خۆیدا سێ بە سێ دەسەڵات تەڵاقدەدات، چونکە ئەو ناکەوێتە دوای ئامانجە پرۆسەییەکان، هەوڵی دۆزینەوەی خۆشیی خۆی دەدات لەڕێگەی هونەرەوە، یان زانستی تێڕامانە میتافیزیکییەکان، واتا بۆ بەدەستهێنانی خەسڵەتی نامادەیی...

پێموانیە کە چیتر ڕۆشنبیری کورد بێدەنگی دەکات، لەم پاوانخوازیو گەندەڵی ئیدارییە لە وڵاتەکەیدا کە خەریکە دەیکەنە کلتوورێکی سیاسی. دەبێت بنووسێو ئەو کلتوورە پاوانخوازیو گەندەڵییە بێ ئامانەی لە کوردستاندا هەیە، پرۆتستۆ بکاتو بۆ جەماوەر ئاشکرایان بکات. من لەو قەناعەتەم ئەو بزووتنەوە گۆڕانەی لە کوردستان سەریهەڵدا بەم دواییە، ئەنجامی هیچ نووسینو بانگەشەیەکی فیکری نەبوو، بگرە بزووتنەوەیەکی خۆڕسکانەی جەماوەرێکی تووڕەبوو کە نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕوات، بەڵام لە سندوقەکانی دەنگدان هەڵیڕشتو دەسەڵاتی تووشی شۆککرد، بە وتەی دەسەڵاتدران خۆیان..

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٣٦ — R٥**

پرۆژە: دروستکردنی قوتابخانەی چوار پۆلی لە هەڵشۆ.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٨٠٠٠٠٠٠) هەشت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

دادگای بەرایی سلێمانی/ ١
ژمارە/ ١٨٠٠/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/٤

**ئاگاداری**

داواکار/ صبحی علی عثمان بریکارەکەی دلێر فرج و شیماو عبداللە
بۆ داوا لەسەرکراوان/ ١ ـ ملیحە عمر شێخ أحمد ٢ ـ رفیق عبدالرزاق ٣ ـ هاشم عمر شێخ أحمد ٤ ـ صبریە عمر شێخ أحمد ٥ ـ حسینە حسن ٦ ـ غازی ختلد شێخ قادر
داواکار ئەم داوایەی لەسەر ئێوە تۆمارکردووە داوای لابردنی هاوبەش (ازالە شیوع) دەکات لەسەر مولکی ژمارە ٥٥٣/٣ ملکندی بە فرۆشتنی ئەگەر شیاوی بەشکردن نەبوو لە نێوانتانا وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی دانیشتنتان نادیارە ئاگادارتان ئەکەینەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆ کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٦ سەعات ٩,٣٠ی بەیانی لەم دادگایە ئامادەبن بە پێچەوانەوە بە غیابی دادبینی دەکرێن.

**دادوەری یەکەم**
**خدر حسن محمد**

---

دادگای بەرایی سلێمانی/ ١
ژمارە/ ٧٩٩/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/٤

**ئاگاداری**

داواکار/ صبحی علی عثمان بریکارەکەی دلێر فرج و شیماو عبداللە
بۆ داوا لەسەرکراوان/ ١ ـ ملیحە عمر شێخ أحمد ٢ ـ رفیق عبدالرزاق ٣ ـ هاشم عمر شێخ أحمد ٤ ـ صبریە عمر شێخ أحمد ٥ ـ حسینە حسن ٦ ـ غازی ختلد شێخ قادر
داواکار ئەم داوایەی لەسەر ئێوە تۆمارکردووە داوای لابردنی هاوبەش (ازالە شیوع) دەکات لەسەر مولکی ژمارە ٥٥٣/٢ ملکندی بە فرۆشتنی ئەگەر شیاوی بەشکردن نەبوو لە نێوانتانا وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی دانیشتنتان نادیارە ئاگادارتان ئەکەینەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆ کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٦ سەعات ٩,٣٠ی بەیانی لەم دادگایە ئامادەبن بە پێچەوانەوە بە غیابی دادبینی دەکرێن.

**دادوەری یەکەم**
**خدر حسن محمد**

---

## ونبوون

**سەنەویەکی ئوتومبێل جۆری پیکاب مۆدێل (٢٠٠٥) ژمارەی (٢١٣٣٦) هەولێر بەناوی (عامر جەبار محەمەد) ونبووە هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠١٤٢٨٠٤٨)**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٣٥ — R٤**

پرۆژە: پرۆژەی ئاوی گەڕەکی رزگاری و شۆڕش لە عەربەت + فراوانکردنی گەنجینەی سەرۆکایەتی شارەوانی عەربەت
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٥) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٤٠٠٠٠٠٠) بیستو چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٣٤ — R٣**

پرۆژە: ئاوەڕۆی گەڕەکی ئازادی لە کەلار.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٥٠٠٠٠٠٠) چل و پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٣٣ — R٢**

پرۆژە: تێکەڵەڕێژکردن و دروستکردنی قەنتەرە بۆ (٧) گوندی سنوری سەنگاو.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٨٠٠٠٠٠٠) هەشت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٦٧٦ — R١**

پرۆژە: دروستکردنی حەوزی ئاوو راکێشانی بۆری ئاو بۆ گوندی ئاو کورتە (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٥ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستە جگە لە ژمارە بە نووسین بنووسێت بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستــەی نووســەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# ئاگادارییه‌كانی كۆمسیۆنی باڵای سه‌ربه‌خۆی هه‌ڵبژاردنه‌كان

# اعلانات المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم **(١٥)** قراره للمحضرالاستثنائي رقم **(٥٠)** والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :

الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل القائمة الكردستانية في محافظة السليمانية بتاريخ ٢٠٠٩/٧/٨حول قيام مجموعة من مؤيدي قائمة التغيير بطعن احد مؤيدي القائمة الكردستانية بتاريخ ٢٠٠٩/٦/٢٩ في محلة **(تويمه لدك)** لعدم اختصاص المفوضية وبالامكان اللجوء الى القضاء المختص

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ده‌سته‌ی كۆمیسه‌ران بڕیاری ژماره (١٥) له‌سه‌ر بڕیاری كۆنووسی نائاسایی ژماره (٥٠) له ڕێكه‌وتی ٢٠٠٩/٧/١٨دا بـه‌م جۆره ده‌ركرد : ڕه‌زامه‌ندی له‌سه‌ر ڕه‌تكردنه‌وه‌ی ئه‌و سكالایه كه له‌لایه‌ن لیستی كوردستانیه‌وه له سلێمانی پێشكه‌شكرابوو له ڕێكه‌وتی ٢٠٠٩/٧/١٨ دا سه‌باره‌ت به‌كاری ناله‌باری چه‌ند كه‌سێك له هه‌وادارانی لیستی (گـۆڕان) كردبوویان ئه‌ویش به تانه و ته‌شه‌ر لێدان به یه‌كێكی هه‌واداری لیستی كوردستانی له ڕێكه‌وتی ٢٠٠٩/٦/٢٩ دا له گه‌ڕه‌كی (تووی مه‌لیك) ، داواكه ڕه‌تكرایه‌وه چونكه ئه‌و جۆره سه‌رپێچانه په‌یوه‌ندییان به كۆمیسیۆنه‌وه نییه ، سكالاكار ده‌توانێ بیخاته به‌رده‌م دادگا .

ئه‌م بڕیاره قابیلی تیاهه‌ڵچوونه‌وه‌یه له‌به‌رده‌م ده‌سته‌ی دادوه‌رانی هه‌ڵبژاردنه‌كان له‌ماوه‌ی سێ ڕۆژدا له یه‌كه‌م ڕۆژی بڵاوبوونه‌وه‌یدا.

ده‌سته‌ی كۆمیسه‌ران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم **(١٥)** قراره للمحضرالاعتيادي رقم **(٥٩)** والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة الخدمات والاصلاح في عقرة ضد القائمة الكردستانية حول قيام سيارة نوع **(BMW)** سوداء اللون غير مرقمة باحراق فلكس لقائمة الخدمات والاصلاح في مدخل مدينة عقرة لعدم تحديد جهة المشكو منه▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران بڕیاری ژماره (١٥)ی كۆنووسی ئاسایی ژماره (٥٩) له ڕێكه‌وتی ٢٠٠٩/٧/٢٤ به‌م شێوه‌یه ده‌ركرد:

ڕه‌تكردنه‌وه‌ی سكاڵای پێشكه‌شكراو له‌لایه‌ن لیستی خزمه‌تگوزاری وچاكسازی له ئاكرێ دژی لیستی كوردستانی سه‌باره‌ت به سووتاندنی فیلكسێكی لیستی خزمه‌تگوزاری وچاكسازی له ده‌روازی شاری ئاكرێ له‌لایه‌ن ئۆتۆمبێلێكی جۆری (BMW) ڕه‌نگی ڕه‌ش به‌بێ ژماره، له‌به‌ر دیاری نه‌كردنی لایه‌نی سكاڵا لێكراو.

بڕیارێكه شیاوی پێداچوونه‌وه‌یه له‌به‌رده‌م ده‌سته‌ی دادوه‌ری هه‌ڵبژاردنه‌كان له هه‌رێمی كوردستان دا له ماوه‌ی سێ ڕۆژدا كه له ڕۆژی دوای بڵاوكردنه‌وه ده‌ست پێده‌كات.

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم **(١٥)** قراره للمحضرالاعتيادي رقم **(٦٠)** والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التغيير ضد القائمة الكردستانية بشأن قيام بعض الاشخاص المؤيدين للاخيرة بتهديد بعض انصار القائمة الاولى لعدم كفاية الادلة ولعدم ثبوت اشتراك القائمة بالفعل وبالأمكان اقامة الدعوى الجزائية ضد الفاعلين ▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ده‌سته‌ی كۆمیسیاران بڕیاری ژماره (١٥) ی له‌سه‌ر بڕیاری كۆنووسی ئاسایی ژماره (٦٠) له ڕێكه‌وتی (٢٠٠٩/٧/٢٤) دا به‌م جۆره ده‌ركرد: ڕه‌تكردنه‌وه‌ی ئه‌و سكالایه كه له‌لایه‌ن لیستی (گـۆڕان)ه‌وه پێشكه‌شكرابوو دژی لیستی كوردستانی سه‌باره‌ت به‌هه‌ندێ له هه‌وادارانی لیستی گـۆڕان كـردووه ، ئه‌و ڕه‌تكردنه‌وه له‌به‌رئه‌وه بوو چونكه به‌ڵگه‌ی ته‌واو نه‌بوو كه ئه‌وه بسه‌لمێنێ كه ئه‌و كه‌سانه هه‌ڕه‌شه‌یان كردووه .. ده‌كرێ ئه‌م سكالایه بخرێته به‌رده‌م دادگای سزا ..

ده‌سته‌ی كۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم **(١٥)** قراره للمحضرالاعتيادي رقم **(٦١)** والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٥ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التقدم ضد القائمة الكردستانية في السليمانية حول قيام السيد جلال الطالباني بزيارة الى مدينةحلبجة للترويج للقائمة الكردستانية لعدم ثبوت تعطيل الدوام الرسمي في ذلك اليوم في هذه المدينة▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران بڕیاری ژماره (١٥)ی كۆنووسی ئاسایی ژمـاره (٦١)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ به‌م شێوه‌یه ده‌ركرد:

ڕه‌تكردنه‌وه‌ی سكاڵای پێشكه‌شكراو له‌لایه‌ن لیستی پێشكه‌وتن دژی لیستی كوردستانی له سلێمانی سه‌باره‌ت به سه‌ردانی به‌ڕێز جه‌لال تاله‌بانی بۆ شـاری هه‌ڵه‌بجه به مه‌به‌ستی بانگه‌شه‌كردن بۆ لیستی كوردستانی، له‌به‌ر ناسه‌لماندنی پشووی فه‌رمی له‌و ڕۆژه‌دا له شاره‌كه.

بڕیارێكه شیاوی پێداچوونه‌وه‌یه له‌به‌رده‌م ده‌سته‌ی دادوه‌ری هه‌ڵبژاردنه‌كان له هه‌رێمی كوردستان دا له ماوه‌ی سێ ڕۆژدا كه له ڕۆژی دوای بڵاوكردنه‌وه ده‌ست پێده‌كات.

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم **(١٦)** قراره للمحضرالاعتيادي رقم **(٦٠)** والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التغيير ضد القائمة الكردستانية بشأن قيام بعض قوات الاسايش بطعن احد المواطنين المؤيدين للقائمة الاولى لعدم اختصاص المفوضية ولعدم ثبوت الادلة وبالأمكان اقامة الدعوى الجزائية ضد الفاعل ▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ده‌سته‌ی كۆمیسیاران بڕیاری ژماره (١٦) ی له‌سه‌ر بڕیاری كۆنووسی ئاسایی ژماره (٦٠) له ڕێكه‌وتی (٢٠٠٩/٧/٢٤) دا به‌م جۆره ده‌ركرد:

ڕه‌تكردنه‌وه‌ی ئه‌و سكالایه كه له‌لایه‌ن لیستی (گۆڕان)ه‌وه پێشكه‌شكرابوو دژی لیستی كوردستانی ده‌رباره‌ی هه‌ڵسانی هه‌ندێ له هێزه‌كانی ئاسایش كه به تانه‌دان له یه‌كێك له هه‌وادارانی لیستی گۆڕان، ڕه‌تكردنه‌وه‌كه له‌به‌ر ئه‌وه بوو چونكه ئه‌و جۆره سكالایانه تایبه‌ت نیه به كۆمسیۆنی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌كانه‌وه ، له هه‌مان كاتدا به‌ڵگه‌ی سه‌لمێنراوی نه‌بووه ده‌كرێ ئه‌و سكالایه دژی ئه‌وانه‌ی كردوویانه بدرێته دادگای سزا..

ئه‌و بڕیاره قابیلی پیاهه‌لچوونه‌وه‌یه به‌رامبه‌ر به دادوه‌ری هه‌ڵبژاردنه‌كان له ماوه‌ی سێ ڕۆژدا له ڕۆژی یه‌كه‌می بڵاوبوونه‌وه‌ی ئه‌م بڕیاره.

ده‌سته‌ی كۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم **(١٦)** قراره للمحضرالاعتيادي رقم **(٦١)** والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٥ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التقدم ضد القائمة الكردستانية حول قيام السيد **(ملا بختيار)** احد كوادر القائمة الكردستانية بمفاتحة نائب رئيس حكومة الاقليم لتمليك بعض المحلات لشاغليها في السليمانية كونه لاينطوي على اي مخالفة▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران بڕیاری ژماره (١٦)ی كۆنووسی ئاسایی ژمـاره (٦١)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ به‌م شێوه‌یه ده‌ركرد:

ڕه‌تكردنه‌وه‌ی سكاڵای پێشكه‌شكراو له‌لایه‌ن لیستی پێشكه‌وتن دژی لیستی كوردستانی سه‌باره‌ت به قسه‌كردنی به‌ڕێز مه‌لا به‌ختیار یه‌كێكه له كادیره‌كانی لیستی كوردستانی له‌گه‌ڵ جێگری سه‌رۆكی حكومه‌تی هه‌رێم بۆ به‌خاوه‌نكردنی هندێك دوكان له سلێمانی بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه تیایدانه، چونكه هیچ پێشێلكارییه‌كی تێدا نی یه.

بڕیارێكه شیاوی پێداچوونه‌وه‌یه له‌به‌رده‌م ده‌سته‌ی دادوه‌ری هه‌ڵبژاردنه‌كان له هه‌رێمی كوردستان دا له ماوه‌ی سێ ڕۆژدا كه له ڕۆژی دوای بڵاوكردنه‌وه ده‌ست پێده‌كات.

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم **(١٣)** قراره للمحضرالاعتيادي رقم **(٦١)** والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٥ الاتي:

رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التغيير حول قيام صحيفة **(هه ولير)** بنشر تقرير اخباري بعنوان **(نيجرفان بارزاني قرربناء ٢٥٠ وحدة سكنية للشباب)** بقصد توزيعها على **(٥٠٠ )** شاب وشابة لعدم اختصاص المفوضية وكونه امر اداري من صلاحيات مجلس الوزراء ▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران بڕیاری ژماره (١٣)ی كۆنووسی ئاسایی ژماره (٦١)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ به‌م شێوه‌یه ده‌ركرد:

ڕه‌تكردنه‌وه‌ی سكاڵای پێشكه‌شكراو له‌لایه‌ن لیستی گۆڕان سه‌باره‌ت به به‌ڵاوكردنی راپۆرته هه‌واڵێك له‌لایه‌ن ڕۆژنامه‌ی (هه‌ولێر) به‌ناونیشانی (نێچیرڤان بارزانی بڕیاریدا به دروستكردنی ٢٥٠ یه‌كه‌ی نیشته‌جێبوون بۆ گه‌نجان) به‌مه‌به‌ستی دابه‌شكردنیان به‌سه‌ر ٥٠٠ گه‌نج، چونكه ئه‌مه له پسپۆری كۆمیسیۆندا نی یه وه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی فه‌رمانێكی كارگێریه له ده‌سه‌ڵاته‌كانی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیرانه.

بڕیارێكه شیاوی پێداچوونه‌وه‌یه له‌به‌رده‌م ده‌سته‌ی دادوه‌ری هه‌ڵبژاردنه‌كان له هه‌رێمی كوردستان دا له ماوه‌ی سێ ڕۆژدا كه له ڕۆژی دوای بڵاوكردنه‌وه ده‌ست پێده‌كات.

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم **(١٤)** قراره للمحضرالاعتيادي رقم **(٦٠)** والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :

١▪ رد الشكاوى اعلاه والمقدمة من قبل قائمة الخدمات والاصلاح ضد القائمة الكردستانية بشأن وجود بعض الخروقات المتعلقة بالحملة الانتخابية وتعليق بعض اللافتات على الدوائر والابنية الحكومية لسبق وأن تم تغريم هذه القائمة على ذات الخروقات ▪

٢▪ الزام القائمة الكردستانية برفع المخالفات المتعلقة بالحملة ▪

قراراًقابلاًللاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران بڕیاری ژمـاره (١٤)ی كۆنووسی ئاسایی ژماره (٥٩) له ڕێكه‌وتی ٢٠٠٩/٧/٢٤ به‌م شێوه‌یه ده‌ركرد:

ڕه‌تكردنه‌وه‌ی سكاڵای پێشكه‌شكراو له‌لایه‌ن لیستی كوردستانی سه‌باره‌ت به قه‌ده‌غه‌كردنی هاتووچۆی ئۆتۆمبێله‌كان وئه‌نجامدانی سه‌رپێچی هاتووچۆ له شه‌قامی سالم، چونكه بابه‌تی سكالا له پسپۆری كۆمیسیۆن دا نی یه.

بڕیارێكه شیاوی پێداچوونه‌وه‌یه له‌به‌رده‌م ده‌سته‌ی دادوه‌ری هه‌ڵبژاردنه‌كان له هه‌رێمی كوردستان دا له ماوه‌ی سێ ڕۆژدا كه له ڕۆژی دوای بڵاوكردنه‌وه ده‌ست پێده‌كات.

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم **(١٢)** قراره للمحضرالاستثنائي رقم **(٥١)** والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٥ الاتي :

رد الشكوى المقدمة من قبل السيد شمال جبار محمد ضد مسؤول كراج شيخ محي الدين للنقل لعدم اختصاص المفوضية

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران بڕیاری ژماره (١٢)ی كۆنووسی نائاسایی (٥١)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ به‌م شێوه‌یه ده‌ركرد:

*ڕه‌تكردنه‌وه‌ی سكالای پێشكه‌شكراو له‌لایه‌ن به‌ڕێز (شمال جبّار محمد) دژی به‌رپرسی گه‌راجی (شیخ محی الدین) بۆ گواستنه‌وه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له پسپۆری كۆمیسیۆن دا نی یه.

بڕیارێكه شیاوی پێداچوونه‌وه‌یه له‌به‌رده‌م ده‌سته‌ی دادوه‌ری هه‌ڵبژاردنه‌كان له هه‌رێمی كوردستان دا له ماوه‌ی سێ ڕۆژدا كه له ڕۆژی دوای بڵاوكردنه‌وه ده‌ست پێده‌كات.

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران

### اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم **(١٤)** قراره للمحضرالاعتيادي رقم **(٦١)** والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٢ الاتي :

تغريم القائمة الكردستانية مبلغ قدره **(٢،٠٠٠،٠٠٠دينار)** فقط مليوني دينار وذلك عن استخدام العجلات الحكومية بالدعاية الانتخابية في دهوك▪

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر ▪

مجلس المفوضين

### ئاگاداری

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران بڕیاری ژماره (١٤)ی كۆنووسی ئاسایی ژماره (٦١) له ڕێكه‌وتی ٢٠٠٩/٧/٢٢ به‌م شێوه‌یه ده‌ركرد:

*پێ بژاردنی لیستی كوردستانی به‌بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار به‌هۆی به‌كارهێنانی ئۆتۆمبێلی میری له هه‌ڵمه‌ته‌كانی هه‌ڵبژاردن له دهۆك.

بڕیارێكه شیاوی پێداچوونه‌وه‌یه له‌به‌رده‌م ده‌سته‌ی دادوه‌ری هه‌ڵبژاردنه‌كان له هه‌رێمی كوردستان دا له ماوه‌ی سێ ڕۆژدا كه له ڕۆژی دوای بڵاوكردنه‌وه ده‌ست پێده‌كات.

ئه‌نجومه‌نی كۆمیسیاران

# (١٨) ساڵ فەشەل



مەحمود ڕەزا

ئاخۆ ئەقڵ و سیاسەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار فاشیل بوون لە ئیدارەدانی هەرێمی کوردستاندا یان سەرکەوتو؟ پرسیارێکە ڕەنگە سەدان هەزار جار لەلایەن خەڵک و لەلایەن نوخبەو تەنانەت لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبەوە کرابێ و، بەشێوەی جۆراو جۆر وەڵامدرابێتەوە.

مرۆڤ بۆئەوەی بزانێ کارێک کە ئەیکا تیایا سەرکەوتوە یان سەرنەکەوتو، ئەبێ پێوەرێکی هەبێ بۆ پێوانی سەرکەوتن و ژێرکەوتن. ئەگەر نا، وەڵام هەرچی بێ، جۆرێکە لە رمڵ لێدان.

بەحوکمی ئەوەی ئابوری لە هەمو وڵاتیک و هەمو ساتێکدا یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان بۆ هەڵسەنگاندنی سەرکەوتن و ژێر کەوتنی هەر دەسەڵاتێک، لەم وتارەدا پەنا بۆ میعیارەکانی پرۆژەیەکی ئابوریی سەرکەوتو ئەبەین، تا لەسەرەتاوە ڕۆشن بێ، مەبەستمان لە سەرکەوتن و ژێرکەوتن چییە.

وەکو تێکڕای دانیشتوانی هەرێمەکەمان ئاگادارن، دەسەڵاتدارانی کورد لە هەرێمی کوردستان چ لە زەمانی دوو ئیدارەیی و چ لەو زەمانەوە کە خۆیان پێی ئەڵێن حکومەتی یەکگرتو و، خەڵک و نوخبەش تا ئێستا بە دوو ئیدارەی ئەبینن، ڕەنگە دەیان هەزار پرۆژەی جۆراو جۆری گەورەو بچوک، گرنگ و نا گرنگ، «ستراتیجی» و نا ستراتیجی یان کردبێتەوە... بەشێکیان تەواو کردون و بەشێکیشیان ئاسەواریان دیار نیە.

قسەی ئێمە لەسەر بەشە نادیار و تەواو نەکراوەکە نیە، لەسەر ئەو بەشەیەتی کە تەواو کراون و هەندێکیان دەسەڵات، دەیان ئەوەندەی بایەخ و قەوارەی پرۆژەکە، گەورەی پیشانداون.

بۆئەوەی ڕۆشنی بکەینەوە تەواو بوەکانیان چەند سەرکەوتو بون، ئەبێ پێوەرەکانی سەرکەوتن بزانین. هەر پرۆژەیەکی ئابوریی تەواوکراو، بۆ ئەوەی پێی بوترێ سەرکەوتو، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیا بێ:

– ئەبێ بە میزاجی شەخسیی کەسێک، سەرکردەیەک یان حیزبێک بڕیار لە دروستکردنی نەدرابێ، بەڵکو دیراسەی جەدوای ئابوری بۆ کرابێ و، بۆ ئەو ئان و ساتەی پرۆژەکەی تیا دەست پێ ئەکرێ، هیچ شتێکی تر لەو سودمەندتر نەبێ بۆ کۆمەڵ و وڵات. واتە ئەبێ لەسەر بناغەی ئەولەویەت بڕیار لەسەر دروستکردنی درابێ.

– ئەبێ ئەو کاتەی لەسەرەتاوە بۆ تەواوکردنی دانراوە، تێی نەپەڕێنێ. ئەبێ پێش تەواوبونی کاتی دیاریکراو، یان لەکاتی دیاریکراوا، یاخود ئەو پەڕەکەی بەماوەیەکی زۆر کورت دوای بەسەرچونی وادەی خۆی، تەواو ببێ.

– ئەبێ ئەو پارەیەی لەیەکەمجارا بۆی دائەنرێ، پێی تەواو بکرێ. ئەوەی ئێستا لە عێراق و کوردستان کاری پێ ئەکرێ، پرۆژەیەک ئەگەر زیاتر لە ڕێژەی ٧٪ ی بڕی ئەسڵیی پارەکەی بۆ زیاد کرا، یەکێک لە سیفەتەکانی سەرکەوتن ئەدۆڕێنێ.

– ئەبێ کوالیتی بەرز بێ و ئەو تەمەنەی لە کاتی جەدوای ئابوریدا بۆ پرۆژەکە دیاری ئەکرێ، لەوە زیاتر بەرگە بگرێ.

ئێستا، ئەگەر بێتو ئەو چوار مەرجە لەسەر تێکڕای پرۆژەکانی هەردوو ئیدارەکە، لەماوەی تەواوی دەسەڵاتیاندا جێبەجی بکەین، لەو دەیان هەزار پرۆژەیەی حکومەتی هەرێم، بە گەورەو بچوک، کەم بایەخ و بایەخدار، «ستریاتیجی» و ناستراتیجی یانەوە، لەم پەڕ بۆ ئەو پەڕی کوردستاندا، بەقەدەر ژمارەی پەنجەکانی دەستێک، پرۆژەی سەرکەوتو نابینینەوە.

دەسەڵاتێک و ئەقڵێکی سیاسی، نەیتوانی بێ لە ماوەی ١٨ ساڵ تەمەنی خۆیدا چەند پرۆژەیەکی ستراتیجیی سەرکوتوو پێشکەشی گەل و وڵاتەکەی خۆی بکا، بەڵام دەیان هەزار پرۆژەی وەهمی، فاشیل و گرانبەهاو بێ ئەولەویەتی دروست کردبێ و ملیاردها دۆلاری لە سامانی گشتی بەفیڕۆ دابێ، بە چییا ئەنازێ وا ئەم هەمو منەتە بەسەر خەڵکی کوردستان دا ئەکا؟

ئەوەی لە ١٨ ساڵی ڕابردودا لە کوردستان ڕویداوە، لە ملیۆنا یەکی ئەوە لە وڵاتێکی دیمۆکراتی دا ڕوویبدایە، دەسەڵاتداران بە تۆمەتی بەفیڕۆدانی سامانی گشتی ئەدران بە دادگا.

ئەگەر ئەوە بەهرەی دەسەڵاتدارانی هەرێم بوبێ لە ڕوی ئابورییەوە، ئەوا ئەدای سیاسی دەسەڵاتداران ئەگەر لە ئەدای ئابورییان فاشیل تر نەبوبێ، باشتر نەبوە. بۆیە لەو شوێنەی دەسەڵات نەیتوانی تەزویر بکا، لە دوا هەڵبژاردندا دەنگدەر لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە سزای دا.

دەسەڵاتداران، ڕەنگ و دەنگ و ئایدیاو ئایدیۆلوجیا و ئینتیمای ئەتنی و نیشتمانی یان هەرچییەک بێ، ئەگەر خۆیان ڕانەهێنن لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە لەسەر کارو ئەدای باش پاداشت و، لەسەر گەندەڵی و ئەدای خراپی ئابوری و سیاسی سزا بدرێن، نابێ چاوەڕێ نەبن، لە چرکە ساتێکدا خەڵک ئافەرۆزو نەفرەت یان بکا.










چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩